٧
رۆژنامە
www.rozhnama.com
رۆژنامەیەکی رۆژانەیە گۆڤاریای وشە دەربیدەکات
ژمارە 520 سێشەممە 28/ 7/ 2009 نرخ 500 دینار No.520 Tue 28/ 7/ 2009

بەیاننامەی لیستی گۆڕان سەبارەت بە گرژیی و ئاڵۆزییەکانی شەوی ٢٠٠٩/٧/٢٦ لە هەولێر و دهۆک

ل٣

نیویۆرک تایمز:

ئۆپۆزسیۆن عەرشی گەندەڵیی لەرزاند

رۆژنامە

سەرکەوتنی رێژەیی لیستی گۆڕانو بوونی ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا، بووەتە جێی سەرنجی میدیای جیهانیی، بەڵام بڵاوکراوەکان زیاتر تیشک دەخەنە سەر مەسەلەی سەرکەوتنی رێژەیی لیستی گۆڕان، بەشێوەیەک رۆژنامەیەکی وەک نیویۆرک تایمز، کە یەکێکە لە هەرە بەناوبانگترین رۆژنامەکانی جیهان، لەماوەی (٢٤) سەعاتدا لە سێ راپۆرتدا باس لەوە دەکات، کە ئۆپۆزسیۆن «عەرشی گەندەڵیی لەرزاند»و هەڵبژاردن «پەلامارێک بوو بۆ سەر پاوانخوازیی»، ئەوەی میدیای جیهانیی لەسەری هاوڕایە بریتییە لەوەی «بوونی گەندەڵیی» بووەتە هۆی دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن، بەشێوەیەک رۆژنامەیەکی وەک کریستیان ساینس مۆنیتەر «نوکتە» دەربارەی گەندەڵیی لە کوردستان دەکات.

دەنگدانەوەی میدیایی لە ل٦دا بخوێنەوە

تاڵەبانی، لێپرسراوی مەڵبەندی کۆیەی لەپۆستەکەی لابرد

سبەی

بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆیە، دوای سەرکەوتنی لیستی گۆڕان لەوشارە لە بەرامبەر لیستی کوردستانی، جەلال تاڵەبانی، سکرتێری گشتیی یەکێتی بەتەلەفۆن عەلی شێخ محەمەد سالح، لێپرسراوی مەڵبەندی کۆیەی لەپۆستەکەی دەرکردووە.

هەروەها سەرچاوەیەک لەمەڵبەندی کۆیەی یەکێتی هەواڵەکەی بۆ ماڵپەڕی سبەی پشتڕاستکردەوەو وتی: «تاڵەبانی لەبەرامبەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکە، لەهەریەک لە لێپرسراوی مەڵبەندو سەرۆکی شارەوانیو قایمقامی کۆیە تووڕەیە».

بەگوێرەی ئەنجامە سەرەتاییەکان، لیستی گۆڕان توانیویەتی زۆرینەی دەنگی دەنگدەرانی کۆیە بەدەستبهێنێت، ئەوەش سەرکردایەتی یەکێتی نیگەرانکردووەو بەو هۆیەوە شێخ عەلی، کە بڕازای تاڵەبانییە لە پۆستەکەی لاداوە، کە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠٠٦ی رێکخستنەکانی یەکێتی بووەتە لێپرسراوی مەڵبەندی کۆیە.

چاودێران: کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن سەربەخۆ نەبوو

ل٥

ژنان رەخنە لە سووکایەتیپێکردنیان دەگرن، لە میدیای کوردیدا

رۆژنامە

لە بەیاننامەیەکدا کە ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمو پەرلەمانو حکومەتو لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە کراوە، گروپی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسی مێینە رەخنە لە «سووکایەتیکردن» دەگرن کە لە میدیای کوردیدا بەرامبەریان دەکرێتو دەڵێن: «میدیای کوردیو پیاوانی بەناو رۆژنامەنووسو نووسەری کورد زیاتر کێشەکانی ژنانیان قوڵکردووەتەوەو بوونەتە هۆکارێک بۆ کوشتنی ژنان لە پەنای زەقکردنەوەی کلتووری ناموسپارێزیی».

لە بەشێکی دیکەی بەیاننامەکەدا کە دوێنێ بڵاوکرایەوە هاتووە «لەماوەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردندا کە ژنان کرابوونە چەکی تەشهیرکردنی ئەم قەوارەو ئەو حیزبو زۆر ژن کرانە قوربانیی ئەم ململانێیەو هەموو لایەنە پەیوەندارەکانیش دوور یان نزیک لەم حاڵەتانە ئاگادارو بێدەنگن، لە سەروو هەموشیانەوە رێکخراو و سەنتەرەکانی ژنانو ئافرەتان، کە زۆرجار خودی ئەندامانی ئەوان قوربانیی ئەم کارە نامرۆییانەن.

دەقی بەیاننامەکە لە ل(٤)دایە



پەیامێکی گرنگ لە نەوشیروان مستەفاوە

پەیامی لیستی گۆڕان سەبارەت بە گرژی و ئاڵۆزییەکانی شەوی ٢٠٠٩/٧/٢٦ لە هەولێر و دهۆک

بۆ بەرێزان:
- **بانگی مۆن، سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان،**
- **نوێنەری رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە عێراق (یونامی)،**
- **باڵوێزانی ئەمەریکا، بریتانیا و فرەنسا،**
- **نوێنەرایەتی یەکێتی ئەورووپا لە عێراق،**
- **ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراق،**
- **نوری مالکی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵی،**
- **ئەیاد سامەرائی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق،**
- **تێکڕای نوێنەرایەتی و کۆنسولخانەکانی وڵاتانی بیانی لە هەولێر،**
- **فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن لە عێراق،**
- **رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشنال،**
- **رێکخراوی کارتەر بۆ کاروباری هەڵبژاردن و**
- **رێکخراوی مافی مرۆڤی سەربە رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە جنێف**

خەڵکی کوردستان بە پەرۆشەوە چاوەڕێی رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٥ بون تا لە هەڵبژاردنێکی ئازادو خاوێندا دەنگ بدەن بە پارلەمان و سەرۆکی هەرێم. هەمومان چاوەڕێ بوین بە هەڵبژاردنێکی ئازاد و پاک و بێ گزی، هەرێمی کوردستان لە لیستی رەش بێتە دەرێ کە بەهۆی هەڵبژاردنی گشتیی ساڵی ٢٠٠٥ وە رەش کرابو. بەداخەوە لەدوای سەعات ٣ پاش نیوەڕۆی ٢٠٠٩/٧/٢٥ لە شارەکانی هەولێر و دهۆک لیستی دەسەڵات بە شێوەیەکی سیستماتیک و بەرفراوان تەزویری دەست پێکرد بەمەبەستی بەرگرتن لە دۆڕان. ئەم هەنگاوە نادیموکراتیە بەتەواوی ئەنجامی هەڵبژاردنەکەی بە سودی لیستی دەسەڵات گۆڕی.

رۆژی ٢٠٠٩/٧/٢٦ سەعات نۆی شەو بەبیانوی ئاهەنگ گێڕانەوە دەزگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە حیزبی و پاراستن و هێزی چەکدار پەلاماری بنکەکانی گۆڕانیان دا لە شارەکانی هەولێر و دهۆک، هەندێکیان داگیرکرد و ئەوانی تریان دانە بەر دەستڕێژی گولە. لە شاری دهۆک لەوە زیاتر کراو چونە سەر ماڵی گۆڕانخوازەکانو ئیهانەیان کردن. لەوانە ماڵی کاندیدی لیستی گۆڕان لە دهۆک (عەبدوڵواحد یاسین سەعید) کە بەناچاری بۆ پاراستنی ژیانی خۆی و منداڵی سەعات چواری سەرلەبەیانی ٢٠٠٩/٧/٢٧ شاری دهۆکیان بەجێهێشت و پەنایان بۆ شاری سلێمانی هێنا. لەو دوو شارە چواردەوری ئۆفیسی کەناڵی تەلەفزیۆنی KNN یان گرت و بۆ ئیستیفزاز تەقەیان کرد بەسەر ئۆفیسەکەدا.

هەتا نوسینی ئەم بەیاننامەیە حیزبی ناوبراو بەردەوامە لە گوشار و ئیستیفزازکردنی کەسانی سەربە لیستی گۆڕان و لایەنە بەرهەڵستکارەکانی ترو کەشێکی نائارام و ترسناکی لەو دوو پارێزگایەدا دروستکردوە.

ئێمە ئۆبالی ئەو گرژییە دەخەینە ئەستۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و حوکمەتو وەزارەتی ناوخۆ کە ئەوان دەبێ پارێزەری سەروماڵ و ئازادییەکانی خەڵک بن.

لیستی گۆڕان بە هەمو رێگاکانی گفتوگۆ و بەشێوەی یاسایی هەوڵی خۆی دەدات کە ئارامیی بارودۆخەکە بپارێزێت. هەر ئاشوب و گرژییەکیش لە کوردستاندا روبدات ئۆبالی بە پلەی یەکەم لەئەستۆی سەرۆکی هەرێمدایە.

بەم بۆنەیەوە داواتان لێ ئەکەین کە بەپەلە گوشاری پێویست بخەنە سەر دەسەڵاتدارانی کوردستان بۆ خاوکردنەوەی ئەو گرژییەی هێزەکانی پارتی دروستیانکردوە، هەروەها گوشاری پێویستیش بخەنە سەر کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان لە عێراق، بۆ بەتاڵکردنەوەی دەنگە تەزویرکراوەکان.

تێبینی: پارتی لە هەولێر و دهۆک بە نزیکەی ١٠ ئوسلوب تەزویری کردوە. بۆ هەر ئوسلوبێک بەڵگەو شکاتمان تومارکردوە.

سەرۆکی لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنی پارلەمانی کوردستان
نەوشیروان مستەفا ئەمین
٢٠٠٩/٧/٢٧

ـــک داگیرسێنن

ـــی چەکو گوللەو شەڕە

ساختەکارییە زۆرەش لە هەولێرو دهۆک نەکرایە، ئەوا بەدڵنیاییەوە لیستی گۆڕان وەک سلێمانی ئەنجامی باشی دەبوو، بەڵام بەو تەزویراتە دووبارە پرۆسەکەیان لەکەدارکردو ئەزموونی دیموکراسی ئەم هەرێمەیان خستەوە ژێر پرسیارەوە».

وتیشی: «دوای ئەو هەموو ساختەکارییە لەدوای بانگەشەیان بەسەرکەوتن هەمان شێوازی کۆنەپەرستانەیان دووپاتکردەوە بە تەقەکردنو خەڵک بریندارکردن».

بە بڕوای کۆسْتان ئەنجامدانی ئەو شێوازە بۆ پیشاندانی خۆشیی لەلایەن لایەنگرانی لیستی کوردستانییەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەرکەوتنەی لیستی گۆڕان کە بەدەستهێناوە کە ئەگەر پارتیو یەکێتی لەیەکتر جیابکرێنەوە ئەوا لیستی گۆڕان بەقەد هەریەکەیانی بەدەستهێناوە، «کە لە ماوەی تەنیا (٢) مانگدا بەقەدەر بارستایی هەریەک لە یەکێتیو پارتی دەنگی بەدەستهێناوە، ئەمەش زۆر زەحمەتە لەلایەن یەکێتیو پارتییەوە قبوڵ بکرێت، بەڵام لیستی گۆڕان سووڕە لەسەر ئەوەی هێمنی هەرێمەکەی بپارێزێت.

کۆسْتان ئاماژەشی بەوەکرد «لایەنگرانی لیستی کوردستانی پەروەردەی نەریتێکن کە هەرگیز دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیان قبوڵ نییە».

ئەحمەد میرە، سەرنووسەری گۆڤاری لڤین دەڵێت: «دەبوایە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار پرسەیان بگێڕایە نەک ئاهەنگ، چونکە لیستی کوردستانی دەیەوێت لەڕێی گزیکردنەوە شەرعیەت بدات بەخۆیو بانگەشە بکات کە هەڵبژاردنی بردووەتەوە، دەربڕینی خۆشیی بە تەقەکردن لە هیستیریاو تێکچوونی باری دەروونییەوەیە».

سەرنووسەری گۆڤاری لڤین ئەوەیشی بەبیرهێنایەوە کە «لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا لە راگەیاندنەکانی پارتیدا هێرش دەکرایە سەر سومعەی لایەنگرانی گۆڕان کە گوایە ئەو ئاهەنگەی بۆ لیستی گۆڕان دەکرێت فەوزایە، بەڵام بەپێچەوانەوە سەلماندیان کە ئەوان خەڵکانی شارستانینو ئەوەی رێگەی نامەدەنی دەگرێتە بەر لایەنگرانی لیستی کوردستانین، نەک خەڵکی سلێمانی».

ئەحمەد میرە پێیوایە، کە تەقەکردن نەریتێکی دواکەوتووەو ئەوە دەردەخات کە حیزبە کوردییەکان وەک سەردەمی شاخ بیردەکەنەوە، وتیشی: «ئاهەنگگێڕان بە چەک گوزارشتکردن نییە لە سەرکەوتن ئەوەندەی ئیهانەکردنە بە خەڵک، کە دەنگی بە لیستو قەوارەکانی دەرەوەی دەسەڵات دا، کە ئەمە ئاماژەیەک بوو بەوەی خەڵکی ئەم ناوچەیە ویستێکی هەبووە بۆ ئەوەی قەوارەیەکی دیکە لە هەڵبژاردندا ببیاتەوە».

هاوکات هەڵوێستی تەقەکردنی بە «هیستیریاو تێکچوونی باری دەروونیی زانیو وتی: «ئەگەر کەسێک لەشاردا بژیو لەگەڵ گەمەی دیموکراسیدا ئاشنابێت، پشت بە تەقەکردن نابەستێت، چونکە ئەوە لاساییکردنەوەی مۆدێلی سەردەمی بەعسە کە بە تەقەکردن سەرکەوتنە ساختەکارییەکانی خۆی نیشاندەدا».

شێرکۆ بێکەس:

سەرکردایەتی سیاسی کورد جەختیان لەوەکردووەتەوە کە یەکتری قبوڵدەکەین، دیموکراسیانە ڕەفتار لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەکەین، ئەم دیاردەی تەقەکردنە دژایەتیو پێچەوانەی ئەو بەڵێنەی ئەوانە

دیاردەی تەقەکردن هەر پاساوێکی هەبێتو لەبەر هەر هۆیەک بێت دیاردەیەکی ناشارستانیو نایاساییەو دژی ئاهەنگو کەرنەڤاڵی هەڵبژاردنو ئارامیو دڵنیایی خەڵکە، ئەمە جگەلەوەی لەم کاتەدا بەداخەوە ڕووی ناشیرینی ئێمە بەبێ هیچ دەمامکێ پیشانی دونیا دەدات، بێگومان بەرپرسیارێتی هەرە گەورەیش ئەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانو هێزەکانی پۆلیسو ئاسایش، ئەمە جگەلەوەی کە چەندینجار سەرکردایەتی سیاسی کورد، هەر هەموویان جەختیان لەسەر ئەوە کردووەتەوە، کە لەم هەڵبژاردنەداو لە قبوڵکردنی سەرئەنجامی هەڵبژاردندا دیموکراسیانەو شارستانیانە ڕەفتار لەگەڵ بارودۆخەکەدا بکەن، کەواتە ئەم دیاردەی تەقەکردنە لەهەمانکاتدا پێچەوانەو دژی ئەو بەڵێنیو تەئکیدە زۆرانەی ئەوانیشە.

خۆینی هاوڵاتیان خۆینی دیموکراسیشە، خۆینی ئاشتیو خۆشەویستیو تەبایشە، بۆیە بەهەدەردانی واتە بەفیڕۆدانی سەرمایەی هەرە پیرۆزی کوردستانیشە، من بەڵای خۆمەوە ئیدانەی ئەم کاروکردەوە ناشارستانیو نادیموکراسییە ئەکەمو داوا دەکەم دەزگا بەرپرسەکانی حکومەت لێپێچینەوەیان هەبێتو لەڕێی قانونەوە سزای سەرپێچیکەران بدەن. تێکدانی ئاهەنگو خۆشیی خەڵک تێکدانی باری سەقامگیری ئاشتییەو ئەگەر بەزوویی بەپیر چارەسەرکردنیەوە نەچین لەوانەیە سەرئەنجامی زۆر ناخۆشتری لێبکەوێتەوە. هیوادارم باسکردن لە دیموکراسی هەر بە دەم نەبێو لە مەیدانی کارو ژیاندا ڕەنگبداتەوە.

شێرکۆ بێکەس
٢٠٠٩/٧/٢٧



بەیاننامەی لیستی گۆڕان سەبارەت بە گرژی و ئاڵۆزییەکانی شەوی ٢٠٠٩/٧/٢٦ لە هەولێرو دهۆک

هاوواڵتیانی بەڕێز!

گۆڕانخوازان و دیموکراسخوازانی کوردستان!

وەکو ئاگادارن، پاش چاوەڕوانییەکی درێژ بۆ هەڵبژاردنێکی تەندروست، ڕۆژی شەممە، ٢٠٠٩/٧/٢٥ خەڵکی تینوی ئازادی و دیموکراسی کوردستان رویان کردە ناوەندەکانی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان.

ئێمەو ئێوەو چاودێرانی بیانی و سیاسی لە ناوخۆو دەرەوەی وڵات و ئاژانسەکانی دنیاش چاوەڕێ بوون دەسەڵات کەش و هەوایەکی ئازاد، ئارام و بێ گزی و تەزویر فەراهەم بکات. هەموولایەکمان بە ئومێدبوین دەسەڵاتدارانی هەرێم لەبەرخاتری چەند کورسییەکی پەرلەمان جارێکی تر هەرێمی کوردستان نەخەنەوە ناو لیستی ڕەشەوە، ئابڕووی خۆیان و هەرێمەکەمان نەبەنەوە، بەداخەوە خۆیان پێ ڕانەگیراو بێ سنور تەزویریان کرد.

بەشایەتی گشت لایەک پرۆسیسی هەڵبژاردن هەتا سەعات دەوروبەری سێی پاش نیوەڕۆ بەباشی بەڕێوەچووە. بەڵام پاش ئەوەی لیستی دەسەڵات هەستی بە شکستی لیستەکەی کرد، لەسەر دوو ئاست کەوتنە هەوڵ و جموجۆڵی گوماناوی بۆ گۆڕینی ژمارەکان. لەلایەک لیستی دەسەڵات یەک سەعات ماوەی هەڵبژاردنی بە کۆمسیۆنی باڵا درێژکردەوە، لەلایەکی ترەوە بەشیوەیەکی زۆر سیستماتیک پارتی دیموکراتی کوردستان کە یەکێکە لەلایەنەکانی لیستی دەسەڵات، لەناو هەولێرو دهۆک و زۆربەی ناوچەکانی ئەم دوو پارێزگایە کەوتە تەزویرکردن. جۆرەکانی تەزویرکردن، وەکو: دەنگدان بە قافڵە، دەنگدان بەناوی مردووەوە، دەنگدان بەناوی کەسانێکەوە کە لەکوردستان ناژین، دەنگدان بەبێ ناسنامە، دەنگدان بە ناسنامەی نادروست، دەنگدانی دووبارەو چەندبارە، پرکردنەوەی کارتی دەنگدان و فرێدانی بۆ ناو سندوقەکانی دەنگدان، خراپ بەکارهێنانی فۆرمی ژمارە ١١١ و جۆری تری تەزویر، بە بەرفراوانی ئەنجامدراون.

بەگوێرەی ڕاپۆرتی چاودێرانی ناودەوڵەتی، تەزویر لە هەولێرو دهۆک و ناوچەکانیان بێ ئەندازەو بێ شەرمانە ئەنجامدراوە، بە جۆرێک ڕێژەی دەنگدان لەو دوو پارێزگایە کە لەئاستێکی نزمدا بون، لەماوەی دوو- سێ سەعاتی کۆتایی دەنگداندا بەڕێژەی زیاتر ٣٠٪ لە هەولێر و بە ڕێژەی زیاتر ٤٠٪ لە دهۆک بەرزبۆتەوە.

سەرەڕای ئەو هەموو تەزویرو هەڕەشەو ترساندن و چاوسورکردنەوەیە، لیستی گۆڕان توانی چ لەناو ناوەندی پارێزگای سلێمانی، چ لە سەرتاسەری پارێزگاکەو چ لە هەندێک قەزاو ناحیەی گرنگی هەولێر، وەکو کۆیە بۆ نمونە، بەڕێژەی زۆر بەرز لە هەردوو حیزبی دەسەڵاتی بباتەوە. ئەمە بوە هۆی ئەوەی لیستی دەسەڵات هەوڵبدات تەنانەت لەدوای جیاکردنەوەی دەنگەکان و لەدوای جێگیرکردنی ژمارە سەرەتاییەکانیش دەسکاری ئەنجامی هەڵبژاردن بکات.

لیستی دەسەڵات، بەتایبەتی پارتی، پاش ئەوەی توانی بە تەزویرێکی بێ سنورو ئاشکرا ژمارە سەرەتاییەکان بە قازانجی کاندیدی لیستەکەی بۆ سەرۆکی هەرێم و بۆ لیستی کوردستانی بگۆڕێ، دوێنێ، ٢٠٠٩/٧/٢٦ لە دەوروبەری سەعات نۆی شەودا لە ڕێگەی سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمەوە بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە تیایا ڕایگەیاند کە سەرۆکی هەرێم بە ڕێژەیەکی بەرز لە رکابەرەکەی، دکتۆر کەمال میرواەلی بردۆتەوە. دوا بەدوای ئەو ڕاگەیاندنە، هێزی میلیشیای پارتی و ڕێکخستنەکانی و پۆلیس و ئاسایش و زێرەڤانی پارتی دەستیان کردوە بە تەقەی خۆشی و لەناو شاری هەولێردا ئاژارمییان دروستکردوە، نزیکەی ٢٠ هاوڵاتی بەتەقەی خۆشی بریندارو هاوڵاتییەکیش بەناوی هاشم جەمیل کە برای هونەرمەند قەرەنی جەمیلە بە تەقەی خۆشی شەهید بوە.

هاوزەمان بە گوێرەی پلانێکی داڕێژراو پارتی ڕێکخستنەکانی خۆیو میلیشیاکانی هاناوە بۆ ئیستیفزازکردنی پشتیوانانی لیستی گۆڕان و پەلاماردانی ئۆفیسەکانی لیستەکەمان لە هەولێر. بەوشێوەیە لە سەعات نۆونیوی دوێنێ شەوەوە هێزو میلیشیاو ڕێکخستنەکانی پەلاماری ئۆفیسی سەرەکی گۆڕان، بارەگای سەرەکی تەلەفزیۆنی KNN لە گەڕەکی ٩٤، ئۆفیسی سەرەکی KNN لە سۆران و پەلاماری ئۆفیسی باداوای لیستی گۆڕانیان داوە، تەقەیان بەسەر ئۆفیسەکانیاندا کردوەو سوکایەتییان پێکردون، لە باداوا هێزێکی بیست کەسیی زێرەڤانی دەرگای ئۆفیسەکەیان شکاندوە، چوونەتە ژوورەوەو پاسەوانەکەیان ئیهانە کردوە. هەروەها لە هەولێرو دهۆک پەلاماری بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامیو کۆمەڵی ئیسلامیشیان داوە.

هەر لە دهۆک، لە سەعات دوازدەی نیوەشەوەوە هەتا سەعات چواری دەمەوبەیان، ڕێکخستنەکانی پارتی، بەهەمان دەستوری هەولێر پەلاماری ئۆفیسی سەرەکی لیستی گۆڕان و ئۆفیسی سەرەکی تەلەفزیۆنی KNN و پەلاماری ماڵی بەڕێز عەبدولواحد یاسین سەعید، کاندیدی لیستی گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان یان داوە، دەرگایان شکاندون و لەکاتێکدا کە خۆی لەماڵ نەبوە، بەردبارانی ماڵەکەی و ژن و منداڵەکەیان کردوەو ناچارکراوە بۆ پاراستنی گیانی ماڵو منداڵەکەی پەنا بۆ شاری سلێمانی بەرن... لە ڕۆژانی ڕابردوو ژمارەیەک کادری چالاکی لیستی گۆڕانیش لە ناوچەی بادینان لەلایەن دەزگاکانی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە هەڕەشەی کوشتنیان لێکراوە. پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆش لە ناحیەی کەلەکچین چوونەتە سەر ماڵی بەڕێز بەرزان ئیسماعیل جەمیل و دەوری ماڵیان گرتوە.

ئێمە هەمو ئەم گرژییانە بە کاری سیستماتیکی پارتی ئەزانین بۆیە بەرپرسیاریی پاراستنی ژیانی تێکڕای کاندیدەکان، پشتیوانانی لیستی گۆڕانو تێکدانی ئارامی ئەو دوو شارەی کوردستانیش ئەخەینە ئەستۆی سەرۆکی هەرێم و ئەستۆی حوکمەتی هەرێمو وەزارەتی ناوخۆو داوا لە بەڕێزیشتان ئەکەین بەزویی تەدەخول بکەن بۆ ناچارکردنی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان تا ژیانی پشتیوانانی لیستی گۆڕان و ئارامی هەرێمەکە بپارێزن.

هەر بەم بۆنەیەوە داوا لە پشتیوانان و دۆستانی لیستی گۆڕان دەکەین کە ئارامی باردۆخەکە بپارێزن، چونکە لیستی گۆڕان بۆ پاراستنی مافەکانی خۆی و ئیرادەی دەنگدەرانی کوردستان، ئەوەندەی ممکن بێ، بەردەوام دەبێ لەسەر ڕێبازی دیالۆگ و دبلۆماسی بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەنجامی تەزویرکردن.

جێگای خۆیەتی سەبارەت بە ڕۆڵی ئیجابی هێزەکانی ئاسایش، پۆلیس و پێشمەرگە لە سنوری پارێزگای سلێمانی و دروستنەکردنی گرژی و بەشداری نەکردنیان لە تەزویرکردنی ئیرادەی خەڵک، بەناوی لیستی گۆڕانەوە سوپاسیان بکەین و داوایان لێ ئەکەین هەتا سەر ڕۆڵەی گەلو نیشتمانەکەیان بن.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش دڵنیا ئەکەین کە ناوەڕۆکی ئەم بەیاننامەیەمان داوە بەم لایەنانەی خوارەوە:

- **بانکی مۆن، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان،**
- **نوێنەری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە عێراق (یونامی)،**
- **باڵیۆزانی ئەمەریکا، بریتانیا و فەرەنسا**
- **نوێنەرایەتی یەکێتی ئەوروپا لە عێراق،**
- **ئەندامانی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی عێراق،**
- **نوری مالکی، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵی،**
- **ئەیاد سامەرائی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق،**
- **تێکڕای نوێنەرایەتی و کۆنسولخانەکانی وڵاتانی بیانی لە هەولێر،**
- **فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمیسێۆنی باڵای هەڵبژاردن لە عێراق،**
- **ڕێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشنال،**
- **ڕێکخراوی کارتەر بۆ کاروباری هەڵبژاردن ،**
- **ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەربە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان لە جنێف و**
- **ئاژانسەکانی ڕۆژنامەنوسی دنیا**

لیستی گۆڕان بۆ هەڵبژاردنەکانی پارلەمانی کوردستان
٢٠٠٩/٧/٢٧

چەکەکان زامنبکەن، مۆمێ تەقەکردن، زیندووکردنەوەی عەقڵییەتە

شارا عەبدولڕەحمان

دوای ئەوەی لیستەکەی پارتی‌و یەکێتی پێش کۆمسیۆن کەوتن‌و سەرکەوتنی خۆیان راگەیاند، لایەنگرانی ئەو لیستە لە شاری هەولێر بە تەقەکردن گوزارشتیان لە خۆشیی خۆیان کرد، بەو هۆیەشەوە ژمارەیەک هاوڵاتی شەهیدو برینداربوون، کە ئەمە ناڕەزایی لەناو نووسەران‌و ڕۆشنبیران‌و ڕۆژنامەنووساندا دروستکردو ئاماژە بەوە دەکەن کە «تائێستا دوو حیزبی دەسەڵاتدار فێری شێوازی ئاشتییانەی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆخەکاندا نەبوون».

شەوی (٧/٢٥) دوای ئەوەی پرۆسەی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان‌و سەرۆکی هەرێم کۆتایی پێهات، بەپێی ئەنجامە بەراییەکان لیستی گۆڕان ژمارەیەکی زۆر لە دەنگەکانی بەدەستهێنابوو، بەتایبەت لە شاری سلێمانی، بەوهۆیەشەوە دانیشتووانی شاری سلێمانی‌و هەواداری ئەو لیستە چوونە سەر شەقامەکان‌و بە هەڵپەڕکێو هەڵکردنی ئاڵای گۆڕان‌و بەخشینەوەی شیرینی‌و نوقڵەوە گوزارشتیان لە خۆشیی‌و سەرکەوتنی خۆیان کرد، هاوکات هەر شەوی دواترو دوای ئەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ئاماژەیان بە سەرکەوتنی لیستی کوردستانی‌و مەسعود بارزانی کرد، لە شاری هەولێر بووبە تەقەو لایەنگرانی ئەو لیستە بەشێوەیەکی ناشارستانیانە ڕژانە سەر شەقامەکان‌و تەقەی خۆشییان کرد، تا کار گەیشتە ئەوەی کە ژمارەیەک هاوڵاتی شەهیدو بریندار‌بوون کە ئافرەتیشیان لەنێودایە.

بە بڕوای سەردار قادر، نووسەر، پێویستە لایەنگرانی لیستە بەشدار‌بووەکان بە دەرئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ڕازیبن‌و لەژێر کاریگەریی‌و بانگەشەی حیزبەکاندا بێنە دەرەوە، هەروەک دەڵێت: دەبێت تاکی کوردی لەوە تێبگات، کە پرۆسەی دەنگدان جگە لەوەی ئەرکە، مافیشە، لەبەر ئەوە حەق وایە کە لایەنگرانی لیستەکان کە دەنگیان بە نوێنەرەکانیان داوە دوایش بە دەرئەنجامەکانی ڕازیبن‌و لەژێر ئەقڵییەتی حیزب‌و بانگەشەی حیزب بێنە دەرێ، بەڵام بە پێچەوانەوە «هاوڵاتیان ئەوەندەی وابەستەی بانگەشەی سەرانی لیستەکانن، ئەوەندە ئیحترام لە ئیرادەی خۆیان ناگرن».

ئەو نووسەرە ئاماژە بەوە دەکات، کە پرۆسەی هەڵبژاردن لە کۆمەڵگەی کوردیدا نەبووەتە کلتووریک کە بردنەوەو دۆڕاندن تێیدا بە ئەقڵییەتی دیموکراسی وەربگیرێت، بەڵکو «لە ئەقڵییەتی حیزبە کوردییەکاندا هەڵبژاردن جۆرێکە لە ململانێی سیاسی‌و شەڕی نێوان لایەنەکان»، هەروەک بەپێویستی دەزانێت دەسەڵات کار بۆ ئەوەو بکات کە نەریتی تەقەکردن بگۆڕێت‌و لە کاتی سەرکەوتنەکاندا بە گوڵو بە نوقڵ گوزارشت لە خۆشیی خۆی بکات، بەڵام بەداخەوە لە کوردستاندا هەندێک لایەن بە تەقەکردن گوزارشت لە خۆشیی خۆیان دەکەن، کە «ئەمە زیندووکردنەوەی عەقڵی چەکو گوللەو شەڕە».

کۆبوونەوەی ڕۆشنبیران لە لیستی گۆڕان وایکردووە کە زۆرینەی خەڵک چاوەڕوانی بەخشینەوەی نوقڵ لەو لیستە بکەن لەکاتی سەرکەوتنیدا.

نەبەز گۆران، ڕۆژنامەنووس، دەڵێت: «لیستی گۆڕان لیستێکە کە بەشێکی زۆری ڕۆشنبیرانی لە دەور کۆبووەتەوەو لیستێکە کە لەسەر مێژوو ناژی، بەڵکو ئومێدی بەئێستاو ئایندەیە»، ئەمەش وایکردووە کە لیستێکی هێمن بێت لەبری چەک، دەست بۆ نوقڵ قەڵەم ببات، لەبری گوللە، دەست بۆ نوقڵ ببات، بۆ ئەمەش لیستی گۆڕان پەندی لە مێژووی حیزبی کوردی وەرگرتووە کە بەردەوام بە تفەنگ گوزارشتی لە خۆشیی‌و ناخۆشییەکانی خۆی کردووە.

ئەو ڕۆژنامەنووسە سەبارەت بە هەڵوێستی لایەنگرانی لیستی کوردستانی‌و تەقەکردن بۆ گوزارشت لە خۆشییەکانیان، دەڵێت: ئەوەی کە لیستی کوردستانی دەیکات بەشێکە لە کلتووری حیزبی کوردی کە لە سالانی زووەوە پیادەی دەکات، ئەوەی لە هەولێر ڕوویدا بەشێکە لە عادەتی حیزبی کوردی کە جارێکی دیکە دووبارەی کردەوەو بۆ دەربڕینی خۆشیی تەقەی کردەوەو هەر وەک کاری (١٨) ساڵی ڕابردووی خۆی دەستیکردەوە بە ئازاردانی خەڵکی‌و «گەڕانەوە سەر ئەسڵی خۆیان»، کە ئەمە چارەسەری زۆر گرانەو «ناکرێت پیاوی دیوەخان فێری گۆرانی پۆپ بکرێت».

تەقەکردنی لایەنگرانی لیستی کوردستانی‌و نیشاندانی هەڵوێستی ناشارستانیانە، (بە وتەی خۆی) وتەبێژی لیستەکەشیانی نیگەرانکردووەو ناڕازییە لەو کارەیان.

سۆزان شەهاب هەرچەندە پێیوایە، کە هەر لایەنەو بەشێوازێک ئاهەنگی خۆشیی خۆی دەگێڕێت، بە ڕۆژنامەی وت: «شێوازی تەقەکردن لەکاتی خۆشی دەربڕیندا سەردەمی ڕابردوو کاری پێدەکرا، نەک ئێستا کە بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دەڕۆین».

بانگەشەکردن بۆ سەرکەوتنی لیستی کوردستانی‌و ئەنجامدانی خروقات‌و ساختەکارییەکی زۆر لەلایەن هەردوو حیزبی ناو ئەو لیستەوەو هاوکات خەڵک بریندارکردن لەلایەن لایەنگرانیانەوە نیگەرانییەکی زۆری لەناو هاوڵاتییاندا دروستکردووە.

کۆیستان‌محەمەدکاندیدی‌لیستی‌گۆڕان بۆ پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «وێڕای سەرکەوتنی لیستی گۆڕان لە سلێمانی، ئەگەر ئەو خروقات‌و

لووڵەی چەکەکان، نیشانە ڕاستەکانی دەنگدان دەسڕنەوە

ڕێبین فەتاح

لە یەکەم شەوی دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا، چەند دەستەیەکی چەکدار هەڵدەکوتنە سەر بارەگاو بنکە کاتییەکانی لیستە ڕکابەرەکانی لیستی دەسەڵات لە هەولێرو لە ئەنجامی تەقەکردنی چەکدارەکانیشەوە دوو کەس دەکوژن‌و زیاتر لە (٢٠) هاوڵاتی بریندار‌دەبن‌و ئۆبالی ئەو کرارە دەخەنە ئەستۆی دەسەڵاتبەدەستان.

گوللەکان چییان بە هەولێر کرد

نیوەشەوی (٢٦-٧/٢٧)، ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی سەر بە پارتی‌و چەکدارە لایەنگرەکانیان لە زۆرینەی گەڕەکەکانی شاری هەولێردا دەستیان بە تەقەکردن کرد. تەقەکردنەکە دوای ئەوە هات کە ڕاگەیاندنی پارتی لەسەر زاری سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە، پێش ئاشکراکردنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن، سەرکەوتنی لیستی دەسەڵات‌و کاندیدەکەی پارتی‌و یەکێتی بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم ڕاگەیاند.

لە ئەنجامی تەقەکردنی ڕێکخراوەکانی سەر بە پارتی‌و چەکدارە لایەنگرەکانیان لە شاری هەولێرو دەوروبەریدا، بەپێی چەند سەرچاوەیەکی نافەرمی زیاتر لە (٢٠) کەس لە هاوڵاتیانی شارەکە بریندار‌بوون‌و دووانی دیکەش گیانیان لەدەستدا. ئەمەش پشێویی‌و ئاڵۆزییەکی زۆری لە نەخۆشخانەکانی شارەکەدا بەتایبەت نەخۆشخانەی فریاکەوتن دروستکردو ترسێکی زۆری لەسەر دانیشتووانی هەولێر جێهێشت.

هەر هەمان شەو لە شارۆچکەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتیدا، بەهەمان شێوە دەست بە تەقەکراو ژمارەیەک قوربانیی لێکەوتەوە. بەپێی زانیارییەکان تەنیا لە سۆران پێنج هاوڵاتی کە سیانیان پیاو و دووانیان ئافرەتن، بریندار‌بوون‌و گەنجێکیش بەناوی (حەمید هەینی) گیانی لەدەستدا.

ئەگەرچی بە ماوەیەک دوای دەستپێکردنی تەقەکان، ڕاگەیاندنی پارتی ڕاگەیاندنێکی وەزارەتی ناوخۆی بڵاوکردەوە، کە تیایدا «ڕێزو سوپاسی هەستی نیشتمانپەروەرانەی هاوڵاتییانی کوردستان‌و بەتایبەت دانیشتووانی هەولێر دەکات»، داوایان لێدەکات «تەقەی خۆشیی» ڕابگرن. لەگەڵ ئەوەشدا هاوڵاتییانی شارەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، کە هیچ لایەنێکی ئەمنی ڕێگریی لە چەکدارەکان نەکردووەو لە هەندێک لاشەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێت لایەنەکان خۆیان لە تەقەکردنەکەدا بەشدار‌بوون.

پەلاماردانی نووسینگەی کەی ئێن ئێن‌و گۆڕان

گروپ‌و دەستە چەکدارەکان هەر لە هەمان شەودا هەڵیانکوتایە سەر بنکە کاتییەکانی لیستی گۆڕان‌و نووسینگەکانی ڕۆژنامەی ڕۆژنامەو کەی ئێن ئێن لە شاری هەولێرو سۆراندا. پاسەوانەکانی نووسینگەی ڕۆژنامەو کەی ئێن ئێن لە هەولێر، ڕێگەیان بە چەکدارەکان نەداوە بێنە ناونووسینگەکە،ئەگەرچی‌تەقەیان‌بەسەردا کردوون، بەڵام لە سۆران چەکدارەکان هەڵیانکوتاوەتە سەر نووسینگەی کەی ئێن ئێن‌و بەهۆی تەقەکردن‌و بەرد بارانکردن، دەرگاو پەنجەرەکانی نووسینگەکەیان تێکشکاندووە.

هەر هەمان شەو، دەستەیەکی چەکدار پەلاماری بنکەی برایەتی لیستی گۆڕانیان داوەو زیانیان بە بنکەکە گەیاندووە. لە کۆمەڵگەی بنەسلاوەی سەر بە هەولێریش بەهەمانشێوە ژمارەیەک چەکدار پەلاماری بنکەی لیستی گۆڕانیان داوە، کە جگە لە زیانگەیاندن بە بارەگاو تالانکردنی کەلوپەلەکانی، کارمەندێکی بنکەکەش بریندارکراوە.

هەر لەهەمانکاتدا چەکدارەکان بەشێوەیەکی تووندڕەوانە پەلاماری سەرجەم ئالاو پۆستەرەکانی لیستی گۆڕانیان لە نزیک بارەگاکان داوەو سووتاندوویانە. بەڵام لە سەرجەم ئەو پەلاماردانانە هیچ کەسێکی سەر بە لیستی گۆڕان‌و ڕۆژنامەو کەی ئێن ئێن بریندار نەبوون.

لیژنەی بالای هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان لە هەولێر هەر دوێنێ ڕوونکردنەوەیەکی بڵاوکردووەتەوە، کە لە بەشێکیدا هاتووە، لە ماوەی پرۆسەی هەڵبژاردندا هاوڵاتییانی کوردستان بەگشتی‌و هەولێر بە تایبەتی بە گەرموگوڕییەکی زۆرەوە بەشداریەکی فراوانیان لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانکرد، لەم هەڵبژاردنەدا بەهۆی هەبوونی لیستی جیاوازو کێبڕکێی کارا لە بەرامبەر لیستی دەسەڵات، بووە مایەی ململانێیەکی سەخت لە هەڵبژاردنەکاندا، بەئومێدی بەدیهێنانی خەونی خۆیان. بە دامەزراوەکردنی کاروباری سیاسی، یاسایی‌و دیموکراتی لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بەداخەوە لە ڕۆژی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا کۆمەڵێک پێشێلکاریی زەق لەلایەن لیستی دەسەڵاتەوە لە پرۆسەکەدا ئەنجامدرا، سەرجەم‌پێشێلکارییەکان‌دەستنیشانکران‌و لە ڕێگەی سکاڵای یاساییەوە پێشکەش بە کۆمسیۆنی بالای هەڵبژاردنەکان کراوە. سەرەڕای هەموو ئەم ڕاستیانەش لە هەموو ئەو بنکانەی کە توانرا دەستتێوەردان‌و فرتوفێڵی تێدا کرا، لیستی گۆڕان دەسەڵاتدارانی تووشی سەرسوڕمان کرد. ئەمەش بە پشتیوانی دڵسۆزان‌و لایەنگران‌و هاوسۆزانی لیستی گۆڕان‌و گۆڕانخوازان بەدیهات.

لە بەشێکی دیکەدا ئاماژە بەوە کراوە «ئێمە لەو ماوەیەدا بە پابەندبوون بە ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن چەندین بنکەو بارەگای هەڵبژاردنمان لە گەڕەکو ئاواییەکانی شاری هەولێر کردەوە هەموو هەڵسوڕێنەرو چالاکوان‌و هەوادارانی لیستی گۆڕان بە پەڕۆشێکی زۆرەوە وزەو توانای خۆیان خستە خزمەت سەرخستنی پرۆسەکەو لیستی گۆڕان».

بۆیە لێرەوە بەپێویستی دەزانین ڕێزو ستایشی گەرمان ئاراستەی هەموو هاوڵاتییان‌و هەواداران‌و هاوسۆزانی لیستەکەمان بکەین‌لە شارەکەماندا‌و پێشیان ڕابگەیەنین، کە بە باشمانزانی بەشێک لە بنکەو بارەگاکانی لیستی گۆڕان لە شاری هەولێر دابخەین،لە بەرامبەردا بۆ ڕاییکردنی کاروبارەکان چەند نووسینگەیەکی سەرەکی بۆ کاندیدەکانی لیستی گۆڕان لە شاری هەولێرو دەوروبەری بکەینەوەو خەڵکی کوردستانیش دڵنیادەکەینەوە کە هەمیشە وەفاداری ئاوات‌و ئامانجی ئەوان‌و پەیام‌و بەرنامەکانی لیستی گۆڕان دەبین‌و بزووتنەوەی گۆڕانیش لەپێناو بەدیهێنانی پەیام‌و بەرنامەکانی بەردەوام دەبێت.

پەلاماردانی بارەگاکانی یەکگرتوو و کۆمەڵ

هەر لەو شەوەدا بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی‌و بارەگای مەکتەبی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی تەقەیان بەسەردا کراوەو ئیستفزاز کراون، بەڵام هیچ زیانێکی گیانیی لەو ڕووداوە نەکەوتووەتەوە.



هەر دوێنێ مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامیی بەیاننامەیەکیان بۆ ئیدانەکردنی ئەو کارەی بەرامبەریان ئەنجامدرا دەرکردو تیایدا دەسەڵاتو لایەنگرانی لیستی کوردستانی تۆمەتبار دەکەن بە ئەنجامدانی کارەکە. لە بەیاننامەکەدا هاتووە: دوای ئەوەی کاتژمێر (١)ی شەو بۆ ماوەیەک چەند ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە نەفەرو بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو لە بەردەمی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامیی لە هەولێر کەوتنە هۆرین لێدان‌و ئیستفزازکردنی ئەوان، دواتر لە سەعات (٣)ی شەو بۆ ماوەی (٢٠) خولەک، زۆر ناشارستانیانەو دوور لە هەموو بەهایەکی بەرزی کوردانە، چەند جارێک بە بەردەم بارەگای‌مەکتەبی‌ئەمیری‌کۆمەڵی‌ئیسلامیی بە هوتافکێشان‌و هەراسانکردنی خەڵک هاتوچۆیان دەکردو کەوتنە تەقەکردن بە ئاسمانداو. هەر لەو بەیاننامەیەدا هاتووە، کە «ئێمە لەکاتێکدا ئەو هەڵوێستە بەرنامە بۆ داڕێژراوە لەلایەن دەسەڵاتەوە لە هەولێر، ئیدانەو مەحکوم دەکەین‌و بەکارێکی نادیموکراتی‌و دوور لە جوامێریی دەزانین‌و بە گێرەشوێن‌و تێکدەری لە قەڵەمدەدەین‌و ئەو کارە ناشیرینەش دوابەدوای ئەوە دێت، کە ئێمە ڕەخنەمان گرتووە لەو هەموو تەزویرو فرت‌و فێڵو ساختەیەی لە هەڵبژاردنەکاندا کراوە، کە بە ئەرکێکی شەرعیی‌و یاسایی خۆمان زانیوەو مایەی ناشیرینکردنی ئەزموونەکەمان بووە».

چاودێرێکی نێودەوڵەتیی:
کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن سەربەخۆ نەبوو

بەرهەم عومەر

بەشێک لە چاودێرە نێودەوڵەتییەکانی هەڵبژاردنی کوردستان، پرۆسەی دەنگدان بە هەنگاوێک بەرەو بەدیموکراسیبوون دەناسێنن، بەڵام کەموکوڕیی و نا ئامادەیی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن بە کەموکوڕ دەزانـــن و بـــەڕێـــوەبـــەری ڕێـکـخـراوی کانگا لە بەریتانیا دەڵێت: «بەداخەوە، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن سەربەخۆ نەبوو لە سەرپەرشتیکردنی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکاندا».

دوێنێ (٧/٢٧) کۆمەڵێک لە چاودێرانی نێودەوڵەتی لە هۆڵی سلێمانی پالاس، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییان سازکردو تێیدا باسیان لـەو ڕاپۆرتانە کـرد، کە ئـامـادەیـانـکـردووە لـەسـەر پرۆسەی هەڵبژاردن لە کوردستاندا.

عـەدنـان شـاسـوار، بـەڕێـوەبـەری ڕێکخراوی کانگا لە بەریتانیا، ئاماژەی بەوەکرد، کە بەهۆی بوونی ئۆپۆزسیۆنو هێزی ڕکابەر لە هەڵبژاردنەکاندا، پرۆسەکە زۆر لایەنی گەشی هەبوو، بەڵام «بەداخەوە، کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان سەربەخۆ نەبووەو ئامادەکاریی بۆ پرۆسەی دەنگدان نەکردبوو».

عـەدنـان ئـەوەشـی خـسـتـەڕوو، کە زیـادکـردنـی کاتژمێری کۆتایی هیچ پاساوێکی نەبووە، لەوە دەچوو پیلانێکی پێشوەخت بێتو ڕێکخرابێت، چونکە ژمارەی دەنگدەران لە بنکەکاندا ئەوەندە زۆر نەبوو، کە پێویست بکات کاتەکەی بۆ زیاد بکرێتو هیچ جەنجاڵییو قەرەباڵغییەک بەسەر بنکەکانەوە نەبووە.

هەروەها عەدنان شاسوار ڕایگەیاند: دەنـگـدەری کـورد سوکایەتی پێکرا، بەوپێیەی سەلامەتیی دەنگدەر بوونی نەبوو، بەرپرسان بە پاسەوانەوە دەچوونە بنکەکانو چەکیان پێ بـووە، هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسانەی پیرو پەککەوتە بوون، هاتبوون بۆ دەنگدان، بەڵام ناویان نەبوو، کارمەندەکانی کۆمسیۆنیش وەکو پێویست وەڵامی نەدەدانەوە.

بەڕێوەبەری ڕێکخراوی کانگا ئەوەشی خستەڕوو، کە دەبێت کۆمسیۆن وەڵامی ئەوە بداتەوە کە ئەو ژمارە زۆرەی کارتی زەرد چی بوو بە پەلە ئامادەیانکرد؟ چونکە کارئاسانیی زۆری کرد لە هەولێر، کە دەشێت لایەنێکی سیاسیو ئەندامی ڕکابەری هەڵبژاردن دەسەڵاتی بەسەر ئەو شوێنانەدا هەبووبێتو بە ئارەزووی خۆیان ساختەیان تێدا دەکرد.

لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەدا جەبار ئەمین، لـە پـارتـی ســەوزی سویدی، ڕایگەیاند: پێدەچێت (٨٠٪)ی خەڵک بەویستی خۆی بەشداریی کردبێت، بەڵام ئاماژەی بەوەشکرد کە لە (١٠) بنکە بە چاوی خۆمان دیومانە کە خروقات کراوە لە هەولێرو دەورپشتیو وتی: «بۆ ڕای گشتیی ڕادەگەیەنین کە مرەکەبی دەنگدان دەشـۆرایـەوەو دەتـوانـرا بۆ مەبەستی ساختەکاریی بەکاربهێنرێت».

سەرجەم بەشداربووانی کۆنفرانسەکە جەختیان لەسەر ئەوەکردەوە، کە لەدوای کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەڕۆ خروقاتەکان دەستپێکردووەو خەڵک لـەدوای ئەو کاتژمێرەوە بە وروووژم دەڕۆیشتن بۆ دەنگدان.

جەبار ئەمین وتی: «ئێمە لە هەولێر چاودێرەکانمان تێبینی ئەوەیانکردووە، کە لەدوای (٤)ی پاش نیوەڕۆ لەناوجەرگەی هەولێردا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک بە لێشاو دەچوونە بنکەکان بۆئەوەی دەنگی زیادە بدەنو لە هەمانکاتدا ناویان نەبوو».

ئەو ئەندامەی پارتی سەوزی سویدی ڕایگەیاند: ئێمە ڕاپۆرتێکمان نووسیوەو ناردوومانە بۆ پارتی سەوزی سویدیو پەرلەمانی ئەوروپاو سویدو لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی پرۆسەکە ئاگادارمان کردوونەتەوە.

یەکێکی دیکەلەچاودێرەنێودەوڵەتییەکان بەچاوی خۆی بینیویەتی کە کەسێک لەبری کەسێکی دیکە دەنگیداوەو مەرەکەبیش بە پەنجەیەوە بووە.

ڕێبوار حەسەن، چاودێری نێودەڵەتیو ئەندامی شـارەوانـی ستۆکهۆڵم، وتی: «ئێمە هاتبووینەوە کە ڕووی جوانی هەڵبژاردنەکانی کوردستان بگوێزینەوە بۆ ڕای گشتیی جیهان، بەڵام تێبینی زۆرمان لەسەر هەڵبژاردنەکە هەیە».

ڕێبوار باسی لەوەکرد، کە لە یەکێک لە بنکەکانی هەولێر دەنگدەرێک داوای ناسنامەمان لێکرد، ناوی (ئارام ئەحمەد) بوو، بەڵام لە شوێنێکی دیکە ناوی (ئەحمەد خزر) بوو، دەنگەکەشی دا، هەروەها لە قوتابخانەی کوردستان، نزیکەی (١٧٩) کەس ناویان بە دەستنووس زیادکرابوو لە لیستی ئەو کەسانەی دەنگەدەدن.

ئەندامەکەی شارەوانیی سوید ئاماژەی بەوە کرد، کە لەناو هۆڵەکانی دەنگداندا بەرپرسی ناوچەو کادیری حیزبییان بـەدیـکـردووە، ئەمەشی بەپێچەوانەی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردن وەسفکرد.

هیوا کاردۆیی، نوێنەری کۆمەڵەی سۆسیال دیموکرات لە یۆتۆبۆری، باسی لـەوە کـرد: کە لە سلێمانیدا بانگەشەی هەڵبژاردن زۆر بەهێزبووەو دەکرا ڕێژەی بەشداریی بەرزتربێت لە شارەکانی دیکە، بـەڵام لە دەرەنجامە سەرەتاییەکاندا دەرکـەوتـووە کە لە سلێمانیدا (٧٦,٥٪) دەنگدەرەکان بەشداریان کـردووەو لە دهـۆکو هەولێر (٧٩-٨٦٪)و جێگەی پرسیاری ئێمەی چاودێرەکان بووە.

هیوا هەروەها ئاماژەی بەوەشکرد، کە بەپێی ئەو ئامارەی لەبەردەستماندا بووە تا کاتژمێر (٥,٣٠) ڕێژەی بەشداریی دەنگدەران (٥٠-٦٠٪) بووە، بەڵام نازانرێت چۆن بەو پەلەییە ئامارەکە (٢٠-٣٠٪)ی خەڵک دەنگیداوە؟

هەروەها ئازاد عەزیز ماوەتی چاودێری سۆسیال دیموکرات، باسی لەوەکرد، کە لەیەکێک لە بەدواداچوونەکانیاندا دەرکەوتووە، کە لە هەولێر فۆرمی خۆراک بۆ دەنگدەران ئامادە دەکرا بۆ ئەوەی خەڵک بتوانێت بە خێرایی دەنگ بدات.



خەڵک تەقەکردنی بۆ خۆشیش قبوولْ نییە

ئا: نیان مەجیدو سۆکار عەبدوڵڵا



پەڕێز جەمال

پەڕێز جەمال، (٣٨) ساڵ، کچی ماڵەوە: تەقەکردن بۆ دەربڕینی هەستی خۆشی، دیاردەیەکی شارستانیی نییەو کوشتنو بڕینی لێدەبێتەوەو دەبێتەهۆی لێقەومانی خەڵکو دروستبوونی ناخۆشیی لەناو خێزانەکاندا، بەپێچەوانەوە خۆشییەکە دەبێتەهۆی ناخۆشیی، بەڵام دەربڕینی خۆشیی کە بەبلاوکردنەوەی شیرینی خەندەی سەرلێوان بێت: ئەوا هیچ ناخۆشییەکی بەدواوە نابێت.



یوسف عەلی کەریم

یوسف عەلی کەریم، وەرگێڕی یاسایی لە پارێزگای سلێمانی، پێیوایە: تەقەکردن ئەنجامی چەند کەسانێکی تێنەگەیشتووەو ئێمە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ تەقەکردن نیین، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ ڕای خۆی بەشێوەیەکی ئازادانەو ڕۆشنبیرانە دەربڕێت بەبێ نانەوەی هیچ کێشەیەک.



ئەمیرە نامیق

ئەمیرە نامیق (٤٩) ساڵ، ژنی ماڵەوە، پێیوابوو؛ دەربڕینی هەستی خۆشیی خەڵک بۆ هەڵبژاردنەکان، دەبێت بەشێوازێکی مەدەنیانە بێت، بۆئەوەی هیچ دیاردەیەکی ناشارستانیو ناخۆشی لێنەکەوێتەوەو بەدڵێکی فراوانەوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوولْ بکات، وتیشی: «تەقەکردن گەڕانەوەیە بۆ دواوەو هیچی دیکە نییە».



ریاز محەمەد

ریاز محەمەد، بەڕێوەبەری بەش، (٣٢) ساڵ، پێیوایە؛ دەربڕینی خۆشی بە تەقەکردنو شەڕەچەقۆ کارێکی نەشیاوەو سوود بەکەس ناگەیەنێت، بەڵام ئەگەر ئەو دەربڕینە بە بەخشینی نوقڵو چکلێت گوزارشتی لێبکرێت شێوازێکی جوانترە.



کامەران نامیق

کامەران نامیق، کاسبکار، (٣٦) ساڵ، وتی: «من پێمخۆشە دەربڕینەکان بە بلاوکردنەوەی نوقڵو چکلێت بێت، چونکە باوی تەقەکردن نەماوەو ئەو پێشێلکاریانەش کە کراوە دیاردەیەکی ناشرینەو هیچ بنەمایەکی دیموکراسیەت ناهێلێت».



ئارام مەحمود

ئارام مەحمود، خوێندکار (٢٣) ساڵ، پێیوایە؛ لایەنی نێگەتیڤی ئەم دیاردەی تەقەکردنە ئەوەبوو، کە ئەم شێوازەیان بەکاردەهێنا بۆ ترساندنی لایەنێکی دیکە، ئەگەر هەر کەسێک تەقەش دەکات بۆ خۆشیی خۆی بەهەرحاڵ، بەڵام ئەگەر بچێت تەقە بەسەر بارەگایەکی حیزبێکدا بکات بەناوی خۆشییەوە ئەوە زۆر کارێکی ناشارستانیانەیەو ئەم دیاردەیە لەساڵی (١٩٩٤)دا دەکرا ئێستا بۆ دووبارە دەبێتەوە، ئەمە هەموو ڕۆشنبیرییەکەیانە؟

روونکردنەوە

بەڕێز: سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

ئێمە لە رۆژنامەی رۆژنامەو کەناڵی KNN بەپێویستی دەزانین بەڕێزتان لەو پێشێلکارییانە ئاگادار بکەینەوە، کە لە شەوی (٢٦/٢٧-٧-٢٠٠٩) لەلایەن چەند چەکدارێکەوە بە بەرچاوی هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیس بەرامبەر نووسینگەکانمان لە شاری هەولێرو سۆران ئەنجامدرا.

لە کاتژمێر (١٢)ی شەو تا کاژمێر (٥)ی بەیانی بەپلانێکی بەرنامە بۆ دارێژراو زیاتر لە پەنجا ئۆتۆمبێل‌و چوار سەد کەسی گێرەشوێن لە بەردەم بارەگاکانمان تەقەیان کردووەو جنێوی ناشیرینیان بە کەناڵەکانمان داوەو هەوڵی هێرشکردنە سەر بارەگاکانمانیان داوە.

ئەمە لە کاتێکدا هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیس‌و زێرەڤانی لەبەردەم بارەگاکەمان بوون‌و ئەو کەسانە هەموویان بە جلوبەرگی مەدەنییەوە چەکی بێ مۆڵەتیان پێبووەو تەقەیان کردووەو هێزە ئەمنییەکانیش هیچ کەسێک لەوانەی دەستگیرنەکردووە، کە پێشێلی یاسایان کردووەو چەکی بێ مۆڵەتیان پێبووە.

ئێمە لە کاتێکدا ئیدانەی ئەم کردەوە تیرۆرستییە دەکەین کە بەرامبەرمان ئەنجامدراوەو داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە بە ئەرکی خۆتان هەڵبستن‌و هەڵوێستێکی روونتان لە بەرامبەر ئەو پێشێلکارییانە هەبێت، ئەم کارەی خەڵکی گێرەشوێن‌و کەمتەرخەمییەکانی هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیس لە بەرامبەر دەستگیر نەکردنی گێرەشوێنان بە هەڕەشەیەکی جدی‌و گەورە دەزانین بۆ کاری رۆژنامەنووسیمان لە شاری هەولێر، بە تایبەت کە سەرۆکی لێژنەی باڵای پاراستنی هەرێم بەڵێنی ئەوەیدا، کە هێزەکانیان بێلایەن دەبن لە کاتی بوونی کێشەدا، بەڵام ئەوەی جێگەی داخ بوو ئەو هێزانە بە ئەرکی خۆیان هەڵنەستان‌و نەیانویست ئەو کەسە گێرەشوێنانە دەستگیر بکەن، ئەمەش لایەنداری هێزە چەکدارەکانی هەرێم دەردەخات.

هەڵوێستان لەبارەی ئەو پێشێلکارییە ترسناکەی کە بەرامبەر بە بارەگای رۆژنامەی رۆژنامەو کەناڵی ئاسمانی KNN کرا لە شەوی رابردوو، جێگەی بایەخی ئێمەیەو هانی بەردەوامیمان دەدات لە کارە رۆژنامەنووسییەکانمان لەو شارە، لە کۆتاییدا چاوەڕێی هەڵویستی جدی ئێوە دەکەین.

نووسینگەی هەولێری رۆژنامەی رۆژنامەو کەناڵی ئاسمانی KNN
٢٠٠٩/٧/٢٧

بەیاننامەی لیستی گۆڕان لەبارەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستانەوە

وەک هەمووتان دەزانن پێویستیی‌و خواستی خەڵکی کوردستان بۆ گۆڕان لە سیستمی حوکمڕانی‌و بۆ بەرقەرارکردنی ئازادیی‌و یەکسانی‌و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی‌و سەروەریی یاسا، بزووتنەوەی گۆڕانی هێنایە ناوجەرگەی ململانێی سیاسییەوە لە کوردستان.

بەوپێیەی کە بزووتنەوەی گۆڕان، بزووتنەوەیەکی نوێ‌و تاکە سەرچاوەی دەرامەت‌و کۆمەکیشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە، لیستی هاوپەیمانی هەردوو حیزبی دەسەڵاتداری کوردستان گرەویان لەسەر ئەوە دەکرد کە لیستی گۆڕان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان‌و لە باشترین حاڵەتدا (٢ تا ٣) کورسی زیاتر بەدەستناهێنێت. ئەوان لەو حساباتەیاندا مەغرور بوون، بەو هەموو ئیمکانیاتە مادی‌و حیزبی‌و حکومی‌و سەربازی‌و ئەو هەموو دەزگا راگەیاندنانەی کە هەیان بوو، پێشیانوابوو کە بەشداریی هەریەک لە سەرۆک کۆماری عێراق‌و جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق‌و سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی حکومەتی هەرێم‌و چەندین بەرپرسی دیکەی حکومی‌و حیزبی لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنداو لە هەمان کاتیشدا ئەو کەشە دەروونییەی کە لەرێی پارە بەخشینەوەو ترس بڵاوکردنەوەوە دروستیان کردبوو بواری بەهاتنەپێشەوەی بزووتنەوەیەکی نوێی گۆڕانخوازی لەو بابەتە نادات. بەڵام گۆڕان پشت بەخواو بەهیمەت‌و کۆمەک‌و بەشداریی لەخۆبووردوانەی جەماوەری گەلەکەمان توانی هەموو ئەو حساباتانەی ئەوان هەڵبوەشێنێتەوەو بەدەنگی بەهێزی ئێوە، هەڵبژاردنەکانی (٢٥)ی تەمموز، نەخشەی سیاسی لە کوردستاندا گۆڕی‌و گۆڕانی بردە قۆناغێکی باڵای واوە، کە پێشتر بە خەیاڵی شاعیرانە دەبینرا.

بە چەشنێکی وا کە گۆڕان نەک هەر لەسەر ئاستی کوردستان بەڵکو لەسەر ئاستی عێراق‌و ناوچەکەو دنیاش بایەخێکی میدیایی زۆری بەلای خۆیدا راکێشاو وەک دیاردەیەکی نوێی دڵخۆشکەر لە ناوچەکەدا مامەڵەی لەگەڵدا کرا.

هەرچەندە هێشتا دەنگەکان بەڕەسمیی لەیەکتری جیانەکراونەتەوە، بەڵام ئامارە ناڕەسمییە سەرەتاییەکان ئەوە دەردەخەن، کە لیستی گۆڕان سەرکەوتنی بێوێنەو بەرچاوی بەدەستهێناوە. لە ناوشاری سلێمانیدا لیستی گۆڕان بە تەنیا (٥١٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوە بەرامبەر (٣٩٪)ی هەموو ئەو دەنگانەی کە پارتی‌و یەکێتی پێکەوە بەدەستیان هێناوە.

لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانیش دیسان رادەی دەنگەکانی لیستی گۆڕان زۆر لەپێش ئەو دەنگانەن کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بەدەستیان هێناوە، بە ئەندازەیەکی وا کە لیستی گۆڕان لەسەر ئاستی هەموو پارێزگای سلێمانیدا لیستی یەکەم‌و لیستی براوەیە.

خۆئەگەر لەهەولێرو بادینانیش ساختەکاریی‌و تەزویری بێسنوور نەکرایە، ئەوا گومانی تێدا نەدەبوو لیستی گۆڕان لەسەر ئاستی هەموو کوردستان، لیستی یەکەم دەبوو، دیارە بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو ساختەکارییانەو گەیاندنی ناڕەزاییەکانی خۆمان هەموو کەناڵێکی یاسایی‌و رەوا دەگرینەبەر.

هاوڵاتیانی خۆشەویست..
پشتیوانانی لیستی گۆڕان..

ئەو سەرکەوتنەی لیستی گۆڕان لەو ماوە کەمەی تەمەنیدا بەدەستیهێناوە لەسەر ئاستی ناوچەکەو دنیاش بە دیاردەیەکی کەم وێنە لێکدەدرێتەوە. دیاردەیەکی کەم وێنەیە لەوەدا، کە بزووتنەوەیەکی نوێ بەرامبەر بەڕکەبەری لەم چەشنەو لە ماوەیەکی پێوانەیی ئەوەندە کورتی تەمەنیدا سەرکەوتنی ئاوا بەرچاو بەدەستدێنێت.

بۆیە ئێمە لە کاتێکدا سوپاس‌و پێزانینی خۆمان بۆ خەڵکی کوردستان بەگشتی‌و پشتیوانانی لیستی گۆڕان بەتایبەتی دەردەبڕین، پیرۆزبایی گەرمی ئەم سەرکەوتنەشتان لێدەکەین.

دڵنیاشتان دەکەین لەوەی کە بزووتنەوەی گۆڕان لەپێناو هێنانەدی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان‌و ئەو بەڵێنانەی کە داویەتی بەردەوام دەبێت‌و نوێنەرەکانیشتان لە پەرلەمانی کوردستاندا لە خەباتی نەپساوەدا دەبن لە پێناو بەدیهێنانی هەرچی زیاتری داخوازییەکانتانە. ئەو گۆڕانەش کە ئەمڕۆ بەرپابووە، بەهیمەت‌و بەشداریی‌و پاڵپشتی بەردەوامی ئێوە لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاو شارەوانییەکان‌و هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقدا، بەتین‌و تاوی زیاترەوە بەرەوپێش‌و سەرکەوتنی زیاتر دەچێت.

دووبارە سوپاس‌و پیرۆزباییمان
هەرسەرکەوتووبن.

روونکردنەوەیەک لە لیژنەی باڵای هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان لە هەولێر

لە ماوەی پرۆسەی هەڵبژاردندا هاوڵاتیانی کوردستان بەگشتی‌و هەولێر بەتایبەتی بە گەرموگوڕییەکی زۆرەوە بەشدارییەکی فراوانیان لە بەڕێوەچوونی پرۆسەی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا کرد.

لەم هەڵبژاردنەدا هەبوونی لیستی جیاوازو کێبڕکێی کارا لە بەرامبەر لیستی دەسەڵات، بووە مایەی ململانێیەکی سەخت لە هەڵبژاردنەکاندا، بە ئومێدی بەدیهێنانی خەونی خۆیان لە بە دامەزراوەییکردنی کاروباری سیاسی، یاسایی‌و دیموکراتی لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بەداخەوە لە رۆژی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا کۆمەڵێک پێشێلکاریی زەق لەلایەن لیستی دەسەڵاتەوە لە پرۆسەکەدا کرا، سەرجەم پێشێلکارییەکان دەست نیشانکراون‌و لەڕێگەی سکاڵای یاساییەوە پێشکەش بە کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان کراوە. سەرەڕای هەموو ئەم راستیانەش لە هەموو ئەو بنکانەی کە تواندراوە دەستتێوەردان‌و فرتوفێڵی تێدا بکرێت، لیستی گۆڕان دەسەڵاتدارانی تووشی سەر سوڕمان کرد ئەمەش بە پشتیوانی دڵسۆزان‌و لایەنگران‌و هاوسۆزانی لیستی گۆڕان‌و گۆڕانخوازان بە دیهات.

ئێمە لەو ماوەیەدا بە پابەند بوون بە رێنماییەکانی کۆمسیۆن چەندین بنکەو بارەگای هەڵبژاردنمان لە گەڕەک‌و چەند شوێنێکی شاری هەولێر کردەوە. هەموو هەڵسوڕێنەرو چالاکوان‌و هەوادارانی لیستی گۆڕان بە پەرۆشێکی زۆرەوە وزەو توانای خۆیان خستە خزمەتی سەر خستنی پرۆسەکەو لیستی گۆڕان.

بۆیە لێرەوە بەپێویستی دەزانین رێزو ستایشی گەرممان ئاراستەی هەموو هاوڵاتیان‌و هەوادارانو هاوسۆزانی لیستەکەمان لە شارەکەماندا بکەین، پێشیانڕابگەیەنین کە بە باشمانزانی بەشێک لە بنکەو بارەگاکانی لیستی گۆڕان لە شاری هەولێر دابخەین، لە بەرامبەرداو بۆ راییکردنی کاروبارەکان چەند نووسینگەیەکی سەرەکی بۆ کاندیدەکانی لیستی گۆڕان لە شاری هەولێرو دەوروبەری بکەینەوە. خەڵکی کوردستانیش دڵنیا دەکەینەوە کەوا هەمیشە وەفاداری ئاوات‌و ئامانجی ئەوان‌و پەیام‌و بەرنامەکانی لیستی گۆڕان دەبین‌و بزووتنەوەی گۆڕانیش لە پێناو بەدیهێنانی پەیام‌و بەرنامەکانی بەردەوام دەبێت.

هەر سەرکەوتووبن

روونکردنەوە

لە ژمارە (١٢)ی (بەرەو گۆران)دا رۆژی (٢٠٠٩/٧/٨) لاپەرە (٧) لە دیدارێکی من‌و رۆژنامەکەدا کە ناوی بەرێز حەمید قەڵادزێی وەک کادیری لقی(١١)ی (پ.د.ک) تیا هاتووە بۆ ئەوەی ئیشکالێک لە ناوەکەیدا دروست نەبێت ئەوبرا خۆشەویستە هاوکات حەمید قەڵادزێی شاعیر و رۆژنامەنووس و بەرپرسی سەنتەری (ئاسۆس)ە و شکۆی ئەوەی پێبراوە لە غەمی مندا بێت و خاوەنی چەندین وتاری بەپێزە وەک (پشیلەکەی) و (محەمەد عومەر) و (عەقڵی گرێدراوی پۆلیس) و یان وتاری (سەرۆکی حکومەت جارێکیش پاڵتۆکەت بەشانی محەمەد عومەر عوسمان)دا بدە.

لەگەل رێزما بۆ برای شاعیر و بۆ خوێنەراْن و رۆژنامەی(بەرەو گۆران).

محەمەد عومەر عوسمان

بەیاننامەی گروپی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسی مێینە دژی سووکایەتیکردن بە ژن لە میدیای کوردیدا

بەڕێزان:
- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان
- پەرلەمانی کوردستان
- حکوومەتی هەرێمی کوردستان
- وەزارەتی رۆشنبیری
- وەزارەتی مافی مرۆڤ
- وەزارەتی داد
- وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ژنان
- سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
- فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی جیهان
- مەکتەبی سیاسی حیزبە کوردستانییەکان
- بەڕێوەبەرێتی نەهێشتنی توندووتیژی دژ بە ئافرەتان
- سەرجەم رێکخراوەکانی ژنان‌و ئافرەتان
- سەرجەم کەناڵە راگەیاندنەکان
- سەرجەم رێکخراوە نێودەوڵەتی‌و ناوخۆییە پەیوەندیدارەکان

میدیاو ئەو کەسانەی لەم بوارەدا کاردەکەن لە سەرجەم کۆمەڵگە جیاجیاکانی جیهاندا، ئەرکیان بە جێگەیاندنی پەیام‌و ئامانج‌و پرەنسیپەکانی کاری رۆژنامەنووسییەو بەرپرسیارن لە ئاست پابەندبوونیان بە ئیتیکی رۆژنامەنووسی، کە هەموویان لە خزمەت بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەو زامنکردن‌و پاراستنی مافەکانی تاکدان، میدیایەکی ئاکتیڤیش بەرهەمهێنەری کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو ئازادو خۆشگوزەرانە، کە ئازادییە گشتی‌و تایبەتییەکان‌و دادوەری کۆمەڵایەتی‌و یەکسانی تێیدا فەراهەم بێت. بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لە هەندێک کەناڵ‌و ماڵپەڕو بڵاوکراوەی کوردی‌و ژمارەیەک بەناو رۆژنامەنووس‌و نووسەر دەبینرێت بەدەرە لە هەموو پرەنسیپ‌و ئەخلاقیاتێکی کاری رۆژنامەنووسی‌و بردنی کۆمەڵگەیە بەرەو هەڵدێرو پاشەکشەپێکردنییەتی بۆ سەردەمی نەزانی‌و زیندە بەچاڵکردنی نیوەی تاکەکانی کۆمەڵگە، وەک ئەوەی کاری میدیا زەقکردنەوەی کلتووری ناموسپارێزی بێت، تاکی مێینە کراوەتە ئامرازی ئابڕووبردن‌و شەڕی دەسەڵاتی پیاوان، بەئاستێک لە هەر رووبەڕووبوونەوەو ململانێییەکی ناشەرعی هەر تاقم گروپ‌و لایەنێکی سیاسی‌و تایبەتیدا ژن دەکرێتە چەکێک بۆ لایەن‌و کەسە نەیارەکانی ناو ململانێکەو بۆ لێدانی هەر کەسایەتییەک لە گەمە سیاسی‌و حیزبی‌و تایبەتییەکاندا جەستەی تاکی مێینە دەخرێتە سەر گۆڕەپانی گەمەکە، لە کاتێکدا دەبوو میدیای کوردی رۆڵی کارای هەبێت لە بەرجەستەکردنی مافەکانی ژنان‌و خستنە رووی پرس‌و کێشەکانیان بە مەبەستی کەمکردنەوەو زامنکردنیان بە تایبەت بەرەنگاربوونەوەی کلتووری جیاکاری رەگەزی‌و توندووتیژی دژ بە ژنان کە لەمڕۆدا مەترسی گەورەیە لەبەردەم چارەنووسی ژنان‌و سەدان ژن لە سایەی مانەوەو بەردەوامبوونی ئەم کلتوورەدا بوونەتە قوربانی، کەچی میدیای کوردی‌و پیاوانی بەناو رۆژنامەنووس‌و نووسەری کورد زیاتر کێشەکانی ژنانیان قوڵکردووەتەوەو بوونەتە هۆکارێک بۆ کوشتنی ژنان لە پەنای زەقکردنەوەی کلتووری ناموسپارێزی، بێ ئەوەی هیچ لایەنێکی پەیوەندار هەڵوێستێکی دژی ئەم کارە نامرۆییە دوور لە ئەخلاقیات‌و پرەنسیپەکانی کاری رۆژنامەنووسی‌و پرەنسیپەکانی مافی مرۆڤ هەبێت بە تایبەت دەسەڵاتی سیاسی کوردی چ پەرلەمان یاخود حکومەت، کە زۆرجار لە جیاتی رۆڵی ئیجابی رۆڵی سلبیان لە تەشەنەسەندنی ئەم دیاردە نامرۆییەدا هەیە، هەروەها سەندیکای رۆژنامەنووسان‌و وەزارەتی رۆشنبیری کە لایەنی راستەوخۆن لەم پرسەدا، هیچ جۆرە هەڵوێستێکی روونیان دژی ئەم ماڵپەڕو بڵاوکراوەو کۆلکە رۆژنامەنووس‌و نووسەرە بە کرێگرتانەیان نییە، بەتایبەت ئەوەی لە دوا ژمارەی گۆڤارێکی وەک بەڵگەدا بڵاوکراوەتەوەو هەموو ئەو بابەت‌و نووسینانەی کە لە هەندێک ماڵپەڕو بڵاوکراوەدا بڵاو کراونەتەوە، رۆژ بەڕۆژیش بە شێوازێکی زۆر نامرۆییانەتر لە رێی میدیاوە سووکایەتی بە کەرامەتی تاکی مێینە دەکرێت، بە تایبەت لە ماوەکانی هەڵمەتی هەڵبژاردندا، کە ژنان کرابوونە چەکی تەشهیرکردنی ئەم قەوارەو ئەو حیزب‌و زۆر ژن کرانە قوربانی ئەم ململانێیەو هەموو لایەنە پەیوەندارەکانیش دوور یا نزیک لەم حاڵەتانە ئاگادارو بێدەنگن، لە سەرو هەمووشیانەوە رێکخراو سەنتەرەکانی ژنان‌و ئافرەتان کە زۆرجار خودی ئەندامانی ئەوان قوربانی ئەم کارە نامرۆییانەن.

ئێمە وەک گروپی داکۆکیکردن لە مافی رۆژنامەنووسی مێینە وێڕای ئیدانەکردنی تووندی ئەم کارە نامرۆیی‌و قێزەوەنە. داوا لە گشت لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین رێوشوێنی توند بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە بگرنە بەرو سزای ئەو ماڵپەڕو بڵاوکراوەو کەسانە بدەن، کە ئەنجامدەری ئەم کارەن‌و هەوڵەکان بۆ ئەوە بخەنە گەڕ، کە چیدیکە ژنان ناموسی هیچ کەس‌و لایەنێک نەبن‌و سووکایەتی بە کەرامەتیان لە رێی جەستەیانەوە نەکرێت. هەروەها داواکارین بەڕێز داواکاری گشتی لە هەرێمی کوردستان داوای یاسایی لەسەر خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەری ئەو بڵاوکراوەو ماڵپەڕانە تۆمار بکات کە سووکایەتی بە کەرامەتی ژنان دەکەن.

گروپی داکۆکیکردن لە مافی
رۆژنامەنووسی مێینە
٢٠٠٩\٧\٢٧
هەولێر

دەنگدانەوەی میدیایی

ساختەکاریی، مۆتەکەی هەڵبژاردن

ئا: شالاو فەتاح

سەرکەوتنی ڕێژەیی لیستی گۆڕانو بوونی ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی هەرێمی کوردستاندا بوونەتە جێی سەرنجی میدیای جیهانیو قسەوباسی جیاوازیان لەبارەوە دەکرێت. ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز، کە یەکێکە لە هەرە بەناوبانگترین ڕۆژنامەکانی جیهان، لەماوەی (٢٤) سەعاتدا لە سێ ڕاپۆرتدا باس لەوە دەکات، کە ئۆپۆزسیۆن «عەرشی گەندەڵی لەرزاند»و هەڵبژاردن «پەلامارێک بوو بۆ سەر پاوانخوازی»، ئەوەی میدیای جیهانیی لەسەرێی هاوڕایە بریتییە لەوەی «بوونی گەندەڵی» لە هەرێمی کوردستان بووەتە هۆی دەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن، بەشێوەیەک ڕۆژنامەیەکی وەک کریستیان ساینس مۆنیتەر «نوکتە» دەربارەی گەندەڵی لە کوردستان دەکات.

سیاتڵ تایمزی ئەمریکی، بەوە دەستپێدەکات کە سەرکردایەتی کوردستان گەمارۆدراوە بە ئۆپۆزسیۆنێک کە چاوەڕوانی ئەو بەهێزییەیان لێنەدەکرد، بەشێوەیەک کە دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە ڕایانگەیاندووە، کە ڕووبەڕووی ڕکابەرییەکی زۆربەهێزبوونەتەوە بەهۆی لیستی گۆڕانەوە، ئەمەش دوای ئەوەی بەرپرسەکانی گۆڕان ڕایانگەیاندووە دوای ئەنجامە سەرەتاییەکان (٥١٪)ی دەنگەکانی شاری سلێمانییان بەدەستهێناوە. سیاتڵ تایمز لەزاری یەکێک لە چالاکوانەکانی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ئەم هەڵبژاردنە بە «مێژوویی» ناوەبات، چونکە دەسەڵاتی خستە «ئاستی بەرگریکردن»ەوە.

دواتر سیاتڵ تایمز دەنووسێت، «گۆڕان پاوانخوازیی دوو حیزبەکەی هێنایە لەرزە کە زۆرێک لە کوردەکان بە گەندەڵو ئۆتۆکرات ناویان دەبەن»، هەروەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پشتیوانی جەماوەریی گۆڕان ئەوە دەسەلمێنێت کە خەڵکی کوردستان گرنگی بە خۆشگوزەرانیو ئاسایش دەدەن، هەر ئەمەشە وادەکات دوای دەرکەوتنی ئەنجامە سەرەتاییەکان جەلال تاڵەبانی، سەرۆک کۆماری عێراق «بێزار ببێت»، لەبارەی باوکیەوە قوباد تاڵەبانی وتی: «ئەو دەیەوێت بزانێت چی ڕوویداوە؟». دواتر سیاتڵ تایمز بەباسکردنی نارەزاییەکانی خەڵکی کوردستانو وەرگرتنی ڕای چەند کەسێک کۆتایی بە ڕاپۆرتەکە دەهێنێت.

ڕۆژنامەی کریستیان ساینس مۆنیتەری ئەمریکی (سی ئێم ئێس)، لە ڕاپۆرتێکدا لەژێر ناونیشانی «گۆڕان هەڵمەتی بردە سەر حیزبە دەسەڵاتدارەکان» باس لە «سەرکەوتنی ڕێژەیی»، بەڵام «گەورە»ی لیستی گۆڕان دەکات. (سی ئێم ئێس) دەنووسێت «ئەم سەرکەوتنە ڕەنگدانەوەی ناڕازیبوونی خەڵکە لەبوونی گەندەڵی لە دامودەزگا ڕەسمییەکاندا». دواتر دەڵێت: «دوو پارتە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان ڕووبەڕووی ڕکابەرییەکی ناوخۆیی جدیی بوونەتەوە، ڕکابەرییەک کە دەتوانێت بااڵنسی هێز لە ناوچەکەدا بگۆڕێت».

پاشان دەربارەی ئەنجامە سەرەتاییەکانی هەڵبژاردنەکە (سی ئێس ئێم) دەنووسێتو ئەنجامەکانی لیستی گۆڕانیش بە «جەوهەریی» ناوەبات. دواتر دەربارەی ئەوە دەدوێت کە «گەندەڵی» لە ئەجێندای زۆرینەی دەنگدەرانی کوردستاندا بووەو ئاماژە بەوە دەدات کە هەرچەندە ئیدارەی ئۆباما زیاتر گرنگی بە کەمکردنەوەی تووندوتیژیی دەدات لەنێوان پێکهاتەکانی عێراقدا، بەاڵم کوردەکان لە ناوخۆدا زیاتر گرنگی بە نەهێشتنی گەندەڵی دەدەن، دواتر (سی ئێس ئێم) بەدرێژی سکااڵی هاوااڵتیان لەسەر گەندەڵی لە سیاسەتمەدارانەوە تا خاوەنی دووکانی کۆمپیوتەر وەردەگرێتو بۆ ڕوونکردنەوەی گەورەیی کێشەی گەندەڵیو وەاڵمدانەوەی پرسیاری بۆچی لیستی گۆڕان ئەو سەرکەوتنە گەورەیەی بەدەستهێناوە، ڕۆژنامەکە نوکتەیەک بااڵودەکاتەوە.

ڕۆژنامەی زی ئیندیپێندێنت، لە ڕاپۆرتێکدا دەنووسێت «ئۆپۆزسیۆن باکوورە هێمنەکەی عێراقی لەرزاند» باس لە هەڵبژاردنەکان دەکات. ڕۆژنامەکە نووسیویەتی «بەدەستهێنانی ئەنجامێکی گەورە بەتایبەت لە سلێمانی دەسەڵاتدارەکانی تووشی شۆک کردووە»، دواتر لەسەر زاری بەرپرسانی گۆڕانەوە باس لەوە دەکات «لە پارێزگاکانی هەولێرو دهۆکیش بوونی ساختەکاری وایکردووە کە ئەنجامی بەرز نەهێنن، چونکە لەدوای سەعات سێو نیوی پاشنیوەڕۆی ڕۆژی دەنگدان ساختەکاری دەستپێکردووە»، ڕۆژنامەکە ئەوە بەدوور نازانێت کە ئەگەر ساختەکارییەکان ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بگۆڕێت، جەماوەری گۆڕان بێنە سەر جادەکانو پرۆتێست دەستپێبکەن، زی ئیندیپێندێنت بە باسکردنی پاوانخوازیی دەسەاڵت لە عێراقدا کۆتایی بە ڕاپۆرتەکە دەهێنێت.

ئاژانسی هەواڵی فرانس پرێس (ئەی.ئێف.پی) لە ڕاپۆرتێکدا بە باسی بوونی ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا دەستپێدەکاتو لەسەر زاری شاهۆ سەعید، وتەبێژی لیستی گۆڕانەوە دەنووسێت «لە دوا سەعاتەکانی هەڵبژاردنەکاندا ساختەکارییەکی زۆر کراوە»، دواتر باس لەوە دەکات کە تۆڕی «شەمس»ی سەربەخۆ سکااڵ لەسەر جۆری ئەو مەرەکەبە دەکات کە دەنگدەران بەکاریانهێناوە، چونکە «بەئاسانی بەپەنجەوە نەدەماو کاریگەرییەکانی الدەبران». هۆگر چەتۆ، وتەبێژی تۆڕی شەمس دەڵێت: «نەیانهێشت چاودێران مۆبایل بەکاربهێنن ئەمەش وایکرد نەتوانین ڕاپۆرت دروستبکەین دەربارەی هەڵبژاردنەکان» دواتر (ئەی.ئێف.پی) بەباسی لیستی گۆڕانو دروستکردنی ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز لە پەرلەماندا کۆتایی بە ڕاپۆرتەکە دەهێنێت (ئەم ڕاپۆرتە لە ڕۆژنامەی فیلادەلفیا ئینکویرەریش وەک خۆی بااڵوکراوەتەوە).

لە ڕاپۆرتێکی جیاوازدا (ئەی.ئێف.پی) لەژێر ناونیشانی «ئۆپۆزسیۆن قەاڵی کورد عێراقییەکان دەگرێت» باس لە سەرکەوتنی لیستی گۆڕان دەکات لە هەڵبژاردنەکاندا باس لەوە دەکات کە لەدوای نیو سەدە کۆنترۆڵکردنی سیاسەتی کوردی، سەرەتا وەک چەکدارو دواتر وەک حوکمکار، بۆ یەکەمجار ئۆپۆزسیۆنی کوردستان توانی «ئەنجامێکی باش» بەدەستبهێنێت.

ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا (ڤی. ئۆ.ئەی) لە وێبسایتی ڕەسمیی خۆیو لە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە بوونی ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکانداو باس لەوە دەکات کە لەدوای نیو سەدە کۆنترۆڵکردنی سیاسەتی کوردی، سەرەتا وەک چەکدارو دواتر وەک حوکمکار، بۆ یەکەمجار ئۆپۆزسیۆنی کوردستان توانی «ئەنجامێکی باش» بەدەستبهێنێت.

ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا (ڤی. ئۆ.ئەی) لە وێبسایتی ڕەسمیی خۆیو لە ڕاپۆرتێکی تایبەت بە بوونی ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا، لەسەر زاری چەند بەرپرسێکی لیستی گۆڕانو هەروەها کاندیدایەکی سەرۆکایەتی هەرێم، (ڤی. ئۆ.ئەی) باس لەوە دەکات «لیستی گۆڕان باسی لە بوونی ساختەکاریو حاڵەتی نارێکخراوی هەڵبژاردنەکان دەکات»، دواتر باس لە ڕاپۆرتێکی تەلەفزیۆنی سۆمەریە دەکات لەبارەی فشارخستنە سەر هاوااڵتیان تا دەنگ بدەن بەلیستی دەسەاڵت، هەرچەندە بەرپرسانی لیستی دەسەاڵت نکۆڵی لە بوونی ئەو جۆرە کارانە دەکەن. دواتر (ڤی. ئۆ.ئەی) وتەکانی هەڵۆ ئیبراهیم ئەحمەد، کاندیدی سەرۆکایەتی هەرێم لەسەر بوونی ساختەکاریی لە هەڵبژاردنەکاندا وەردەگرێت کە لە تەلەفزیۆنی ئەلحورە بااڵویکردووەتەوە، هەڵۆ دەسەاڵت بە بەرپرسیار دەزانێت لە بوونی ئەو ساختەکاریانەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا کراون.

«ئەگەر ساختەکاریی نەکرایە، لیستی گۆڕان پلەی یەکەمی بەدەستدەهێنا»

ئا: محەمەد سالح حەمەاڵو

ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت لەزاری سەرچاوەیەکی لیستی گۆڕانەوە ئاماژە بەوەدەکات، هەرچەندە تائێستا ئەنجامی دەنگدانی تایبەت ڕانەگەیەنراوە، بەاڵم وا چاوەڕواندەکرێت دوای جیاکردنەوەی دەنگەکان، لیستی گۆڕان بەرامبەر دەنگەکانی لیستی کوردستانی بێتەوە.

ئەوسەرچاوەیە کە نەیویستووە ناوی ئاشکرابکات ئاماژە بەوەدەکات، ئەو زانیارییانەیان لەسەرچاوەی تایبەتەوە بەدەست گەیشتووە نەک کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان.

سەرچاوەیەکی دیکەش لە لیستی گۆڕان ئاماژە بەوەدەکات، کە لیستەکەیان لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی پلەی یەکەمی بەدەستهێناوەو لە هەولێر دووەمو لەدهۆکیش بەهۆی ئەو لێشاوی پێشێلکاریی و ساختەکارییەوە کە لەلایەن لیستی دەسەاڵتدارەوە لەچەندین ناوەندو وێستگەی هەڵبژاردندا کراوە، تائێستا کۆمسیۆن ئەنجامە بەڕاییەکانی ئەو پارێزگایەی ڕانەگەیاندووە.

وتیشی، چاوەڕواندەکرێت لیستی گۆڕان کە دەیان هەزارکادیرو تێکۆشەری دوور لەئینتیمای سیاسی لەخۆدەگرێت، زیاتر لە(٣٠) کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێتو ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش هەواداران و لایەنگرانی لیستەکە ڕوو لەزیادبوون دەکات، ئەوەش دوای ئەومتمانە گەورەیەدێت کە لەلایەن جەماوەرەوە بەدەستیهێنا.

ئەوسەرچاوەیە پێشیوابوو «ئەگەر ساختەکاریی و پێشێلکاریی نەکرایە، ئەوا لیستی گۆڕان لەسەرجەم ناوچەکانی هەرێمداپلەی یەکەمی بەدەستدەهێنا».

لای خۆشییەوە عەبدولڕەحمان خەلیفە، لێپرسراوی پەیوەندییە جەماوەرییەکانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند: «دواتر پرۆسەی تۆمارکردنی زانیاریو داتاکان لەگەڵ ژمارەی دەنگدەراندا لە بەغدا بەڕاورد دەکرێت، بۆئەوەی ئەگەر ساختەکارییەک بوونی هەبێت ڕێوشوێنی پێویست لەوبارەیەوە بگیرێتەبەر»، وتیشی، ڕاگەیاندنی ئەنجامەکان دوای تۆماری سکااڵی لیستو قەوارە سیاسییەکان دەبێت، چونکە ئەگەر پێویست بکات پێدەچێت دەنگی چەند بنکەیەک یاخود وێستگەیەکی دەنگدان هەڵبوەشێنرێتەوە.

دەربارەی سەرکەوتنی مەسعود بارزانی بەسەر ڕکابەرەکانیدا، کەمال میراودەلی کاندید بۆ سەرۆکی هەرێم ڕایگەیاند: «ناوی ئەو لەبەشێکی زۆری لیستی کاندیداکانی سەرۆکایەتی هەرێمدا نەبووە». ڕایگەیاندووە

سایتی ڕادیۆ سەوا لەسەر زاری بەرپرسێکی سەر بە لیستی گۆڕانەوە بااڵویکردووەتەوە کە لیستەکەیان لەپارێزگای سلێمانی (٥٠٪)ی دەنگەکانی بەدەستهێناوەو لەهەولێریش(٢٢٪). لەکۆی(١١١)کورسییەکەی پەرلەمانیش (٢٨)کورسییان بەدەستهێناوە.

فوئاد حسێن، سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: لیستی کوردستانی (٦٠٪)و بارزانیش (٧٠٪)ی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە، سەرچاوەکانیش لەهەرێمی کوردستانەوە باس لەوەدەکەن کەمال میراودەلی لەسلێمانی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە، سەرچاوەیەکیش لە لیستی چاکسازیو خزمەتگوزاری ئاماژە بەوەدەکات، لیستەکەیان (١٧)کورسی بەدەستدەهێنێت، ئەوە لەکاتێکدایە کە ئێستا پارتە ئیسلامییەکان (١٥)کورسی پەرلەمانیان بەدەستەوەیە، بەم پێیەش هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی هەرێمی کوردستان لەپەرلەمانی داهاتوودا نزیکەی (٤٥)کورسی بەدەستدەهێنن و (١١)کورسییش تایبەتە بەکەمینە نەتەوایەتییەکانو لیستی کوردستانییش (٥٣- ٥٥)کورسی بەدەستدەهێنێت.

ڕۆژنامەی سەباحی چاپی بەغدا لەزاری یونادم کەنا، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی ڕافیدەین (مەسیحییەکان)ەوە باڵوێکردووەتەوە، کە حکومەتی هەرێم هاوکاریو پشتیوانی لە لیستی ئەنجومەنی گەل کردووە کە بەوتەی یونادم «ئەولیستە گوزارشت لە ڕای مەسیحییەکان ناکات»، وتیشی، «پارتی دەسەاڵتدار فۆرمی ژمارە (١١١)ی بەسەر ئەوهاوااڵتییە عەرەبە کۆچبەرانەدا دابەشکردووە کە لەپارێزگاکانی بەغداو بەسرەو موسڵەوە ڕوویان لەهەرێمی کوردستان کردووە بۆئەوەی دەنگ بەلیستەکەی ئەوان بدەن، ئەوە لەکاتێکدایە بەپێی یاسا ئەوعەرەبانە بۆیان نییە بەشداری دەنگدان بکەن»، یونادم ئاماژە بەوەشدەکات: ئەو فۆرمانە بەبیانووی چاککردنی تۆماری دەنگدەران بەکارهێنراونو پێشتریش خەڵکانی غەیری مەسیحی لەلایەن پارتییەوە هاندراون بۆ ئەوەی دەنگ بەلیستی (ئەنجومەنی گەل) بدەن، کە لەبنەڕەتدا سەر بە پارتی دەسەاڵتدارە.

لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەری تۆڕی (چاوی عێراق) کە ڕێکخراوێکی تایبەتە بەچاودێریکردنی هەڵبژاردنەکانو نزیکەی هەزار چاودێری بەسەر بنکەو ناوەندەکانی دەنگداندا دابەشکردووە، ئاماژەی بەوەکرد، چاودێرەکانیان ژمارەیەکی زۆریان لەوپێشێلکارییانە تۆمارکردووە، وەک هەڵواسینی پۆستەرو بانگەشەکردن بۆ لیستی دەسەاڵتدارو دەنگدانی نایاساییو درێژکردنەوەی کاتی دەنگدان.

ڕۆژنامەی دەستووری چاپی بەغدا ئاماژە بەوەدەکات: ڕێکخراوی تەممووز بۆگەشەی کۆمەاڵیەتی لەڕاپۆرتێکیدا تیشکی خستووەتە سەرپێشێلکارییو کەموکوڕییەکانی کۆمسیۆن، بۆ نموونە هەبووە لەخێزانێکدا ناوی چەند ئەندامێکی خێزانەکەیان نەهاتووەتەوە، هەر وەک ژمارەیەک دەنگدەر لەکاتێکدا ناویان لەولیساتەنەدا هەبووە کە بەدیواری بنکەکانەوە هەڵواسراون، بەاڵم لەناو بنکەکاندا ناویان لەتۆماری دەنگدەراندا نەبووە.

ڕێکخراوی تەممووز، لەڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە بەجۆروخراپی مەرەکەبی هەڵبژاردنەکان دەکات، بەوەی کە بەئاسانی لەدەست دەبێتەوەو ئەوەش ڕێگەخۆشکەرە بۆ پێشێلکارییو ساختەکاریو لەهەندێک شوێنیش دەنگدانی نایاسایی ئەنجامدراوەو پێش ئەوەی وەرەقەکان بخرێنە ناو سندوقەکانەوە کراونەتەوەو سەیرکراونو لەهەندێک ناوەندیشدا دەنگدەر بەجلوبەرگی تایبەت بەبانگەشەکردنەوە بۆ لیستەکان بینراون. ڕاپۆرتەکە باس لەوەشدەکات کە ژمارەیەک لەچاودێرانی پارتە سیاسییەکان چاودێریی دەنگدەرانیان کردووە بۆ ئەوەی بزانن دەنگیان بەچ لیستێک داوە.

ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەت لەسەر زاری قادر عەزیز، سکرتێری حیزبی زەحمەتکێشانەوە کە یەکێکە لە چوار قەوارەکەی نێو لیستی خزمەتگوزاریو چاکسازی، بااڵویکردووەتەوە: حیزبی دەسەاڵتدار باوەڕی بەئاڵگۆڕی دەسەاڵت لەنێوان پارتو لایەنە سیاسییەکانداو تەنانەت لەناوخۆشیاندا نییە. قادر عەزیز، پارتیو یەکێتیشی بەوە تۆمەتبارکرد «چەند مانگێک لەمەوبەر دەستیانخستووەتە کاروباری ناوخۆی حیزبەکەیەوەو جیابوونەوەو کێشەو گیرگرفتیان بۆحیزبەکەی دروستکردووە». قادر عەزیز، ئەوەشی نەشاردووەتەوە، لەهەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستاندا هەردوو پارتی دەسەاڵتدار چەندین ساختەکاریان ئەنجامداوە، لە بەشێکی دیکەی لێدوانەکەیدا سکرتێری زەحمەتکێشان ئەوەی بەدوور نەزانی لەگەڵ لیستی گۆڕاندا هاوپەیمانی پێکبهێنێت.

بۆ هەڵوەشاندنەوەی ساختەکارییەکان
لیستی گۆڕان هەموو ڕێگەیەکی یاسایی دەگرێتەبەر

پشتیوان سەعدوڵڵا

لیستی گۆڕان رایدەگەیەنێت، بەرامبەر ئـەو ساختەکارییو خـروقـاتـانـەی کە لیستی کوردستانی لە ڕۆژی هەڵبژاردندا ئەنجامیانداوە، بـڕیـدەنـگ نـابـێـتـو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ساختەکاریانە هەموو ڕێگایەکی یاسایی دەگرێتەبەر.

بەوپێیەی کە لەم هەڵبژاردنەدا چەند لیستێکی جـیـاواز بەشدارییان کـردوو بەتایبەتیش لیستی گۆڕان کە ڕکابەرێکی گەورەی لیستی کوردستانی بوو، بەڕپرسانی یەکێتیو پارتی هەر لە سەرەتاوە دڵنیابوون لەوەی کە لەم هەڵبژاردنەدا شکستدەهێنن، بۆیە لە ڕۆژی هەڵبژاردنەکەدا هەموو ڕێگەیەکی نادروستو ساختەیان گرتەبەر بەو مەبەستەی کە ئەنجامی پرۆسەکە لەبەرژوەندی خۆیان کۆتایی پێبهێنن.

بەڕپرسانو لایەنگرانی لیستەکەی یەکێتیو پارتی بەدرێژایی ساتەکانی بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردنەکەی (٢٥)ی تەممووز، دەیان خروقاتو پێشێلکاریی جۆراوجۆریان ئەنجامداوە، بەتایبەتی لە سنووری پارێزگای هەولێرو دهۆک، کە پێشێلکارییەکان گەیشتوونەتە ڕادەی (کردنەوەی سندووقی دەنگدان، دووبارە دەنگدان، چاوسوورکردنەوە لە دەنگدەران، بـردنـەژوورەوەی چـەک بـۆ بنکەکان، دەرکردنی ڕۆژنامەنووسان، تەزویرکردنی باجی چاودێریو چەندین جۆری دیکە)، بەو هۆیەشەوە تەنیا لە دهۆک زیاتر لە (١٠٠) سکاڵا تۆمارکراوە.

ئەنجامدانی ژمارەیەکی زۆر لە خروقاتو ساختەکاری لەلایەن لیستی کوردستانییەوە بووەتە هۆی دروستبوونی نیگەرانیو نـارەزایـی هـاوڵاتـیـانو ڕۆشنبیرانو ڕێـکـخـراوەکـانو لیستە ڕکابەرەکانی لیستەکەی یەکێتیو پارتی.

لیستی گۆڕان کە گەورەترین ڕکابەری لیستی دەسـەڵاتـدارانـەو جـەمـاوەری کوردستان چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکەن، کە گۆڕانکاری ڕیشەیی لە کوردستان دروستبکات، وێـڕای پیرۆزباییکردنی لەلایەنگرانو خەڵکی کوردستان، لیستەکە نیگەرانی خـۆی بەرامبەر بـەو هەموو پێشێلکارییەی دەسەڵاتداران دەردەبڕێتو ئـاشـکـرایـدەکـات؛ بـۆ بەتاڵکردنەوەی ساختەکارییەکانی هەڵبژاردنەکە پەنادەباتە بەر یاسا.

لە بەیاننامەیەکی لیستی گۆڕاندا هاتووە «بۆ بەتاڵکردنەوەی ئەو ساختەکارییانەو گەیاندنی نارەزاییەکانی خۆمان، هەموو کەناڵێکی یاسایی ڕەوا دەگرینەبەر»

بەگوێرەی بەیاننامەیەکەی لیستی گۆڕان، لیستی گۆڕان لە سنووری پارێزگای سلێمانی پلەی یەکەمی بەدەستهێناوەو ئەنجامدانی ساختەکارییش ڕێگربووە لەوەی کە لە هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک هەمان ئەنجام بەدەستبهێنێت.

هەروەک تێبینی هاتووە «لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی ڕادەی دەنگەکانی لیستی گۆڕان زۆر لە پێش ئەو دەنگانەوەن کە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بەدەستیانهێناوە، خـۆ ئـەگـەر لـە هـەولـێـرو بادینانیش ساختەکاری و تەزویری بێ سنوور نەکرایە، ئەوا گومانی تێدا نەدەبوو لیستی گۆڕان لەسەر ئاستی هەموو کوردستان لیستی یەکەم دەبوو».

عوسمان بانیمارانی، کاندیدای لیستی گۆڕانو یەکێک لە سەرپەرشتیارانی لیستی گـۆڕان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەپێی سەرچاوە بەراییەکان هـەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە پارێزگای هەولێر تەنیا (٢٠٠) هەزار دەنگیان هەبووەو دەنگەکانی دیکە تەزویرن، پێمانوایە (٢٢٪)ی دەنگەکانی دهۆکو هەولێر تەزویرەو ئێمە لە لیستی گۆڕان ناڕازین لەو تەزویراتانە، بۆیە دەبێت یان ئەو ڕێـژە تەزویرە بەتاڵبکرێتەوە، یـان هـەڵـبـژاردنـی هـەولـێـرو دهـۆک دووبارەبکرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە پارێزەرانو یاساناسان کەمپەینێکیان بۆ بەدادگایی گەیاندنی ساختەکارانو تەزویرچییان پێکهێناوەو لە ڕاگەیەنراوێکیاندا داوا لە پارێزەرانو یـاسـانـاسـان دەکـــەن بـۆ بـە دادگـایـی گەیاندنی ئەوانەی دەیانەوێت بە تەزویرو خروقاتەکانیان مافەکانی مـرۆڤـو ڕای ئازادی جەماوەر بخەنە ژێر پێیان پشتگیری کەمپەینەکە بکەن.

لە ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە «کەمپەینێک پێکهێنراوە لە پـارێـزەرانو یاساناسانی خـۆبـەخـش، بـۆ بـەدادگـایـی گەیاندنی سەرجەم ساختەکارانو تەزویرچییانو ئەو هاوکارانەیان لە هەر دامودەزگایەکی حیزبیی یـان حکومیو ئـەوانـەیـش کە هاوکارییان کردووە لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، لە دادگاکانی ناوخۆ یان دەرەوەو دادگا نێودەوڵەتییەکان کەمپەینێک بۆ بە دادگایی گەیاندنی ئەوانەی کە دەیانەوێت تیرۆری ڕای ئازادیخوازان بکەنو ئازادییەکان لە کوردستان پێشێل بکەن، ئەوانەی دەیانەوێت بە تەزویرو خروقاتەکانیان مافەکانی مـرۆڤـو ڕای ئازادی جەماوەر بخەنە ژێر پێیان پشتگیری کەمپەینەکە بکەن».



لەدەرکردنی یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردن
بەرلەمانی عێراق شکستیهێنا

بەهادین یوسف

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەدانانی یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەن شکستیهێناو بڕیاریدا تا ٢٠٠٩/١٠/١٥، کوتلە سیاسییەکان بگەنە ڕێکەوتنێک بۆ هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی سالی ٢٠٠٥، هەروەک لیژنەی یاسایی ئەنجومەن پرۆژە یاسایەکی بۆ هەموارکردنەوەی یاسای ئەنجومەن دارشتووە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەشێوەی لیستی کـراوەو چۆنێتی دابەشکردنەوەی دەنگە زیادەکان بەسەر کوتلەو لیستە سەرکەوتووەکانی هەڵبژاردندا.

مـــاوەی زیـــاتـــر لـــە دوو هەفتەیە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە دانوستانو گفتوگۆدایە بۆ دانانی یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی گشتی عێراقو بەهۆی بوونی ناکۆکی لەسەر پرسی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکوکو شێوازی بازنەیی هەڵبژاردنەکانو جۆری لیستەکان(داخراو، کـــراوە) لیستەکان نەیانتوانی بگەنە ڕێکەوتنێک، دواجـــار بەکۆی دەنگی ئەندامانی پەرلەمان بڕیاریاندا لەبری دەرکردنی یاسایەکی نوێ، یاسای ژمارە ١٦ی سالی ٢٠٠٥ هەموار بکەنەوەو بەچەند گۆڕانێکەوە دووبارە خولی نوێی ئەنجومەنی پێهەڵبژێردرێتەوە.

د.محەمەد شەریف، ئەندامی لیژنەی یاسایی لـە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: نەتوانرا یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دابنرێت، ئەم یاسایە



د.محەمەد شەریف

لەبەر پرسی هەڵبژاردن لە پارێزگای کەرکوک شکستیهێنا، چونکە عەرەبو تورکمانەکانی کەرکوک دەیانویست کەرکوک چوار بازنەی هەڵبژاردن بێت، وەک یەک کورسییەکان بەسەر کوردو عەرەبو تورکمان دابەشبکرێت، وتیشی: «ئەم پێشنیازە بەپێچەوانەی دەستوورەوە ئێمە وەکو لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەو پێشنیازەمان ڕەتـکـردەوە، چونکە دەبێت کەرکوک وەک هەر پارێزگایەکی دیکە یەک بازنەی هەڵبژاردن بێت، هەموو هەوڵێکیان دا بۆ ئەوەی ڕازیمان بکەن، بەڵام ڕازی نەبووین».

دەربارەی هۆکاری شکستی پێشنیازی عەرەبو تورکمانەکان، ئەندامەکەی لیژنەی یاسایی، وتی: «لەبەرامبەر ئەو پێشنیازەی عەرەبو تورکمانەکاندا بۆ دابەشکردنی کەرکوک بۆ چوار بازنەی هەڵبژاردن، لیستی هاوپەیمانیش داوایکرد، هەموو ئەو پارێزگایانەی کە دەکەونە چوارچێوەی مادەی ١٤٠و ناوچە جێناکۆکەکانەوە لە موسڵو دیالەو سەڵاحەدینو کەرکوک، دابەشبکرێن بۆ چەند بازنەیەکی هەڵبژاردن بەپێی پێکهاتەی پارێزگاکان، لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەران هەردوو داواکەی ئاراستەی دادگای باڵا کرد، بەڵام دادگـای باڵای فیدراڵی عێراق هەردوو پێشنیازەکەی ڕەتکردەوەو بەپێچەوانەی دەستووری دانا».

بەهۆی ڕێکنەکەوتنی لیستەکانو دەستپێکردنی پـشـووی هاوینەی پەرلەمان لە ٨/١-ەوە بڕیاردرا، لەبری دەرکردنی یاسایەکی نـوێ، هەموارى ئـەو یاسایە بکرێت کە ساڵی ٢٠٠٥ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی پێئەنجامدراوە.

لەو بارەیەوە د. محەمەد شەریف وتی: «پێویستە پەرلەمان بە یاساکەی ساڵی ٢٠٠٥دا بچێتەوەو هەمواری بکاتەوە، ئێستا پرۆژە یاسایەکی هەموارکردنەوە ئامادەیە، دەبێ تا ١٠/١٥ هەموار بکرێت، دوو خاڵی یاساکەی ٢٠٠٥ هەموار دەکرێتەوە، ئەویش شێوازی ئامادەکردنی لیستەکانە بەشێوازی داخراوبێت یان کراوە، خاڵەکەی دیکەش شتێکی هونەرییە، ئەویش دابەشکردنەوەی دەنگە زیادەکانە لیستی ئیتیلافی شیعە دەیانەوێت بدرێتە ئەو لیستانەی کە زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەستهێناوە، بردوویانەتەوە، ئێمەش ئەوەمان دەوێت کە لەیاساکەی پێشوودا هەبووە کە دەنگە زیادەکان بدرێتە ئەو لیستانەی کە لە پێشەوەی ریزبەندی لیستە براوەکاندان».

شێوازی لیستەکان کراوەبێت یان داخـراو، جـۆری هاوپەیمانێتی نێوان لیستەکان دیاریدەکات، چونکە بەپێی ئەزموونی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان کە سـەرەتـای ئەمساڵ ئەنجامدرا، لیستی کراوە گرفتی لەبەردەم هاوپەیمانێتی حزبو لایەنە سیاسییەکاندا دروستکردووە، بەوەی هیچ بواریکی بۆ دابەشکردنی کورسییەکان لەنێوان لیستەکاندا نەهێشتەوە.

بەڕای زۆربەی چاودێرانی عێراقیش، ئەگەر هەیە بۆ ئەم هەڵبژاردنەی خولی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لیستی داخراو دابنرێتەوە، چونکە گرەنتییە بۆ ڕێژەی ژنانو کەمە نەتەوایەتییەکانو هەروەک کار ئاسانییە بۆ کۆمسیۆنی باڵا بۆ جیاکردنەوەی دەنگەکان.

لەلایەکی دیکەوە بەشێکی کوتلە سیاسییەکانو لەناویشیاندا لیستی هاوپەیمانی کوردستان داوا دەکـەن، عێراق بکرێتە یەک بازنەی هەڵبژاردن، لەبری ئەوەی کە لەهەڵبژاردنی پێشوودا عێراق کرایە ١٨ بازنەی هەڵبژاردنو هەر پارێزگایەک بازنەیەکی تایبەت بەخۆی هەبوو، لەو ڕێیەشەوە نوێنەری خۆی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵدەبژێرێت.

د.محەمەد شەریف ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی، سەبارەت بە بازنەی هەڵبژاردنەکان وتی: «لەکاتی هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، ڕەنگە دووبارە ئەوە بێتەوە ئاراوە کە عێراق یەک بازنە بێت یان هەر پارێزگایەو بازنەیەک بێت»، بەدووریشی زانی پەرلەمان بڕیار بدات عێراق بکاتە یەک بازنە، بەو پێیەی «هەندێک لە کوتلەکان پێیان خۆشە عێراق یەک بازنە بێت، بەڵام زۆرینە لەگەڵ ئەوەیە کە هەر پارێزگایەکو یەک بازنەی هەڵبژاردن بێت».

بـەگـوێـرەی پـەیـرەوی نـاوخـۆی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پشووی هاوینەی پەرلەمان لە سەرەتای مانگی تەممووزەوە دەستپێدەکات، بـەڵام بۆ دەرکردنی یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی خولی نوێ پشووی خۆی درێژکردەوە بۆ مـاوەی یەک مانگو تا ڕۆژی ٩/١ پشووی پەرلەمانەو پێویستە دوای پشووش لەماوەی ٤٥ ڕۆژداو تا ڕۆژی ٢٠٠٩/١٠/١٥ یاسای هەڵبژاردن هەموار بکاتەوە، تا بەپێی ئەو یاسایە ڕۆژی ٢٠١٠/١/١٦ خولی نوێی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێرێتەوە.



یت؟!

ی ۲۰۰۹/۹/۱ شوقەکانی
و بێ هیچ زیادە

تنی سەرجەم یەکەکانی

وندی ئەڵمانی دوودا هەن
بڵ دیواری خشت و سیسمۆ،
لات بە مارکەی ڤێترا و

ۆمپانیای وەبەرهێنانی
نی قوتابخانە و دایەنگا و
کردووە نەک تەنها بەقسە؟!

ی خۆی، شوقە و ڤێلاکانی
چاوەڕێی تەواوبوونیان

لا بە رووبەری (٣٦٠ تا
انیی لە دروستکردنیدا
یارد و باخی گەورەی

ن جێگای سلێمانی

ناونیشان: تەنیشت گوندی ئەڵمانی یەک - بەرامبەر گەڕەکی تووی مەلیک
بۆ پەیوەندی لە نۆرماڵەوە: ٥٧٠٠ لە مۆبایلەوە: ٠٥٣٥٧٠٠
٠٧٧٠١٥٧٤٨٨٠ - ٠٧٥٠١٥٧٤٨٨٠
www.naliagroup.com

ئایا دەزان

*** ئایا دەزانیت کە کۆمپانیای نالیا تا بەرواری گوندی ئەڵمانی دوو دەدات بە قیستی ٥ ساڵ خستنەسەرێک؟!**

*** ئایا دەزانیت لەدوای ئەو بەرواڕەوە فرۆش گوندی ئەڵمانی دوو دەبێتەوە بە کاش؟!**

*** ئایا زانیوتە زۆرێک لەو مواسەفاتانەی لە گ بۆ یەکەمجارە لە سلێمانیدا بەکاربێن وەک دە شوشەی تایبەتی دەبڵ گلاس، سێتی موشتەمە چەندەها مواسەفاتی تر؟!**

*** ئایا ئەوە دەزانیت کۆمپانیای نالیا یەکەم کۆ خانووبەرەیە لە هەرێمی کوردستان کە بەراس باخچەی ساوایانی لەناو پرۆژەکانیدا دروستک**

*** ئایا دەزانیت کۆمپانیای نالیا لەپێش وادەی تەواوەکات و پێویست ناکات سێ چوار ساڵ بکەیت؟!**

*** ئەوەش بزانە لە گوندی ئەڵمانی دووەدا ڤێ ١٤١٠مەتر) هەیە کە بەرزترین مواسەفاتی جیه بەکارهێنرێت و مەسبەح و ساونا و شوێنی بڵ تێدایە.**

گوندی ئەڵمانی دوو لە راقیتری









وەزیری کۆچی سوید:

کەسێک کە مافی پەنابەریی نییە، پێویستە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی

سازدانی: کوردستان وەهاب



سوید رێککەوتنامەیەکی وەرگرتنەوەی لەتەک حکومەتی عێراقدا ئیمزاکردووە، بۆ ئەوەی ئەم گەڕاندنەوەیە بەشێوەیەکی شایستەو مرۆڤدۆستانەبێت

رێژەی کۆچی پەنابەرانی کورد بۆ وڵاتانی ئەسکەندەناڤی بەگشتیو سوید بەتایبەتی، رۆژ بەڕۆژ بەرەو داکشان دەچێت، هەڵبەتە ئەمەش هۆکارو فاکتەری تایبەتی خۆی هەیە، رەتکردنەوەی پەروەندەو گەڕاندنەوەی زۆرەملێ لە گرنگترین ئەو هۆکارانەن. دیمەنو چیرۆکەکانی گەڕاندنەوە بۆ کوردستان گەلێکنو بەگشتیش تراژیدین، تراژیدین بەو حوکمەی زۆربەی ئەو خەڵکانە گەنجنو ئەو گەنجانەش شتێکیان نەماوە نەیانفرۆشتبێت لەپێناوی گەیشتن بە ئەوروپا، سەرەرای سەختی ئەو دۆخە لەتەک گەیشتنیان بۆ فرگەکانی نیشتمان خەمێکی دیکە دەرگایان لێوالادەکات کە ناوی دەسەلاتێکی کەمتەرخەمو بێ دەربەستە، کەمتەرخەم، چونکە لەشکرێک لە گەنج بێکارە، بێ دەربەستە، چونکە خۆی بە بەرپرسیار نازانێت بەرامبەر لێشاوی گەڕاندنەوەی هاوڵاتییەکانی. بۆ قسەکردن لەسەر بارو گوزەرانی پەنابەری کورد لە سویدو روونکردنەوەی چەند پرسیارێک، ئەمچاوپێکەوتنە لەگەڵ (Tobias Billström) وەزیری کۆچی سوید ئەنجامدراوە

*** سااڵی (٢٠٠٨) رێژەی پەنابەری کوردی عێراقی بەشێوەیەکی بەرچاو کەمیکرد بە بەراورد بە سااڵی (٢٠٠٧). هۆکارەکەشی بۆ ئەو وێنەیە دەگەڕێتەوە کە دروستبوو لە ناخی خەڵکی کوردستاندا کە سوید ناخوازێت مافی پەنابەریی بۆ کورد پەسەندبکات، دەکرێت هۆکاری پەسەندنەکردنی پەروەندەی کوردی عێراق روونبکەنەوە؟**

– بەڕێوەبەرێتی کۆچی پەنابەرانو دادگاکانی بۆ هەموو پەروەندەیەکی تاکەکەسی هەڵسەنگاندنی ورد دەکەن کە داخۆ کەسی پەنابەر پێویستی بەدااڵدە هەیە، فاکتەری کەمبوونەوەی مافی پەنابەری بۆ کوردە عێراقیەکان بۆ ئەو دۆخە ئارامە دەگەڕێتەوە کە ئەمڕۆ بەرقەرارە لە ناوچەکەدا.

*** رێژەی گەڕاندنەوەی زۆرەملێ بۆ ئەوانەی پەروەندەکەیان رەتکراوەتەوە بەگشتی جێگەی ترسو نیگەرانیە، لەناو هەمووانیشدا رێژەی کورد لە ئاستێکی باڵادایە. هیچ رێککەوتننامەو گرێبەستێکتان هەیە لەم مەسەلەیەدا لەگەڵ حکومەتی کوردی لە عێراق؟**

– هەموو یەکێک کە پەروەندەکەی رەتکرابێتەوە گەرەکە سوید بەجێبهێڵێت، بە بێ رەچاوکردنی ناسنامەو وڵاتەکەی. گەڕانەوە لە حاڵەتی یەکەمدا دەبێت دڵخوازانەبێت، بەاڵم بەپێچەوانەوە کە حاڵەتی دووەمە سوید دەتوانێت ئەو کەسە ناچاربکات بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، سوید رێککەوتننامەیەکی وەرگرتنەوەی لەتەک حکومەتی عێراقدا ئیمزاکردووە، بۆ ئەوەی ئەم گەڕاندنەوەیە بەشێوەیەکی شایستەو مرۆڤدۆستانەبێت.

*** تا ئەمڕۆ بە سەدان خەڵک بەرەو هەرێمی کوردستانی عێراق گەڕێنراونەتەوە، ئایا تا چ ڕادەیەک ئاگاداری گوزەرانی ئەو خەڵکانەن، سوید هیچ لێکۆڵینەوەیەکی لەبەردەستدایە، بۆ نموونە چۆنایەتی باری تەندروستی؟ لەڕووی کارەوە... هتد؟**

– ئێمە لە سوید لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر ژیانی ئەو کەسانەدەکەین کە داوای مافی پەنابەریی دەکەن، بۆ ئەوەی کە ئایا ئەو کەسە پێویستی بە دااڵدەدان هەیە، کاتێک کە پەنابەرێک وەاڵمی نەخێر وەردەگرێت، دیارە کە ئەمە پاش لێکۆڵینەوەیەکی وردبووەو دەرکەوتووە کە ئەم کەسە دەتوانێت بە بێ مەترسی بگەڕێتەوە بۆ وڵاتی خۆی، سوید لێپرسراو نییە لە هاوڵاتی وڵاتانی دیکە کە نیشتەجێی وڵاتی خۆیانن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە نە ئەرکمانەو نە لە تواناشماندایە.

* لە ڕاپۆرتێکی Amnesty International لە بەرواری (٢٠٠٩/٤/١٤)دا هاتووە کە دامودەزگاکانی ئاسایش لە هەرێمی کوردستانی عێراق بە بەردەوامی دەسەاڵتی خۆیان بەد بەکاردەهێنن، لە بەرامبەر هاوڵاتییاندا، هەر لەو ڕوانگەیەوە ئەو ئۆرگانیزاسیۆنە تکادەکات لە دەسەاڵتو دامودەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردی، کە ئەوانەی تاوانبارن بەرامبەر شکاندنی ڕێساکانی مافی مرۆڤ سزابدرێن، هەر لە ڕاپۆرتەکەی ئەواندا هاتووە کە دەسەاڵت خەڵک دەگرێت بەشێوەیەکی دیکتاتۆریانەو ئەشکەنجەیاندەدات و پەالماری ڕۆژنامەنووسان دەدەنو ئازادییەکانی ڕادەربڕین سنووردارکراوە.

*** وەزارەتی کۆچ چۆن ئەم ڕاپۆرتە لێکدەداتەوە؟**

– فەرمانگەی کۆچی سوید بە بایەخەوە دەڕوانێتە ئەو زانیاریو بەڵگەنامانە، بەتایبەت بۆ ئەو وڵاتانەی کە پەنابەری لێوەدەردەچێت، لەهەمانکاتدا مافێک هەیە کە پێیدەگوترێت ئازادبوون لە خستنەڕووی بەڵگەو دیکۆمێنت، ئەمەش مانای وایە کە ئەو پەنابەرە مافی هەیە بە هاوکاری پارێزەرەکەی هەموو ئەو فاکتەرو دیکۆمێنتانەی کە پەروەندەکەی پێشدەخات بیانخاتەڕوو.

*** ئەمڕۆ بە هەزاران کورد لە سوید مافی گەڕانەوەیان وەرگرتووە بۆ نیشتمان، لەگەڵ ئەوەشدا سوید مافی پەنابەریی دەداتە هەزاران کورد کە ئاوارەی وڵاتەکانی سوریا، ئەردەن، لوبنانن. گەلێک کورد ڕەخنەدەگرن لەم شێوازە، چونکە ئەوان پێیانوایە ئەوانەی کە لە سوید ژیاون ئاشنابوون بە کلتوورو یاساکانو جۆرە پەیوەندییەکیان بۆ چێ بووە لێرە. وەاڵمت چییە بۆ ئەم جۆرە تێڕوانینە؟**

– مافی دااڵدەدانمان هەیە بۆ ئەو پەناخوازانەی کە لە سوید خۆیان دەناسێنن، ژمارەیەکی زۆر لەوانە پەروەندەکانیان پەسەند دەکرێت، بۆیان هەیە ژیان لە سوید بگوزەڕێنن، ئەوانەش کە لەکاتی هەڵسەنگاندنداز ئاشکرادەبێت، هۆکاری هەاڵتنیان بەس نییە بۆ ئەوەی مافی دااڵدەدانیان پێبدرێتو وەاڵمی نا وەردەگرنو لەبەرئەوە پێویستە بگەڕێنەوە. لەاڵیەکی دیکەوە بە پێشنیازی UNHCR مافی پەنابەریی دەدرێتە ئەو خەڵکانەی کە لە وڵاتانی دیکەوە داخوازیی مافی پەنابەریی دەکەن، هەڵبەتە ئەمەش بەهەمانشێوازی ئەوانەی سوید پێویستە ئەو داخوازیانە بە ئەنجام بگەیەنن کە لە یاسای بیانیدا دیاریکراوە، ئەم شێوازەیان بۆ ئەو خەڵکانەیە کە زۆر گیرۆدەنو هیچ توانایەکیان نییە خۆیان خۆیان بگەیەننە سوید، سوید نزیکەی (٥٠) سااڵ ئەزموونی کاری هەیە لەگەڵUNHCR.

*** ماوەیەک پێش ئێستا دەوروبەری (١٤٠٠) کوردی عێراقی کە مافی مانەوەی کاتییان پێدرابوو، مۆڵەتەکانیان لێوەرگیرایەوەو بڕیاری گەڕانەوەیان درا، ئایندەی ئەوانە بەچی دەگات، تائێستا لە سوید ماون؟**

– کاتێک کەسێک کە مافی پەنابەریی نییە لە سوید پێویستە بگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی، ئەمە مەرجێکە بۆ ئەوەی بتوانین سیاسەتێکی ڕەواو ڕاستی پەنابەریمان هەبێت، هاوکاری ئەوانەش بکەین کە بەڕاستی پێویستیان پێیەتی، ناتوانم شۆڕببمەوە بۆ تاک بە تاک.

*** قیزە مۆڵەتێکە پێویستە بۆ گەشتکردن بۆ سوید، بەاڵم سوید قیزە نادات بە کوردە عێراقیەکان کە دەیانەوێت سەردانی سوید بکەن، ئەگەر ئێوە ئەو ناوچە کوردییەتان پێ ئارامە تا ئەو ئاستەی بە زۆرەملێ پەنابەر دەگێڕنەوە، ئایا هۆکار چییە قیزە نادرێت بە هاوڵاتی کورد؟**

– قیزە مۆڵەتێکە بۆ گەشتکردن لە وڵاتێک بۆ ماوەیەکی دیارپکراو، دەزگای سەربەخۆ لە سوید لێکۆڵینەوە لە داواکاری قیزەدەکات، ڕێساکان لە تەواوی وڵاتانی شەنگێن وەک یەکە، بۆ ئەوەی قیزە وەدەستبهێنیت مەرجە نیشانی بدەیت کە دەگەڕێیتەوە وڵاتی خۆت، مەترسی نەگەڕانەوە لە عێراقیەکانو مانەوەیان وەک داخوازێک بۆ مافی پەنابەریی، هۆکار بووە بۆ ئەوەی قیزەیان نەدرێتێ.

*** سوید هیچ پالنێکی لە بەرنامەدایە کە لە داهاتوودا پرۆژەیەکی ستراتیژیی لەکوردستاندا بە ئەنجام بگەیەنێت، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکانەی (بەتایبەت گەنج) کە لە سویدەوە گەڕێنراونەتەوە سوودمەندببن تێیدا؟**

– سوید هاوکارە لەگەڵ (Agef) کە ڕێکخراوێکی ئەڵمانیەو کاردەکات لە هەرێمی کوردستان، من پێموایە ئەمجۆرە هاریکاریانە زەرورەو پێویستی بە گەشەپێدان هەیە، ئێمە خەریکینو بەردەوام لە هەوڵداین، گرنگە ئەو خەڵکانەی کە دەگەڕێنرێنەوە کۆمەک بکرێن دەستگیرۆیی بکرێن بۆ ئەوەی دووبارە دەست بە ژیان بکەنەوە، لەبەرئەوەش حکومەتی ئێرە کۆمەکێک دەکات بۆ ئەوانەی دڵخوازانە دەگەڕێنەوە، کەسێکی کامڵ بڕی (٤) هەزار دۆالر، خێزانێک نزیکەی (١٠) هەزار دۆالری دەدرێتێ.

*** لە کۆتاییدا وێڕای سوپاسم کە بڕێک لەکاتی خۆتت بۆ ئێمە تەرخانکرد، پرسیارێکم هەیە دوور لە ناوەرۆکی باسەکە: وەزیرێکی سەرکەوتوو دەبێت چۆن بێت؟ وەک سیاسییەک؟ بەتایبەت لە بەرامبەر خەڵکەکەیدا؟**

– من پێموایە گرنگترین مۆرک وەک سیاسییەک گوێرایەڵییە، سیاسی بە زۆری لێزانە لە قسەکردندا، بەاڵم زەرورتر ئەوەیە کە گوێبگرین، گوێگرتن بۆ ئەو پێشنیازو بۆچوونانەی هاوڵاتییەکانمان هەیانە، ئەرکی ئێمەیە وەاڵمی ئەوپرسیارانەمان الببێت کە هاوڵاتیان لێماندەکەن، نەک ئەو پرسیارانەی کە کەس لێی نەکردووین.

پێشنیازی UNHCR مافی پەنابەریی دەدرێتە ئەو خەڵکانەی کە لە وڵاتانی دیکەوە داخوازی مافی پەنابەریی دەکەن

ناکۆکی هێزە کوردییەکان دەگاتە بەغدا

سایتی نیقاش



کێبەرکێو ململانێی توندی هێزە کوردییەکان لە کوردستاندا کاردەکاتە سەر ئامادەسازیشیان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، ئەم هێزانە بەنیازن لە بری یەک لیستی یەکگرتوو، بە لیستی جیاو سەربەخۆ بەشداریی هەڵبژاردنی عێراق بکەن.

لەم رۆژانەدا هێزە سیاسییەکانی عێراق سەرگەرمی ئامادەسازین بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی سەرەتای ساڵی داهاتوو، بەڵام هێزە کوردییەکان تائێستاش سەرقاڵی هەڵبژاردنەکانی کوردستانن.

بەپێی راگەیەندراوی سەرۆک وەزیرانی عێراق، نوری مالیکی، بڕیارە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، لە رۆژی ٢٠١٠/١/١٦دا بەڕێوەبچێت، بەڵام چاودێران ئاماژە بەوەدەکەن ئامادەسازییە کردەییەکانی ئەم هەڵبژاردنە لە بەغداو لەسەر ئاستی عێراق بەشێوەیەکی بەرچاو و پێشوەخت دەستپێکردووە.

بەم مەبەستەش لیستە پەرلەمانییەکان بۆ رێککەوتن بەمەبەستی هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردن لەنێو ئەنجومەنی نوێنەران، قسەیان لەبارەی دواخستنی پشووی هاوینەی پەرلەمان کرد، چەند رۆژێکیشە هێزو کەسایەتییە سیاسییە سوننەو شیعەکان لە دیدارو کۆبوونەوەی بەردەوامی دیاریکردنو یەکلاییکردنەوەی لیستو هاوپەیمانێتییەکانی داهاتوودان، بەڵام وەک ژمارەیەک لەئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستان رووننانکردەوە، بەهۆی کێشمەکێشەکانی پەیوەست بە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە تائێستا بەشداریکردنی کورد لەو هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراو و یەکلاکەرەوەی پەرلەمانی عێراق نەخراوەتە بەرباس.

پشتیوان ئەحمەد، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، رووننیکردەوە، هێشتا هەوڵەکانی پێکهێنانی لیستو هاوپەیمانێتییەکانی عێراق بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو لە سەرەتای رێگەدان، لەوبارەیەوە دەڵێت: «دیاریکردنی شێوازی بەشداریکردنی کورد لەو هەڵبژاردنە دوادەکەوێت بۆ دوای هەڵبژاردنەکانی کوردستان کە رۆژی (٢٥)ی ئەم مانگە بەڕێوەچوو».

ئەو پەرلەمانتارە بڕوای وایە، دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکانی کوردستان، لیستو قەوارە براوەکان بکەونە دانوستان لەسەر پێکهێنانی لیستێکی یەکگرتوو بۆ بەغداو بگەنە ئەنجام، بەرپرسانی بالای دیکەش هیوای ئەوە دەخوازن کە لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراقدا هاوپەیمانی کوردستان هەر بەیەکگرتوویی بمێنێتەوەوبەردەوامبێت ، بەڵام نەوشیروان مستەفا، سەرۆکی لیستی گۆڕان، کە رکابەرێکی سەرەکیی لیستی پارتیو یەکێتییە، چەندجارێک جەختیکردووەتەوە کە یەکڕیزیی کورد لەبەغدا لە یەکخستنی گوتاردا دەبێت نەک شێوازی بەشداریکردن لە هاوپەیمانێتیو لیستە پەرلەمانییەکان.

لەلایەکی دیکەشەوە سەلاحەدین بەهائەدین، سەرۆکی لیستی چاکسازیو خزمەتگوزاری رایگەیاند: «دەرگایان کراوە نییە بۆئەوەی بەیەک لیست لەگەڵ پارتیو یەکێتیدا بچنە نێو کێبەرکێی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەران»، هەروەها باسی لەوەشکرد، ئەگەر ئەوان هاوپەیمانێتی پارتیو یەکێتییان بۆ پەرلەمانی عێراق پێباشبوایە، ئەوە لەئێستادا بەلیستی جیاواز بەشداریان نەدەکرد لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو دەڵێت: «بەشداریکردنیشمان بە لیستی جیاواز هیچ کارناکاتە سەر هەڵوێستمانو ماوەی چوارساڵە کە لیستی جیامان هەیە لەبەغدا بۆ هەموولایەک دەرکەوت لە پرسە نەتەوەییەکاندا چ داکۆکیکارێکی گرنگ بووین لە هەرێمی کوردستان».

لە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی عێراقدا، زۆربەی زۆری حیزبە کوردییەکان بەیەکێتیو پارتیشەوە بەیەک لیست بەناوی لیستی کوردستان بەشداریی ئەو هەڵبژاردنەیان کردو لە کۆی (٢٧٥) کورسی پەرلەمان (٥٣) کورسییان بەدەستهێنا، هەرچی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانیشە، کە بە لیستێکی جیاواز بەشداریکرد، پێنج کورسی بەدەستهێنا، بەڵام هیچ هاوپەیمانێتییەک لەنێوان حیزبە کوردییەکان لەلایەکو حیزبە شیعییو سوننییەکان لەلایەکی دیکەوە لەئارادا نەبوو.

د.رەئوف عوسمان کە ئەندامێکی دیکەی ئەنجومەنی نوێنەرانە لە لیستی هاوپەیمانی باس لەوەدەکات، تا یەکلایی بوونەوەی کێشمەکێشەکانی ناوخۆی کوردستان، «قسەکردن لەشێوازی بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق زیاتر لە کتێبگرتنەوە دەچێت». بەبۆچوونی ناوبراو نابێت ئەو کێشمەکێشو ململانێ قورسەی ئێستا لەنێوان لیستو قەوارەکانی کوردستاندا هەیە کاربکاتە سەر یەکڕیزییو یەکگرتوویی گوتاری کورد لەبەغدا «لیستە کوردییەکان، سەرباری جیاوازییەکانیان یەک کێشەو یەک داواکاریان هەیە لە بەغداو ئەمەش رێگە بە پەرتەوازەبوونیان یاساغ دەکات».

سەرباری ئەو ناکۆکییە تەقلیدییانەشی کە لەنێوان حکومەتی بەغداو هێزە ناسیۆنالیستەکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا هەیە، لەماوەی رابردوودا پەسەندکردنی دەستووری هەرێم بووە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە بەهۆی دەرکەوتنی چەندین دەنگ لەدژی هەرێمی کوردستان. بەرەی تەوافوقی سوننە (٤٤ پەرلەمانتار) لە بەیاننامەیەکدا ئاماژە بۆ ئەوەدەکات، تێپەڕاندنی دەستوور «بانگەشەکردنی هەڵبژاردنە بۆ دوو هێزە سەرەکییەکەی کوردستان». تەوافوق پێداگری دەکات «تا رەشنووسی دەستووری هەرێم پیشانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق نەدرێت پشتی پێنابەسرێتو ناخرێتە کار». جگە لە تەوافوق تائێستا سامی عەسکەری لە ئیئتیلافی شیعە، گردبوونەوەی ٢٢ تەممووز، ساڵح موتلەگی سەرۆکی بەرەی دیالۆگ، نوێنەرانی عەرەبی پارێزگای موسڵ، نوێنەرانی تورکمان لە ئەنجومەنی نوێنەران، بەشێوازی جیاجیا دژایەتیی خۆیان بۆ سازکردنی راپرسی لەسەر دەستووری هەرێمی کوردستان راگەیاندووەو ئەمەش گوزارشتە لە کردنەوەی بەرەیەکی نوێ لە کێشمەکێش و ململانێکانی نێوان بەغداو هەرێمی کوردستانو لەهەمانکاتدا دروستکردنی ئەرکێک بۆ ئەو لیستەی لەخولی داهاتوودا لەبەغدا نوێنەرایەتی کورد دەکات. ئەگەرچی تاوەکو ئێستا وادەی دەنگدان لەسەر دەستوور دیارینەکراوە.

رەئوف عوسمان جەختیکردەوە، ئەو لایەنە عێراقیانەی هاتوونەتە سەر خەتی هەڵبژاردنو راپرسی دەستووری هەرێمی کوردستان «نەیارو ناحەزی خۆرسکی ئەزموونی کوردنو کورد هەرچی بکات ئەوان هەر دژایەتیی دەکەن». لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش بەفەرمی داوای لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو ئەنجومەنی سەرۆکایەتی کۆمارو حکومەتی ناوەند کردووە «ئیجابیانە بڕوانن پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان».

ئەوەی کە ماوەتەوە ئاماژەی بۆ بکرێت ئەوەیە پێدەچێت هاوپەیمانێتییەکانی ئەمجارەی گۆڕەپانی سیاسی عێراق بەتەواوەتی گۆڕانکارییان بەسەربێتو لیستی نوێ بێتەئاراوە، بەشێوەیەک کوردو سوننەو شیعە لەخۆبگرێت، بەتایبەت کە لیستە کوردییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان کێبرکێیەکی تووندیان کرد بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٥ی ئەم مانگە.





رۆشنبیری کوشندە

پۆلا سەعید

١-٢

ئازادیی لەوەدایە کە مرۆڤ بتوانێت هەموو شتێک بکات کە زیان بە خەڵکی دیکە نەگەیەنێت.

نارتوور شۆپنهاوەر

رێسوڵتات «ئەنجام» لەوتاری هەندێک رۆشنبیری ئێمەدا، بەتایبەت لە ئێستادا کە من بە تەرمینۆلۆگیی داکوتاندنی پیمی خودو بەرژەوەندییەکانی دەناسێنم، کارێکی وەهای کردووە کە ئاگای چەند کەسێک بەیەکەوە دابگیرسێنێت، ئەمەش وەک ئینتەرسوبیەکتیڤیتێت «ئاگایی چەند کەسێکی جیاواز پێکەوە» لە رەوشی رۆژنامەوانیی کوردییدا دەناسرێتەوە. راستی لە وتاری ئەم رۆشنبیرانەدا کەم تا زۆر بریتییە لە کەراکتەری رستەکانیان، لەناو رستەکانی ئەماندا سەلماندنێک بەرامبەر بە ئەزموونو کاردانەوە بۆ بڕووپێدانی پەیوەندییەک دەخرێتە کار، ئەمەش لەپێناوی ناسینەوەیەکدا کە مەبەستی رۆشنبیری ناوبراوە نەک «شمەک». ئالێرەدا دەڵێتم: راستیی زۆر لەوە زیاترە کە بەو شێوەیە پێناسکراوە، ئاو بەوشێوەیە کە بەهیچ شێوەیەک زینێکی نییە، ئەگەر من لە بێ زینییەکی مێتافیزیکیانەوە تەماشابکەم، ئەوا گومانم لەوە نییە کە بیرکردنەوە دەبێتە هۆکار. ئەگەر لە تەنیشت ماڵەکەی منەوە کارگەیەکی بەرهەمهێنانی شلەمەنی کیمیکاڵ هەبێت، منیش لە هۆڵەکەمدا دانیشتبێتم و بۆنێکی ناخۆشی ئەو کارگەیە بگاتە لوتم، بیرکردنەوەم خێرا کارم تێدەکات کە باوەڕبکەم، پەنجەرەیەک لە ماڵەکەدا کرابێتەوە، هەربۆیە زوو هەڵدەستم، دەگەڕێم بۆ داخستنی پەنجەرەیەکی کراوە، لێ بەڵێ لە ماڵەکەی منِدا هیچ پەنجەرەیەک نەکراوەتەوە، بەڵکو ئەوە بۆگەنەکەیە کە کار لەسەر بیرکردنەوەم دەکات، هەتاوەکو باوەڕبکەم کە پەنجەرەیەک لە ماڵەکەمدا کرابێتەوە، چەقی هەندێک رۆشنبیری ئێمە وەک ئەو کارگەیە وەهایە، لە رێگەی وتەکانیانەوە واهەستدەکەم پەنجەرەیەکی ماڵەکەم کراوەتەوە، لێ ئەوە تەنیا سیگنالێکە بۆ ئاگادارکردنەوە، سیگنالێکە کە دەڵێت: هەوای پیس ناتەندروستە، هەروەکو چلۆن وتەکانی ئەم رۆشنبیرانە تەندروست نین، زینی راستیی وا لەناو جیاوازیی نێوان «بیر»ی راستیی و ناڕاستییدا، ئەگەر پەنا بەرینەبەر دیدی «وڵیام جەیمس»، ئەوا ئەو دەڵێت: زینی راستیی وا لەناو ناوەخنی پێکەوە بەستراودا، لەنێوان پرسیاری: راستیی چییە؟و پرسیاری: چلۆن بە راستیی دەگەین؟ دا. لە وەڵامدا دەڵێت: بە تێڕوانین بۆ فیزیفیکاتسیۆنسپرۆتسێس، کارەکە ئاسانتر دەبێت. وتاری ئەم رۆشنبیرانە لە رێگەی میدیاکانی ئێمەوە وەک راستیی نەک دەگەیەنرێت بە خوێنەر، بگرە چ بانگەشەی راستیی بۆ دەکەنو چ وەک راستییش لەناو خوێنەردا دەیناسێنن، لەنێوانی باوەڕکردن بە راستییو سەرلێشێواندندا هیچ کورسییەکی بەتاڵ نییە بۆ خوێنەر هەتاوەکو لەسەری دابنیشێت، خوێنەر یان ئەوەتا باوەڕ بە راستی بوونی وتـاری ئـەم رۆشنبیرانە دەکـات، یـان ئـەوەتـا سـەری لێدەشێوێت، هەنووکە ئەتموسفێرەی گـۆڕان شەیداییەکی گەورەی کۆمەڵایەتیی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتەکایەوە، ئەم شەیداییە پەلی هاویشتووەتە ناو تویژی رۆشنبیرانیشەوە، رۆشنبیرانی کوشندە، ئێستا پڕ سمکۆلترین سواری ئەم بۆارەن. خوێنەر پێویستە رێنماییەکی ولیام جەیمس بکاتە رابەری خۆی، لەپێناوی گەیشتن بە راستیی راستەقینەدا. جەیمس دەڵێت: «باوەڕ بە راستیی بکە! رێگە لە سەرلێشێواندن بگرە ئەمە وەک دەبینین دوو دەقی جیـاوازی دوو یاسای جیـاوازن، ئێمە دەتوانین لە کۆتاییدا لەنێوانی هەردووکیاندا یەکیان هەڵبژێرین، لـەوێـدا، کـە ئێمە بەپێی رۆحی ژیانمان رووی جیاواز نیشاندەدەین، ئێمە دەتوانین راوی راستیی وەک ئەرکی سـەرەکـی تەماشابکەینو رێگەگرتنیش لە سەرلێشێواندن بە «لەپاڵ ئەرکەوە» تەماشابکەین، یان ئەوەتا ئێمە دەتوانین لە سەرێکی دیکەوە، رێگەگرتن لە سەرلێشێواندن بە پێویستتر مامەڵەبکەینو بیدەینە دەست راستیی». (Philosophie des Pragmatismus. Ausgewählte Texte von W. James. S. ١٤٤).

ئەرکی تەندروست بۆ خوێنەر لـەلای من ئەوەیە کە خوێنەر هەر لە سەرەتاوە هەوڵی ناسینەوە یان دۆزینەوەی هەڵە لە تیۆرییەکدا بدات، وەک لـەوەی کـار لەسەر باشیی تیۆرییەکەبکات، بەمشێوەیە خوێنەر دەتوانێت راوی راستیی لە تیۆرییەک دا دەستپێبکات، راوێـک کە هەر لە سەرەتاوە گەرەنتی راوی کەرۆشکی هەڵەی بۆ ڕادەگەیەنێت. ئەزموونی ئەم چەند ساڵەی رابـوورد وەهای کردووە کە باوەڕبوون بەم رۆشنبیرە کوشندانە وەک باوەڕبوون بە خودای لێهاتووە. بەتایبەت لەدوای داگیرکردنی عێراقەوە لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە، زیاتربوونە بەشێک لە هەڵە، بەشێک لە گەندەلیی، بەشێک لە چەوساندنەوەو نادادپەروەریی ... هتد. چلۆن بوونی خودا تووشی بیرکردنەوەو گومانمان دەکات، ئاوهاش رۆشنبیری کوشندە تووشی بیرکردنەوەو گومانمان دەکات، ئەمانە نەک کوشندەن، بەڵکو ناپاکیش دەکـەن، لەپێش هەموو شتێکەوە ناپاکیی لە «راستیی»، گومانکردن لە ناپاکیی ئەمانە، وەک گومانکردنە لە بوونی خودا، مرۆڤ دەیکاتە گرەوێکەوە کە بە دۆڕانو بردنەوەی، مرۆڤ هیچی نییە هەتا بیدۆڕێنێت، بۆ ئەم مەبەستە من پەنا دەبەمە بەر گرەوەکەی «پاسکاڵ»، من ئەو گرەوەی پاسکاڵ لە بوونی ئەم رۆشنبیرانەدا فۆرمەلە دەکەم، ئێوە دەبێت، یان ئەوەتا باوەڕبکەن کە ئەم رۆشنبیرانە ناپاکن، یان نا. ئێوە چی دەڵێتن؟ هۆشیاریی مرۆقانەی ئێوە توانای وەڵامدانەوەی نییە، لەنێوانی ئێوەو ئەواندا گەمەیەکی بەخت هەیە. لە گەنجترین رۆژی دادگـادا یان ئەوەتا پارەکانتان لەسەر شێر یان خەت دەوەستێتەوە، بیهێنە بەرچاوی خۆتان کە نرخی بردنەوەو دۆڕاندنتان چەندبێت، ئەگەر ئێوە هەرچی هەتانە لەسەر شێر دابنێن، ئەمەش بە واتای بوونی «ناپاکیی ئەم رۆشنبیرانە»، بەمشێوەیە ئـێـوە بەختەوەریی هەمیشەیی خۆتان دەبەنەوە، پارەکە لەسەر خەت رادەوەستێت، دەدۆڕێن، لێ هیچ سزایەک نادەن، چونکە ئێوە لەم قومارەدا هیچتان نییە بیدۆڕێنن.

ناسینەوەی راستییو هەڵە، ئەرکی لەوێدابوونە، نەک مرۆڤ چـاوەڕوانـی خـواوەنـدێـک بکات، هەتاوەکو لە رێگەیەوە پێبزانێت چیی راستەو چی هەڵەیە، زانین ئەرکە نەک چـاوەڕوانـی، راستیو لەوێدابوون وەک دوو پیتی دوای یەک وەهان، چ تەواوکەری یەکترینو چ بەبێ یەکیش ناتەواوییەکیان لێدەکەوێتەوە، چاکترە مرۆڤ مامەڵە بە بیرکردنەوەی بکات، وەک لەوەی چاوەڕوانی خودایەک بکات کە پێیڕابگەیەنێت چی راستەو چی هەڵەیە، باتاکی کوردبیهێنێتە پێشچاوی خۆی کە لە ناوەڕاستی چۆڵەوانییەکدا فـڕێـدراوە، لێ لەو چۆڵەوانییەدا، جێگەیەکی ئاوایی بێت، یان هی بزنێک یان هی بەرخێک. مرۆڤ دەشێت لە بیرکردنەوەی خۆیدا ئاگرێکی گەورە ببینێت، کاتێک سوپای گۆران بە شاخی هەڵبژاردندا سەردەکەوێت گەشەی مێژوویی لە سەرەتاوە ئامانجدەرو نیشانپێکراوبووە یان پێکراوە، ئەم گۆرانە گەشەیەکی مێژوویە، نەک کـاری کەسێک یان چەند کەسێک، ئەگەر کاوسالانەش تێبڕوانین، ئەوا فاکتەری گەورەو گرانی ئەم جوڵەیە سیاسەتێکی ناتەندروستی دەسەڵاتی کوردیی بـووە. گەشەکردن وەک سروشتی زیـنـدەوەران، بریتییە لە پرۆسێسێکی سروشتی، لێبەڵێ گەشەی مرۆڤ لەناو ئەم سروشتەدا بە پرۆسێسێکی سروشتییدا ناڕوات، بەڵکو بە سروشتی دووەمی مرۆڤدا دەڕوات، ئەویش بریتییە لەوکلتوورەی کە تێیدا گـەورە دەبـێـت. ئەمەش بەپێچەوانەی رووەکەوەیە گەشەی رووەک گەشەیەکی سەربەستو ئـازادی سروشتی خۆیەتی، خۆی خۆراکی خۆی دەدات، گەشە دەکاتو پـێـدەگـات، ئەمەش پرۆسێسێکی «فیگیتاتیڤی بیۆیە». بیۆوەک هونەری ژیـان، کێڵگەی ژیـان، شێوازێکی تایبەتی دروشاندنەوە لە ژیاندا. مرۆڤ تەنیا بە یارمەتی هۆشیاریی بیرکردنەوە گەشەدەکات، بەبێ ئەم پرۆسێسی هۆشیاریی بیرکردنەوەیە، مرۆڤ پێناس لە سروشتیبوونی خۆی ناکات. بەمشێوەیە مرۆڤ پێویستە پابەندبێت بە هۆشیاریی بیرکردنەوەو مامەڵەیەکی عەقڵانییەوە، چونکە بەبێ ئەم مامەڵە عەقڵانییە توانای مانەوەو ژیانی لە سروشتدا وەک رووەکێک نییە. لێ لەناو ئەم ژیانەدا مرۆڤ پێویستە ئازادبێت، هەتاوەکو گەشەبکات، هـەتـاوەکـو بتوانێت هۆشیارانە بیربکاتەوەو مامەڵە بە عەقڵی بکات. ئەدی چلۆن مرۆڤ لەم سروشتەدا دەبێتە تاکێکی ئازاد؟ بە چ هۆکارێک دەگات بە ئازادیی خۆی؟ ئەگەر پەنا بەرینەبەر ئەریستۆتێلیس، ئەوا ئەو پێمان دەڵێت: بە سیاسەت، چونکە لەلای ئەریستۆتێلیس مرۆڤ تەنیا لە رێگەی سیاسەتەوە دەگات بە ئازادیی. سیاسەتێکی هەرەوەزیی کە لە رێگەیەوە ئازادییەک بەرهەمبهێنێت، کە تێیدا هەڵومەرجێک بۆ چێوەی مامەڵە «مامەڵەی عەقڵ» دروستبکات. ئیدی مرۆڤ لە رێگەی عەقڵییەوە مامەڵە بە ئێتیکو بە سیاسەت دەکـات، بەمشێوەیە ژیـان دەچێتە «پۆلیس،Polis»ەوە، ئەمەش بە واتای «شـاری دەوڵـەت». سیاسەت وەک تێگەیشتنێکی هەرەوەزیی بریتییە لە بیرکردنەوە لە قوتکردنەوەی پرسیاری کـراوە، گفتوگۆ لێرەدا لەپێشی هەموو شتێکەوە دادەنرێت، نەک ئەنجومەنی یاسا دەرکـەران، چونکە ئەمانە کارکەری بەرهەمهێنانن، بەمشێوەیە ئێمە دەتوانین، لەوە تێبگەین کـە پـەرلـەمـانـی ئێمە دەرکردنی یاسایەکیان بۆ دەستوور خستووەتەپێش گفتوگۆکردنەوە کە ئەمەش پێچەوانەی سیاسەتێکی هەرەوەزییە لە باشووری کوردستاندا، پەرلەمانی ئێمە ئامادەگیی کراوەبوونی خۆی تێدانەبووە، هەتاوەکو پرسیار لە هاوڵاتیانی خۆی بکات کە ئاخۆ ئامادەن دەستوورگەلێکی بەمشێوەیە پەسەندبکەن؟ پەسەندنەکردنی دەسـتـوورێـکـی ئـاوهـاش لەلایەن کۆمەڵگەوە، دەگەڕێتەوە بۆ نەناسینی دەستوورەکە، واتە پێشتر هیچ کەسێک ئـەو دەسـتـوورەی نەدیبوو، هیچ هاوڵاتییەک گفتوگۆی لەگەڵ پەرلەماندا لەسەر ئەم دەستوورە نەکردووە، لە سیاسەتێکی هەرەوەزیشدا کە ئامانج تێیدا ئازادکردنی مرۆڤە، پێویستە گفتوگۆی کراوە هەبێت، هەتاوەکو لەم رێگەیەوە مرۆڤ ژیانێکی سروشتییانە لە رێگەی مامەڵە عەقڵانییەکانەوە بۆ خۆی دابینبکات، ژیانێک کە تێیدا ئازادو سەربەست بێت.

هەموو یەکێک دەتوانێت تەنیا شتێک تاوانباربکات کە دەیناسێت کە ئەو تێیدا رۆڵی دادوەرێکی باش دەبینێت. ئێمە کەسمان ئەم دەستوورەمان نەدیبوو، لێ زۆرینەمانِ تاوانبارمان دەکرد، زۆرینەمان رۆڵێکی وەهامان دەبینی کە دەستوور دەناسین، لێ بەڵێ ئەم ناسینە لە رووبەکی نادیارەوە، ئەویش بەوەی کە دەستوورەکەمان نەدیبوو، ئـەم نەدیتنە بە واتـای هەبوونی گومان، ئەم گومانەش خۆی لە کۆمەڵێک ئارگۆمێنتی سیاسیو کلتووریدا دەبینێتەوە کە دەبێتە مایەی نانەوەی ترس، ترسیش لێرەدا بەواتای هەرەشەی نانەوەی کێشە، کێشەگەلێک کە سنووربەکانی ئازادیی تاکو کۆ یان کەمدەکاتەوە یان ئازادیی بە هیچ شێوەیەک تێدا ناهێڵێتەوە. لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا بەشێکی گەورەی بەرچاو لە گەنجانی ئێمە سەرقاڵی سیاسەتن، ئەم گەنجانە ئارەزوویەکی پڕ خۆشەویستییان بۆ فەرمانڕەوایی دەڵـەت هەیە، چونکە ئەمان لە ئاگاپێو نائاگایی خۆیاندا زانستی دەوڵەتیان چ دەویێتو چ خۆشدەوێت. دەشێت بەشێکی گەورەی پیرەکانمان لـە کـۆبـوونـەوەکـانـی حکومەتو پەرلەمانی کوردستاندا ئـارەزووی گوێگرتنیان نەبێتو خەویان لێبکەوێت، دەشێت بەشێکی گەورەی پیرەکانمان خۆشەویستییان بۆ زانستی دەوڵەت نەبێتو ناچارییەک وەک ئەرک لە کۆبوونەوەکاندا کۆیانبکاتەوە، ئەمانە رێککەوتێکی مێژوویی کردوونی بە سیاسیی، لە مێژوویەکدا کۆمەڵێک فاکتەر رۆڵی گەورەیان لە بە سیاسییکردنی ئەواندا هەبووە، نەک خۆشەویستییان بۆ زانستی دەوڵـەت. بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، ئێمە خاوەنی کۆمەڵێک گەنجین کە بەوپەڕی خۆشەویستییەوە دەڕوانە زانستی دەوڵەتو بەوپەڕی ویستو سەرکەشییەوە گوێ دەگرنو مامەڵە دەکەن، ئەمانە کارەکتەری سیاسییان گەییووە ئەمانە خۆشەویستییان بـۆ سیاسەتو زانستی دەوڵـەت گـەیـیـووە، لـێ پیرەکانمان تەنیا تەمەنیان گەییووە، نەک کارەکتەریان. وەک ئەریستۆتێلیس دەڵێت: «کەمی پەیوەندیی بە کاتەوە نییە، بەڵکو پەیوەندیی بە حەزو سەرکەشییەوە هەیە کە مرۆڤ تێیدا دەژیو بەهۆی ئەوەوە ئامانجەکانی هەڵدەبژێرێت». Geschichte der Philosophie in Text und Darstellung. Antike. S, ٢٤٧.

بەناوی ئێمەوە جنێو بەخەڵک دەدرێت

نەبەز گۆران



هەرگیز رۆژێـک لـەرۆژان بیرم لەوە نەکردووەتەوە قسەیەکی ناشیرین بەرامبەر بەهیچ کەس بکەم تەنانەت ئەو کەسانەی سوکایەتیشم پێدەکەن، رەنگە من تاقە گەنج بم لەم وڵاتەدا کە زۆرترین جنێوم بەرکەوتووەو بێدەنگیشبووم، شەرم دەکەم لەخۆم ئەم وتارە دەنووسم، بەڵام بڕێکجار ئینسان ناچار دەبێت لەبەر کەسایەتیی خۆی هەندێک شت بنووسێت تاکو نەکەوێتە ناو ئەو هەڵانەوە کە بۆی دروست دەکرێن، من داوای لێبوردن لەهەموو ئەو خوێنەرو ئەو کەسانە دەکەم کە لە رۆژی دووهەمی هەڵبژاردنەکانەوە بەناوی منەوە قسەی ناشیرینیان بۆ چووە، بەتایبەتی هاوڕێیانم لە کۆمپانیای وشەو رۆژنامەی هاوڵاتیو رۆژنامەی رۆژنامەو چەندین شوێنی دیکە، راستییەکەی بڕێک تەکنیک هەیە لە کاری مۆبایلدا من سەرم لێی دەرناچێت تاکو بۆم رووننبووەوە خەڵکانێک هەن دەتوانن بەناوی ئێمەوە پەلاماری کەسانی دیکە بدەن.

لەدووهەم رۆژی هەڵبژاردندا هاوڕێی ئازیزم کاک سەردار قادر کە بەردەوام شەرممکردووە دەنگ بەرزبکەمەوە لەئاستیداو وەک پەپولەیەک وابووە لەلام، تەلەفۆنی بۆ کردمو پێیوتم کاکە بۆ جنێو دەدەیت، سەرەتا تێنەگەیشتمو نەمدەزانی مەسەلە چییە، پێمواببو کەسێک مۆبایلی منی بەکارهێناوە بۆ سوکایەتیکردن بەو هاوڕێیەم، زۆر نیگەران بووم، هێندەی نەبرد چەند هاوڕێیەکی دیکەم لە رۆژنامەی هاوڵاتیو کۆمپانیای وشەو رۆژنامەی رۆژنامەو چەند شوێنێکی دیکەوە پەیوەندییانکردو وتیان بۆ جنێو دەدەیت، پاش ئەوەی پەیوەندیم بە دۆستێکی خۆمەوە کرد لە کۆمپانیای کۆڕەک، بۆم دەرکەوت لە کۆڕەک تەکنیکێک هەیە پێیدەڵێن تەحویلکردن، بەم تەحویلکردنە کەسێک دەتوانێت ژمارەی کەسێکی دیکە تەحویل بکاتو لەرێگەی ئەو ژمارە تەحویلکراوەوە سوکایەتی بەو ژمارە تەلەفۆنانە بکات کە خۆی مەبەستیەتی، ئیدی کاری من لەرۆژی دووهەمی هەڵبژاردندا تەنیا ئەوەندەبوو تێل بکەم بۆ هەموو ژمارەکانی ناو مۆبایلەکەمو داوای لێبوردن بکەم ئەگەر جنێویان پێدرابێت، چونکە نەمدەزانی سیستمێکی وا هەیەو لەمەسەلەی مۆبایلدا تەنیا دەزانم نامە بنێرم و تەلەفۆن بکەم، لەهەموو حاڵەتێکدا باش دەزانم ئەو هاوڕێیانەم ئەو قسانەیان بۆچووە لەرێگەی ژمارەی گۆڤارو ژمارەکەی منەوە تێدەگەن ئەوە پەروەردەی ئێمە نییە، بەڵام مەترسیی ئەم تەکنیکە ئەوەیە بکەوێتە ناو هاوڵاتیانو بتوانن لەرێگەی ژمارەی تەحویلکراوەوە پەلاماری کەسایەتیی خەڵکی دیکە بدەن.

با وا دابنێین من کارەکتەرێکی زۆر خراپم لەناو ئەم کۆمەڵگەیەداو حیزب دەیەوێت لەرێگەی خەڵکانی وەک منەوە پەلاماری خەڵک بدات، بەڵام چی دەکەیت بەو کەسانەی گەر بزانن لەم کۆمپانیایەدا تەکنیکێک هەیە دەتوانیت بەکاری بهێنیت بۆ لێدانی ئەوانەی نەیاری تۆن، من نازانم حیزب چی دەوێت لە ئێمە، گەر مەبەستی بێت بەم کارانەی ئێمە ناشیرین بکات، ئەوا ئەم کارانەی کاری خەڵکی نارەسەنن، گەر بیەوێت لەرێگەی هەموو ئەم فێڵانەوە لە نەیارەکانی خۆی بدات، بەراستی ئەمە کارێکی ناتەندورستە. چونکە چ ئێمەو چ ئەوانەی پەلامارەدرێن باش لەوە تێگەیشتوین ئەوە زمانی ئێمە نییە، پرسیارە قورسەکە بۆ من ئەوە بوو بۆچی دەبێت ژمارەکەی منو ژمارەی گۆڤارەکەمان تەحویل بکرێت؟ ئایا هاوڕێکانم باوەڕ بەو قسانەدەکەن؟ من چییکەم بۆ ئەوەی ئەو دۆستانەم لێ نەڕەنجێن؟ تاقە دەرگایەک بۆ خۆ قوتارکردنم لەو سوکایەتییەی بەو دۆستانەم کراوە تەنیا ئەم وتارەبوو، تکام وایە چیدی ئەوانەی دەیانەوێت پەلاماری خەڵک بدەن با ئەوەندە جورئەتیان هەبێت بەناوی خۆیانەوە بیکەن، چونکە جەسارەتی ئێمە ئەوەیە هەموو شتەکان بەناوی خۆمانەوەیە، هیچکاتیش لەوە نەترساوین شتێک بکەین بەناوی ئەوانی دیکەوە، کەسێکیش دەیەوێت بەرگری لەحیزبەکەی بکات با بەناوی خۆیەوە بیکات، نە ناوی خوازراو دەردەکان تیمار دەکات نە تەکنیکی تەحویلکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی لای حیزب کەسی بوغزاوین.

ئەم قسانەش بۆ ئەوە دەکەم کە مەبەستمە خەڵک تێبگات لەکۆمپانیای کۆڕەک سیستمێک هەیە پێی دەڵێن سیستمی تەحویلکردن، ئەم سیستمە مەترسیدارترین سیستمە، چونکە کەسێکی نەناسراو دەتوانێت ژمارەکەی خۆی بگوازێتەوە بۆ ژمارەیەکی ناسراوو لەرێگەی ئەو ژمارەیەوە پەلاماری خەڵکانێک بدات کە مەبەستیەتی، رەنگە ئەم کەمە قسەیە بەس بێت بۆ ئەوەی دۆستەکانم لەوە تێبگەن پەروەردەی من ئەوەندە سەقەت نییە پەلاماری ئەمو ئەو بدات بەناوی نەناسراوەوە، ئومێد دەکەم ئەوانەی لەم هەڵمەتەدا هێرشیان بەرکەوتووە بمبورن، چونکە ئەمەش یەکێکی دیکەیە لە ئەخلاقیاتەکانی حیزب.

Nabaz.goran@yahoo.com

دیموکراسی لە ڕەهەندێکی دیکەوە!

ڕوانینێک لە ناوەوەی ئومێدی هێزە کۆمەڵایەتییەکان



مەریوان عەلی*

دەستپێک

ئـەم وتـــارە لـە بنـەڕەتدا تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر چەمکی دیموکراسی، لە چەند گۆشەنیگایەکەوە کە ئەوەندەی بکرێت پەیوەندی و ڕەهەندەکانی ئەم چەمکە لە ناو چەند توخمێکی سیاسیدا یەکالاکەرێنەوە، وتارەکە بەڕەو ئەوە دەچێت هەر کێشەیەک لەو توخمانەی بەشداریی سیستمی سیاسی و دەسەڵات و دامودەزگا کارگێڕییەکان دەکەنو بێ ئومێدی دەخولقێنن، لەبەرامبەردا بە کێشەی ڕاستەقینەی دیموکراسی بشکێتەوە، بۆیە قسەکردن لەسەر دیموکراسی، قسەکردن دەبێت لەسەر ڕستێک چەمکی دیکە کە پێکەوە هاوبەشیی ڕاستەوخۆ دەکەن لە شکلبەندی سیستمی فەرمانڕەوایەتیکردندا.

ئۆپۆزسیۆن لە ڕەهەندێکی جیاوازەوە

هەر کات باسی دیموکراسی بکەین، دەبێت باسی شوێن پێی ئۆپۆزسیۆن بکەین، هیچ سیستمێکی سیاسی ناتوانێت دیموکراسی بێت بەبێ ئەوەی لەژێر سایەی ئەو سیستمەدا ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێز بوونی نەبێت، بەبێ بوونی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە بەرامبەر دەسەڵات کە بتوانێت بە ئاشکرا گوزارشت لە خۆی بکاتو ڕەخنەی توند ئاراستەی دامودەزگانی دەسەڵات بکات، دیموکراسی بوونی نابێت.

بـەبـێ ڕێـزگـرتـن لـە ئـۆپـۆزسـیـۆنو بەردەستکستنی زانیاریو داتاکان، شتێک نییە ناوی بەرین بە دیموکراسی، بەبێ بوونی مافی دەستاودەستکردنی دەســەڵات لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا دیموکراسی بوونی نییە! هەموو ئەم تێزانە پێکەوە مانای ئـەوە نییە گەر ئۆپۆزسیۆن هەبوو کەواتە دیموکراسی هەیەو سیستمەکە بێ کێشەیە، چونکە بڕێکی زۆری بنەماکانی دیموکراسی پەیوەندی دانەبڕاویان بە عەقڵەوە هەیە، پەیوەندی بەو تەفسیرانەوە هەیە کە بەردەوام بۆ دەسەڵاتو سنوورەکانی دەسەڵات ئەنجام دەدرێن، پەیوەندی بە مۆرالی شارستانی نوێو ڕێزگرتنی بەرامبەرەوە هەیە، پەیوەندی بە مافەوە هەیە، هەروەک مەرجە هەموو ئەو ئالوگۆڕو گۆڕانکاریانەی کە ڕووەدەن بەبێ توندوتیژیی ئەنجامبدرێت.

ڕاستییەکەی ئەگەر بـەوردی تەماشای خواستە باوەکانی ئۆپۆزسیۆن بکەین، کە بەرامبەر بە دەسەڵات دەوەستنەوە، ڕەنگە ئەوە بۆ ئەوان بەس بێت کە چانسی ئەوەیان هەبێت دەسەڵات کۆنترۆڵ بکەن، بەڵام مەسەلەکە لێرەدا کۆتایی نایەت، بەڵکو قسەکە لەسەر ئەوەیە چۆن دەسەڵات ڕاقەدەکرێت، چۆن گۆڕانکاری لە شێوازی فەرمانڕەوایەتیکردندا ئەنجامدەدرێت، ئۆپۆزسیۆنی کارا پێش ئـەوەی بێتە سەر کورسیی دەسەڵات دەبێت بەشێکی زۆری ئەو وەڵامانەی گەڵاڵەکردبێت، بەڵام ئەمە هەمووی ئەو وێناکردنو خەونو بیرکردنەوانە نییە کە خەڵک بەرامبەر ئۆپۆزسیۆن گەڵاڵەی کردووە، خەڵک کە لەدەست بێدادیو نایەکسانیو بێ ئومێدیی دەناڵێنێت هەر ئەوەندە بەس نییە، دەسەڵاتێک بگۆڕێت بە جۆرێکی دیکە.

هەمیشە پـەیـوەنـدی دەســـەڵات بە ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینەوە، پەیوەندییەکی گونجاوو تەبا نەبووە، پەیوەندییەک نییە بنەای جۆرێک ڕایـەڵو گونجاندنو بەرژەوەندیی لەسەرهەڵبچنین کە دواجار بە سوودی یەکێکیان یان هەر دوولایان بشکێتەوە، بۆیە هەموو ئەو پێکهاتە سیاسییانەی لەگەڵ دەسەڵاتدا هاوڕاو تەباو بێ کێشەن، ناتوانرێت بە ئۆپۆزسیۆن ناونوسبکرێن، یاخود ناتوانن خزمەت بەو ئاڕاستانە بگەیەنن کە دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵات، ئەم سەرنجە بۆ ئەوە نییە کۆمەڵگە لەشەڕێکی بەردەوامدا بژی، بەڵکو بۆ ئەوەیە هەموو کۆمەڵگە تەسلیمی دەسەڵات نەبێت.

نەبوونی جۆرێک بەرژەوەندیو گوتارو پێگەی هاوبەش لە نێوان دەســەڵاتـداران و ئۆپۆزسیۆنەکاندا، مانای ئەوە نییە دەسەڵات ڕیـز لـە ئـۆپـۆزسـیـۆن نـەگـرێـت، یاخود ئۆپۆزسیۆن دەبێت لە جەوهەردا بریتیبێت لە هێزێکی ڕوخێنەرو وێرانکەری پایەکانی دەسەڵات، دەبێت ئۆپۆزسیۆن چەند ڕەخنەی توند ئاراستەی سیاسەتەکانی دەســەڵات بکات، ئەوەندەش پـاریـزەری قەوارەیەکی نیشتمانی بێتو یەکێکیش بێت لەو هێزانەی کە داکۆکیکەرێکی سەرسەختی دەسەڵاتێکی مەدەنییانەی یاساییانە بێت، بەم مانایە ئەوەی ئۆپۆزسیۆن ئەنجامیدەدات گۆڕینی کارەکتەرو شـێـوازی بـەڕێـوەبـردنو حیزبەکانی ناو دەسەڵاتە نەک لەناوبردنی دەسەڵات.

ڕاستییەکەی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتو ئۆپۆزسیۆن بە تەنیا وەک دوو بەرەی دژ بەیەک تەماشا ناکرێت، یاخود وەک دوولایەن نین کە مانەوەی یەکێکیان بریتیبێت لە لەناوچوونی ئەوی دیکەیان، لە سیستمی دیموکراسیدا یەکەمین مەرج ئەوەیە کە دەبێت هەر دوولایەن بوونیان هەبێت، دەسەڵاتێکی بێ ئۆپۆزسیۆنو ئۆپۆزسیۆنێکی بێ پلان بۆ دەسەڵات جدیترین هەڕەشەیە بۆ ســەر دیموکراسی، ئێستا شەڕی دیموکراسییانە بەرنامەو شێوازی فەرمانڕەوایەتیو تەماشاکردنە جیاوازەکان دەیبەن بەڕێوە.

ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە

ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە بـــەردەوام چاودێرێکی ڕاستەقینەی دەسەڵاتە، بەردەوام بەئاگایە لـەوەی چی دەگـوزەڕێـت لە ناو کایە جیاوازەکانی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووری...، ئەو خولقێنەری ڕووداوەکان نییە، بەڵکو ناسێنەری ڕووداوەکانە، بەم تێگەیشتنە کە ئۆپۆزسیۆن دێتە سەر حوکم دەبێت ئەوەش بزانێت کە ئۆپۆزسیۆنێکی دیکە خولقاوە تا چاودێری دەسەڵاتەکەی ئەویش بکات.

دڕوســت ئۆپۆزسیۆنی ئەکتیف لەو خاڵەوە سەرچاوەدەگرێت کە نزیکایەتییەکی ڕاستەقینەی هەیە لەگەڵ جوڵەی سیاسیو ستراتیژیی دەســەڵاتو کۆی ڕووداوەکـان، ئەو بۆیە ئۆپۆزسیۆنە تا جیاواز بێت لەوەی هەیە، دڕوسـت ئۆپۆزسیۆن پێناسەکەی لەوەدا چڕ ناکرێتەوە کە هێزێکە لە دەرەوەی دەسەڵات، بەڵکو لەو خاڵە گرنگەوە دێت کە گروپی ئۆپۆزسیۆن تێگەیشتنو دنیابینیو بیرکردنەوەی جیاوازی هەیە لەگەڵ دەسەڵات، هەربۆیە هەموو هێزێک ئەگەر لە دەرەوەی دەســەڵات بـوو مانای ئـەوە نییە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنە، یاخود دەتوانێت سوود بە بەرەی ئۆپۆزسیۆن بگەیەنێت، ئەم بنەمایە وادەکات ئۆپۆزسیۆن لە دەسەڵاتدا نەبێتو بەشێکیش بێت لە دەسەڵات، واتە ئەوەندەی لەسەر پێگە هەستیارو نزیکەکانی دەسەڵات قسە دەکات، وەک ئەوەیە بەشداریکی جدیی بێت لە ناو دەسەڵاتدا، لە کاتێکدا ئەو هێزێکە شوناسو پێگەکەی خـۆی لە دەرەوەی دەســەڵات گیرساندووەتەوە.

گەلێک پێش مەرجی گرنگ لەبەردەم هێزێکی سیاسیو مەدەنیدا هەن تا بتوانێت سیفەتی ئۆپۆزسیۆنی ڕاستەقینە! بە خۆی ببەخشێت، یەکەمین پێش مەرج، باوەڕبوونە بەوەی تەنیا لە ڕێگەی دیموکراسییەوە دەکرێت گۆڕانکاری ئەنجامبدرێت، هەروەک گۆڕانکاری تەنیا لە گۆڕینی دەموچاوەکاندا ناوەستێت، بەڵکو گـۆڕان بریتیبە لە دەستکاریکردنی ئـەو فیگەرو سیستەرانەی نـاو دەســەڵات کە بەرپرسو بەشدارن لە بەشێکی زۆری نادادپەروەریو گەندەڵیو بێ سەروبەری، لێرەدا خەمی ئۆپۆزسیۆن بەتەنیا ئەوە نییە کێ حوکم دەکات! بەڵکو ئەوەیە لە دەسەڵاتدا چی دەگۆڕێتو چ شتێک پێویستی بەوەیە سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە، ئەم ئەرکە لەڕووی سیاسییەوە دەبێت هەڵگری ستراتیژیکی جیاواز بێت لەوەی هەیە، لەڕووی ئەخلاقییەوە دەبێت توانای گەڕاندنەوەی متمانەی هاوڵاتیانی هەبێت بە دەسەڵات، لەڕووی ئابووریو ئیداریـیەوە دەبێت توانای دابڕانی هەبێت لەوەی پێشتر هەبووە.

دیموکراسیو ڕەخنە

ئـەو حاڵەتە ترسناکەی لـە ئێستای دەسەڵاتدارێتی کوردیدا شوێنی ڕەخنەی تووندە ئەوەیە کە دەسەڵاتداران وا هەست دەکەن ئەو دەسەڵاتەی هەیە بەری ڕەنجی خۆیانەو لەخۆیان مەشروعترە کەسی دیکە نییە ئەو دەسەڵاتەی ئەوانی هەبێت، زۆر زەحمەتە مامەڵەیەکی دیموکراسییانە لەگەڵ ئەم جۆرە تێگەیشتنەدا بکرێت، ڕاستییەکەی گومانم هەیە کۆی پرۆسەکە(هەڵبژاردنی ئەمجارە) هەروا بە سانایی بڕوات بەڕێوە، مەبەستمە بڵێم ململانێکە لەژێر پەردەی دیموکراسیدا بەڕێوەدەچێت، بەڵام ڕۆحێکی دیموکراسییانەو عەقڵیکی دیموکراسییانە ئامادەیی نییە لە ناوەندەکەدا تا دەرئەنجامی دەرچوونو دەرنەچوون وەک یەک تەماشا بکات، هەتا ئەم جۆرە تەماشاکردنە بۆ هەڵبژاردن دانەمەزرێت، ئێمە ناتوانین بڵێین هەڕەشەی تونددوتیژیمان لەسەر نییە، یانی کێشەکە ئەوەیە ئێمە تەنیا کاتێک بە دیموکراسی ڕازین کە چانسی بردنەوەی خۆمان مسۆگەر بکات، لە سیستمی سیاسیدا ئەمە موسیبەتە، نەک دیموکراسی.

لە بارێکی دیکەشدا ڕووبەڕووبونەوەی لایەنە ناکۆکەکان لەسەر هەندێک شتی لاوەکی ئەوە نیشاندەدات کە شتە جەوهەریو گەورەکان بە نموونە دەستاودەستکردنی دەسەڵات، ئەوا هەر شوێنی قبوڵ نییە، هەر بۆیە گەر زۆر بە وریاییەوە کۆی پرۆسەکە ئەنجام نەدرێت، گەر پشتئەستوور نەبێت بە ئیرادەیەکی بەهێزو لۆژیکی بیرکردنەوەیەکی هێمنانە، ئەگەری تونددوتیژیو کارەساتی لێدەکرێت، بۆیە لە بارودۆخێکی ئاوادا پێویستە کۆی پرۆسەکە چەند دەکرێت دیموکراسییانەتر تێپەڕێنرێتو بەدوور بگیرێت لەکەشو هەوای تونددوتیژییانە.

پێموایە یەکێک لەو قەیرانانەی ئەمجارە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، قەیرانی قبوڵکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانە، هەرکات قسە لەسەر دیموکراسی بکەین دەبێت بە بارێکی دیکەدا قسە لەسەر ئەو قەیرانانە بکەین کە هەن، دەرچوون لە قەیرانەکان وەک عەلی حەرب دەنووسێت «بەدامەزراندی پەیوەندی ڕەخنەگرانەی نێوان خودو بۆچوونەکان» ئەنجامدەدرێت، بەبێ ڕەخنەگرتنی ئەوەی هەیە، بەبێ کەشفکردنی هۆکاری ڕاستەقینەی قەیرانەکان، شتێک نابێت ناوی بەرین بە هەوڵی جدیی بۆ دەرچوون لە قەیرانەکان.

ئـەوەی دیموکراسی پێماندەبەخشێت، ئازادی بینینو بۆچوونو ڕاڤەی جیاوازە، لە کوێدا هەر یەک لەم سێ کۆڵەکەیە کێشەی تێکەوت، دیموکراسی ڕووبـەڕووی قەیرانی سەخت دەبێتەوە، ڕاستییەکەی بڕێکی زۆری ئـەو قەیرانە ڕاستەقینانەی دیموکراسی تووشیان دەبێت لە نەبوونی ڕەخنەی جدییەوە سەرچاوەدەگرن، هەموو ئەو دەروازانەی لە سیستمی دیموکراسیدا والاّدەکرێن، ئەگەر بەشی ئەوەی نەکرد ڕەخنەی جدیی دڕوستبکات ئەوا بێ شک دەروازەکان دەروازەی نەزۆکو ساختەن دەبـن، ئـەوە دەروازە نییە کەس زانیاری لەسەر هیچ شتێک نەبێت، لەو لایشەوە بلێن ڕەخنە ئازادە، ڕەخنەی جدیی لە زانیاری گرنگەوە دەخولقێت، لەو تەماشاکردنە قولانەوە دێت کە کەسی ئاسایی درکی پێناکات.

لە ڕاستیدا بەلیشاو قسەکردنی جیاواز لە سەر دیموکراسی دەکرێت، بەشێکی زۆر کەمیان نووسینی جدیو کاریگەرن، بەڵام هەندێکی دیکەیان لەسەرەتاییترین ماناکانی ئەم چەمکە نزیک ناکەونەوە، هەندێکی دیکەیان وەک زاراوەناسی لەم چەمکە دەدوێن، پێموایە ئەم دوو لایەنەی دواییان تا ئەندازەیەکی زۆر خزمەت بە چەمکی دیموکراسی ناکەن، گەر بـەوردی تەماشای هۆکارەکەی بکەین دەبینین بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەسەڵات سەنگەری دەستنەگەیشتن بە زانیارییەکانی هێجگار قایمکردووە، تەنانەت بڕیارەکان هێندە مەودا بچووککراونەتەوە کە تەنیا لە مەکتەبی سیاسییەکاندا دەمێننەوە، تەنانەت هەندێک پێیانوایە لە مەکتەبی سیاسیشدا بچوکتر دەبێتەوە بۆ چەند کەسێکو دواتر بۆ ســەرۆکو سکرتێری حیزبەکان، لێرەدا بەڕوونی دەردەکەوێت ئەوەی ناوی پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانە هیچ نییە جگە لەلایەنی جێبەجێکاری ئەو بڕیارانەی لە مەکتەبی سیاسییەوە دەردەچن، تەنانەت مرۆڤ دەگاتە ئەو باوەڕەی ئەو هەموو پارەو پێداویستییانەی بـۆ پـەرلـەمـان خـەرجـدەکـرێـت بـە زیـادە دەڕوات. لەم مۆدیلەی فەرمانڕەوایەتیکردندا دەستگەیشتن بە زانیاریو نهێنییەکان زۆر زەحمەت بووە، بۆیە ئەو گرەوەی دەسەڵات کردوویەتی ئەوەیە کە هەموو بڕیارو کارە گرنگو چارەنوسسازەکان لە ژووڕە تاریکو داخراوەکاندا ئەنجامبدرێن.

دیموکراسی، چۆن لە یەککاتدا دەبێتە ترسو ئومێد؟

یەکێک لـە سەرەکیترین بنەماکانی دیموکراسی ئەوەیە خەڵکو گروپو جڤاتە کۆمەڵایەتییەکان بتوانن قەبارەی ڕاستەقینەی کێشەو داواکارییەکانیان ببینن، لەگەڵیدا ئومێدیان بەوە هەبێت کە دەبێت ئەم داواو کێشەو گۆڕانکارییانە بێتەدی، لە بەرامبەردا دەسەڵات، خەمی سەرەکی ئەوەیە چەند بکرێت ئەو ئومێدە بکوژێتو لە چەند داواو پێشنیازێکی تێپەڕو نا تەندروستدا خەفەیان بکات.

کێشەکە لە ستراکچەری بیرکردنەوەو درککردنە بەشتەکان، زیاتر لەوەی کێشەی داواکاریو بینین بێت، کێشەکە پەیوەندی بە بنەما ناوخۆییەکانی چەمکی دیموکراسییەوە هەیە، یانی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە بەرهەمی چ جـۆرە ناکۆکیو کێبرکێیەکی ناوخۆییە، بەرهەمی چ مۆدیلێکی دەسەڵاتە کە توانای ماندنی خواستەکانی هەیە، توانای کوشتنی خەوبینینو ئاڵوگۆڕو گۆڕانی ڕیشەیی هەیە، کە لە ڕاستیدا ئەمە ئەو ترسە حەقیقیەیە لە دیموکراسیدا جێگەی نابێتەوە، دیموکراسی یانی بینینی خەونی جیاوازو بیرکردنەوەی جیاواز، بەڵام بەشێوازێک کە دەســەڵات نەیەتە ناو خەونە کۆمەڵایەتیو ویستە جۆراوجۆرەکانی جڤاتە کۆمەڵایەتییەکانو ببێتە یاریزانی سەرەکی، دیارە ئامانجی ئەم جۆرە دەسەڵاتانە ئەوەیە بڕێکی زۆری ئەم خـەونو خەیاڵە کۆمەڵایەتییانە بشێوێنرێت، چونکە ئەوە تاکە زامنە بۆ بیرنەکردنەوە لە گۆڕان.

لەنێو زانستی سیاسیدا پەیوەندییەکی ئاڵۆز بەدیدەکرێت، لە نێوان ئومێدو ترسدا، دیارە لە پەیوەندییاندا بە دیموکراسییەوە کەمێک وردبوونەوەی دەوێت، هەمیشە دەسەڵاتی نادیموکراسی لە ترسدا دەژی، بۆیە بەدیوەکەی دیکەدا بــەردەوام توانایەکی سەیری هەیە بۆ بەرهەمهێنانی دۆخێکی ترسناکاوی، ئەم ترسەیە وای لێدەکات پەنا بۆ هەموو شتێک بەرێت تەنانەت بۆ شەیتانیش، بۆ ئەوەی عەرشی دەسەڵات جێنەهێڵێت، لەبەرامبەردا کاریش بۆ ئەوە دەکات کە تەنیا ئەوە خۆپەتی توانای ڕەوینەوەی ترسەکانی سەر کۆمەڵگەی هەیە، ئەم پرۆسیجەرە هیچ نییە جگە لە لێدانێکی کوشندە لەو خـەونو حەزو داواکارییانەی لە خانەو فیلدە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە دێنە دەرەوە، کە دواجار لێدانێکی ترسناکیشە لە چەمکی دیموکراسی لەسەر ئـەرزی واقیع، کە ئەمەش لێدانە لە هەر جۆرە پەرچەکردارو بەرهەڵستکارییەکی جدی دەسەڵات.

ڕەنگە بۆ تەماشاکردنی پەیوەندییەکانی نـێـوان دەســـەڵاتو بەرهەڵستکاری، ئەو بۆچوونەی میشیل فۆکۆ تا ئاستێکی باش هاوکاریمان بکات بەوەی «هەر کات دەسەڵات هـەبـوو بەرهەڵستکاریش بـوونـی هەیە، دەرئەنجامی ئەمەش، ئەم بەرهەڵستکارییە هەرگیز لە دەرەوەی شوێن پێی دەسەڵاتدا نییە» بۆ تێگەیشتن لە ستراتیژی دەسەڵات لەناو کۆمەڵگەدا، دەبێت لە خواستی هێزە کۆمەڵایەتییە بەرهەڵستکارەکانیش تێبگەین، کە ڕۆڵی چالاک دەبینن لە کۆمەڵگەدا، دەسەڵات بە پلەی نایاب کار لەسەر ئەو خواستانە دەکات بە جۆرێک ناتەبا نەپەتەوە لەگەڵ دەسەڵاتی باودا، بۆیە هەموو هەوڵێک بۆ خوێندنەوەی ڕووبەرە نادیارەکانی دەسەڵات لەبەرامبەردا کەشفکردنی ئەو ستراتیژیەیە کە دەسەڵات بەرامبەر هێزە کۆمەڵایەتییەکان دەیگرێتەبەر، سەیر نییە دەسەڵات دەیان هێزی کارتۆنی دروستدەکاتو خەونەکانیان بۆ دەبینێتو وێناکردنەکانیان بۆ دەکێشێت، بەخاتری ئەوەی لە ژێرەوە لێدانی بەهێز لە هێزە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکان بوەشێنێت.

چرکەساتی ڕاستەقینەی بەرهەڵستکارییش بریتییە لە بەئاگابوونی هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە داواو خواستەکانیان، بریتییە لەو شەڕە خۆکردییەی هێزەکان لەسەرمافی جڤاتو خواستە کۆمەڵایەتییەکان ئەنجامیدەدەن، لەبەرامبەر ڕیشدا تەماشاکردنی ئاسۆکانی ئەم بەرهەڵستکارییەی کە ڕاستییەکەی لەسەرزەمینێکی بێدەنگەوە لە دایکدەبێت، دێتە دنیایەکەوە کە داوای گۆڕانی ڕیشەیی و مێژوویی دەکات، لە پشتی ئەم داواکـاریـیـەوە هـەر شتێک هەبێت، بـەدەر نابێت لـەوەی کە مێژوو و عەقڵ بکەونەوە بەر تەفسیری توخمە سەرەکییەکانی خۆیان، لە بارێکی دیکەشدا دەســـەڵات دووبـارە دەکەوێتەوە بەر مەحەکی تەفسیرکردنی عەقڵ، فۆکۆ دەپرسێت «ئایا دەکرێت بڵێین دەسەڵات بریتییە لە فیلمێکی مێژوو، هەروەک مێژووش بریتییە لە فیلمێکی عەقڵو بـەردەوام ئەویش براوە دەبێت، گەر وامان وت ئەوا بێئاگاین لە تەواوی شێوازی شکلبەندی ئەو پەیوەندییانەی دەسەڵاتدارێتی پێدەناسرێتەوە»، بەو جۆرە سەرلەنوێ تەفسیرکردنی دەســەڵاتو هێزە کۆمەڵایەتییەکان، لە چرکەساتێکی مێژوویدا کە ڕاستەوخۆ بەریەککەوتنەکە عەقڵ ڕاڤەی دەکاتو بڕێکی زۆری ئومێدە خەفەکراوەکان سەوز دەبنەوە.

بەڵام بۆ دەسەڵات دەخوازێت ئومێدەکان خەفە بکات؟ وەڵامەکەی لە پەیوەندی ئومێد بە دەسەڵاتەوە سەرچاوەدەگرێت، پەیوەندی دیموکراسی بە ئومێدەوە، لەوەوە نایەت کە دیموکراسی هەڵگری هەموو ئەو ئومێدانەیە کە دواجـار وەک خواستی بەرهەڵستکاران دەردەکەون، لەوەشەوە نایەت کە دیموکراسی لە بـازنـەی ئومێدە چاوەڕوانکراوەکاندا کورتبکەینەوە، ڕاستییەکەی لـەوەدایـە دیموکراسیی بەخشینی ئومێدە بە هاوڵاتیان بەوەی ئەوەی ئێستا هەیە سبەینێ دەشێت وەک خۆی نەمێنێت، دڕوستکردنی ئەو باوەڕەیە کە هەموو ئەو شتانەی لە ئێستادا هەن دەکرێت بە جۆرێکی دیکەو شێوازێکی دیکەو فۆرمێکی دیکە دابڕێژرێنەوە کە لە ئێستا باشتر بن، یاخود ڕاستر ئەوەی ئێستا دامـەزراوەو چەسپاوە بریتی نییە لە دواهەمین شکلبەندی.

لە کۆمەڵگە کراوەکاندا ئومێد بەشداریییەکی زۆر دەکـــات لـە دارشـتـنـەوەی چەمکی دیموکراسی، ڕاستییەکەی چەندە دیموکراسیو داپەڕوەڕیو مافی مرۆڤـو هاونیشتمانیبوون دەبنە کۆڵەکەی سەرەکی سیستمی دیموکراسی، ئەوەندەش ئومێد بەشداری کارا لە بەخشینی مانا ڕاستەقینەکانی ئەم چەمکەدا دەکـات، ساتێک بێ حورمەتی بەرامبەر هەرکام لەو مانا ڕاستەقینانەی دیموکراسی بکرێت، ئەوە مرۆقە لەم کۆمەڵگەیەدا لێیدەدرێت نەک هیچ دەزگاو دامەزراوەیەکی حکومی، بۆیە دەبینین لە زۆرکاتدا باجی لێدان لە دیموکراسی تەنیا هاوڵاتی دەیداتەوە، ڕاستییەکەی هەموو لێدانێکی جدیی لە دیموکراسی لە لێدانی ئومێدەوە سەرچاوەدەگرێت،بەشێکی زۆری دەسەڵاتداران کار بۆ ئەوە دەکەن هەر چەند بۆیان دەکرێت بێ ئومێدیی بەرهەمبهێنن، دڕوشمەکانی وەک هەر خۆمان براوەی هەڵبژاردنەکان دەبین، کەسی دیکە لە ئێمە بەرژەوەندییەکانی میللەتی پێ ناپاێزرێت، کەس لە سەرۆکی ئێستا شیاوتر نییە بۆ سەرۆکایەتی.... لەو دڕوشمە ترسناکانەن کە بڕێکی زۆر بێ ئومێدی بلاودەکەنەوە، ڕاستییەکەی بە تەنیشت بێ ئومێدییەوە ترسێک هەیە، کە هەموجار وەک سێبەری تۆتالیتاریزم خۆیمان نیشاندەدات.

هەتا بێ ئومێدی زیاتر پەل بهاوێت، ترس زیاتر ڕەگ دادەکوتێت، لە نێوان دەسەڵاتێکی گشتگیرو جەماوەردا تەنیا ترس دەبێتە ڕایەڵی پەیوەندی بەستن، هەروەک لە نێوان نائومێدیو ترسدا ڕستێک پەیوەندی هەیە کە سەرجەمیان دەچنە خزمەت دەسەڵاتێکی نادیموکراسییانە، بەمەش ئێمە خاوەنی جۆرێک دەسەڵاتی سیاسی دەبین کە تێیدا ترسێک سەرتاپای دامەزراوەکانی دەتەنێتەوە، ئەوەی بووەتە خاڵی ناوەندو کۆکەرەوەی ئەم مەسەلەیە، ئەوەیە کە ئومێد گەر دەروازی گۆڕانو کرانەوە بێت، ئەوا نائومێدی مانای وەستانو داخستنی دەروازەکانە، لێرەوە دەسەڵاتێک کە ئامادەباشی گۆڕانو نوێبوونەوە نەبێت، دەسەڵاتێک کە هیچ سنووریکی نەبێت، دەسەڵاتێک لەسەر بنەمای خوێنو هێزو سامان دامەزرابێت، بێگومان کار بۆ ئومێد ناکات، بەڵکو ئەوەندەی بکرێت کۆمەڵگە لە ڕووی دارایی و سیاسیو سەربازیو...هتد لەبەردەم ئەگەری چەندەها ترسدا ڕادەگرێتو تاکە ئومێدێکیش بۆ ڕەوینەوەی ترسەکان لە خۆیدا دەبینێتەوە!

بەڵام ئەو ترسە ڕاستەقینەیەی کە دەسەڵات خۆی ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە ئەجێندای خۆیدا حسابی جدیی بۆ دەکات، ترسێکە لە قوواڵیی هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوەدەگرێت، لـەو شوێنەوە کە ئـەم هێزانە لە ساتێکی مێژووییدا گوزارشت لە خۆیان دەکەنو بڕێک لەو کۆتو بەندانە دەشکێنن کە هەیە، لەگەڵیدا بڕێک لەو وێناکردنو خەیاڵانەی دەسەڵات بە ناوی ترسەوە بۆ سەر کۆمەڵگە کێشاویانە تێکو پێکی دەدەن، دروست ئەمە چرکەساتی ڕاستەقینەی ترسی دەسەڵاتدارانە. ترسی دەســەڵات لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان لەوەدا ناوەستێت ئەم هێزانە لە چرکەیەکی دیاریکراودا گوزارشت لە خۆیان دەکەن، بەڵکو لەوەدایە ئەم هێزانە ئۆرگانیزەدەبنو ئاراستەو تەوژمێکی ئەنتی دەسەڵات وەردەگرن، بەمەش ئەم هێزە کۆمەڵایەتییانە توانای ئیرادەیەک فۆرمەلەدەکەن کە پراوپڕ بریتییە لە بەرهەڵستکاریی توانایەک کە دواجـار دەســەڵات لە توانایدا نامێنێت بەریان پێبگرێت، ڕاستییەکەی لە پشتی هەموو ترسێکەوە شتێکی چاوەڕوانەکراو هەیە، شتێک بە کاتو ساتی ئێمە ناموێە، ئەوەی وادەکات لە نێوان دوو گەمەی ترسو ئومێددا ئیرادەیەکی نوێ بخولقێت کە بە قوواڵی گوزارشت لە سەردەمەکەی خۆی بکاتو گۆڕانی ڕیشەیی بخولقێنێت تەنیا دیموکراسییە.

* سەرنووسەری گۆڤاری ڕۆشنگەری
نەرویژ / ئۆسلۆ



گۆڕان لەکوێوە دەستپێدەکات؟

لوقمان حاجی کەریم

گۆڕان لە کوردستاندا ئەگەر لە شێوەو چۆنێتی بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەوە دەستپێنەکات، ئەگەر گۆڕانکاریی بەسەر خووڕەوشتی تاکدا نەیەت، ناچێتە خانەی گۆڕانەوە. ئەم بانگەشەیەی گۆڕانیش کە خەڵکو نوخبەی کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی بانگەشەی بۆ دەکەنو لیستی گۆڕانیش بە رابەرایەتیکردنی نەوشیروان مستەفا لە پێشبڕکێی هەڵبژاردنەکاندا پشتی پێبەستووە بۆ هەرچی بەدەستهێنانی

بەرپرسانی حیزبی گەورە سەرمایەداری حیزبیو حکومین کە ئالوگۆڕی سیستم دەکەن، گەر سیستمێک لە خزمەتی بەرژەوەندیی خۆیاندا نەبێت ئامادەنین گەشەی پێبدەن

زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، تێڕوانینی گۆڕانکارییە لە دیدگای ململانێی سیاسییەوە کە ناتوانرێت بەو ئەدای بیرکردنەوەیەوە کە لە گۆڕینی دەسەڵاتەوە دەڕوانێتە گۆڕانکاریی ریشەیی، هیچ هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بڕوات، جا ئەمەش نەک هەر مەحاڵە، بەڵکو شەپۆلێکی بە هێواشەکی رامالینە بەرەو دوورکەوتنەوە لە مەبەستی گۆڕانکاریی، چونکە لەناو ئەم بازنە سیاسییەدا بزووتنەوەی فەرهەنگیو کۆمەڵایەتی خەڵک لەژێر پەستانی بیرە سیاسییەکاندا سستدەبێتو ناتوانێت هەنگاوی خێرا بنێت.

زۆرێک پێیانوایە هێز باشترین کەرەستەی گۆڕانکارییە. جا ئەم هێزە لە زۆریی ژمارەی ئەندامانی پەرلەمانی کۆمەڵێک یان حیزبێکی خوازراوەوە بێت کە لە ئایندەدا حکومەتێک بە تەنیا یان لەگەڵ چەند لایەنێکدا پێکدەهێنێت، یان چەکدارانە بتوانێت جێگەی بەرامبەر لەق بکاتو خۆی بێتە جێگرەوەی دەسەڵاتی پێشووی.

لێرەوەو بەپێی ئەم بیرکردنەوەیە، حکومەت یان دەسەڵات بەتەواوی توانای گۆڕانکاریی ریشەیی لە سیستمی بەڕێوەبردنو بیرکردنەوەی خەڵکدا هەیە. هەڵبەتە ناتوانرێت کاریگەریی دەسەڵات لە گۆڕانکاریدا فەرامۆش بکرێت، بەڵام ئەمەش رایەکی موتلەق نییەو تاکە کەرەستەی گۆڕانکاری نییە.

رزگاربوون لەو دێوەزمەیەی کوردستانی کردووە بە تۆپەڵێک ترسی ئەبەدییو بە جەستەی گەلەکەی سەر کۆلییەوە ئالاوە، تەنیاو تەنیا بە گۆڕینی دەسەڵات لە دەستی کۆمەڵێکی مشەخۆرەوە بۆ کۆمەڵێک هەڵگەڕاوەی مشەخۆری دیکە رزگاری نابێت، ئەگەر ئەو کۆمەڵە نوێیە خاوەنی هەمان فەرهەنگو بیرکردنەوەبن.

گۆڕانکاریی لە کۆمەڵگەیەکی پڕ ڕەهەندو فرەبیرکردنەوەو قالبووی ناو فەرهەنگۆکێکی خێڵەکی، ئەو فەرهەنگەی نەیتوانیوە بەشێکی کەمی شارستانییەت بەخۆیەوە بئاڵێنێتو لەسەر زەمینەی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی پیادەی بکات. گەر لە هەوڵی گۆڕینی فەرهەنگەکەی خۆیدا نەبێت، ئەوا دیسانەوە ناتوانێت گۆڕانکاریی ریشەیی بکات.

فەرهەنگی حیزبی کوردی لە ڕۆشنبیرییەکی تایبەت بە حیزب پێکدێت، ئەم ڕۆشنبیرییەش کەرەستەی مانەوەی سیستمی حیزبەو بەرپرسانی حیزبی گەورە سەرمایەداری حیزبیو حکومین کە ئالوگۆڕی سیستم دەکەن، گەر سیستمێک لە خزمەتی بەرژەوەندیی خۆیاندا نەبێت ئامادەنین گەشەی پێبدەن.

لە کوردستاندا دوو چینی زەقو دیار دەرکەوتوون کە هەرگیز نایانەوێت فەرهەنگو ڕۆشنبیری گۆڕانکاریی بەسەردابێت. ئەم دوو چینە زەقو دیارە سەرمایەدارانی حیزبیو ڕۆشنبیرە سوودمەندبووەکانی ئەو فەرهەنگەن کە بە پارێزەری فەرهەنگی حیزب دادەنرێن. ئەمانە خاوەنی زۆرترین سەرمایەی کەلەکەبووی دەیان ساڵی داهاتی خەڵکی کوردستانن، کە بەبێ ئەم دوو چینە دیارە خاوەن سامانەی دانیشتووانی کوردستان بازرگانیو بەرهەمهێنانو کارگێڕی لاوازدەبن، چونکە ئەوان دەستیانگرتووە بەسەر تەواوی بازاڕو بەرهەمەکانی پیشەسازییو کشتوکاڵو مەوادی خاموتەواوی بنچینەو سەرچاوەی گشتیی هۆکانی ژیانی خەڵک لە کوردستاندا.لە هەرگۆڕانکارییەکی چاوەڕوانکراویشدا ئەوان بە وریاییەکی زۆرەوە هەنگاوە مەرجدارەکانیان دەهاوێژن.

لەکاتێکدا تاکە یەک بستی کوردستان نەماوەتەوە نەبێتە مولکی سەرمایەدارەکانی حیزب، هیچ پرۆژەیەکی بەرهەمهێنان نەماوە کە پشکی ئەوانی تێدا نەبێت، تەنانەت هاوینەهەوارەکانیش کە بۆ گەشتوگوزار بەکاردەهێنرێن دەستیان بەسەرداگیراوە، ئیتر ئەوە کام دەسەڵاتە ساحیرەیە بە گۆچانەکەی دەستی لە پەرلەمانێکی بێخەمەوەو بە کۆمەڵێک یاسای نەزۆکی دیکەوە دێتو ئەم سیستمە چەقبەستووە دەگۆڕێت؟

ڕەنگە ئاسانبێت بیر لەوە بکرێتەوە داهاتی ساڵانەی هەرێمی کوردستان کە لە حکومەتی ناوەندییەوە دێت بە شێوەیەکی عادیلانە بەکاربهێنرێت بۆ خزمەتگوزارییەکانی خەڵکو داخوازییەکانیان بەم بڕە داهاتەی ئایندە بهێنرێتە دی، بەڵام ئایا لەبەرامبەر ئەو هەموو سەرمایەگوزارییەی دەسەڵاتدارانی حیزبیدا دەتوانێت کاریگەری دابنێت؟ خۆ ئەگەر تەنیا سەرمایەش هۆکاری گۆڕانکاریی بێت، ئەوا دیسانەوە نابەرابەرییە پێشوەختییەکان ڕێگە نادەن بە گۆڕانکاریی لە سیستمی بەڕێوەبردندا، چونکە خاوەن سەرمایەکان بۆ مانەوەی سەرچاوەی سەرمایەگوزارییەکانیان مەرج دادەنێن لەبەردەم هەر گۆڕانکارییەکدا.

سەرمایەگوزاریو مافەکانی سەرمایەگوزارانو وەبەرهێنەران بەکۆمەڵێک یاسا ڕێکخراون، تەواوی ئەم یاسایانەش بەشێکی گرنگیان لەلایەن ئەو کەسانەوە نووسراونەتەوە کە ئێستا داوای گۆڕانکاریی دەکەن!، ئاخۆ ئەوان دەیانەوێت ئەم یاسایانەی دەیان ساڵ هەوڵی پیادەکردنیان داوە هەڵبووەشێننەوەو لە جێگایدا یاسایەک دابڕێژنەوە کە لەخزمەتی دانیشتووانی کوردستاندابێت؟ گرنگە لەوە بگەین کە گۆڕانکاری لە چۆنێتی بیرکردنەوەی خەڵکەوە دەستپێدەکات، ئەو بیرکردنەوەیەی کە دەتوانێت کلتوور بگۆڕێت، هەموو کۆمەڵگەیەکیش بیەوێت گۆڕانکاریی بکات، ئەوا پێویستە لە غیابی کلتوورەوە دەستپێبکات. لە کۆمەڵگەی کوردیشدا بە غیابی کلتووری حیزب، دەتوانرێت گۆڕانکاریی وەدەستبهێنرێت.



فریای پۆلیسی فریاکەوتن بکەون

محەمەد شێخ فاتح

* شەوی٢٦/٢٧-٧-٢٠٠٩ دوای ئەوەی برادەرێکی یەکێک لە کوڕەکانی بەرپرسێکی هەرەبااڵی هەرێمو یەکێتی شەڕێک دەکات، ڕاستەوخۆ لە لایەن پۆلیسی فریاکەوتن(١٠٤)ەوە دەستگیردەکرێت، دواتر داوا لە پۆلیس دەکرێت کە بەرەاڵی بکەن، بەاڵم ئەوان ئەو فەرمانە نایاساییە جێبەجێ ناکەن، بۆیە کوڕەکەی ئەو بەرپرسەو چەند پاسەوانێک بەبەرچاوی هەموو خەڵکەوەو لەسەر شارێگەی سالم دەچنە سەر پۆلیسی فریاکەوتنو شەڕو پێکدادان لە نێوانیاندا ڕوودەداتو پۆلیسێکو یەکێک لە پاسەوانەکانی بریندار دەبن.

* شەوی ١٣/١٢ی تەممووز، لە شەقامی تووی مەلیک بە بەرچاوی سەدان کەسەوە، شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، وەزیری پێشمەرگە بە خۆیو پاسەوانەکانییەوە هێرش دەکەنە سەر ئەفسەرێکی پۆلیسی فریاکەوتن، دوای ئەوەی ئیهانەی دەکەن لە شوێنێکی دوور فڕێی دەدەن.

* ماوەیەک بەر لە ئێستا کوڕی یەکێک لە بەرپرسە هەرە باڵاکانی حکومەتی هەرێم، هێرش دەکاتە سەر پۆلیسی فریاکەوتنو پشێویو ئاڵۆزیی دەنێتەوە.

ئینجا..

ئەوەی کە هاوڵاتیان بەردەوام شانازییان پێوەدەکەنو تا ئاستێکی زۆر باش بەکارەکانی خۆیان هەڵدەستن، هێزەکانی ئاسایشو پۆلیسن، کە بەرپرسانی حکومەتی هەرێمیش بەردەوام بەدەستەکەوتێکی گەورەیان دەزانن، بەاڵم ئەوە هەر بەرپرسانی حکومەتو کوڕەکانیانن کە ئاسایشو ئارامیی تێکدەدەنو هەر خۆشیانن هێرش دەکەنە سەر کەرامەتی حکومەتی هەرێم، ئەوە لە کاتێکدایە لە هیچ کونجو کەلەبەرێکی ئەم دنیایەدا مۆدێلێکی لەو جۆرەت دەست ناکەوێت کە خۆت هەڵبکوتیتە سەر حکومەتەکەی خۆت.

پەالماردانی هێزەکانی پۆلیس لەلایەن بەرپرسانەوە ئاماژە بەوەدەکات کە ئەگەرچی لە زیانی خۆشیاندا بێت بە خراپی داموودەزگا حکومییەکان بۆ خۆیان بەکاردەهێنن و چۆنیان بوێت مامەڵەیان لەگەڵدا دەکەن.

بڵێی باڵەخانەی ئیفتیتاحکراوی تەواو نەبووی خانەی داد لە سلێمانی مژدەی ئەوە لەگەڵ خۆیدا بهێنێت کە لە توانایدا هەبێت ئەو کەسانە دادگایی بکات کە بێ هیچ پاساوێکی دروست پەالماری بارەگای حیزبیو حکومیی دەدەن؟

چونکە..

پەالماردانی هێزەکانی ئاسایشو پۆلیس هێندەیتر ترسو دڵەڕاوکێ دەخاتە دڵی هاوڵاتییانەوە.

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: «گۆشت، بۆ ئەوەی بۆن نەکات خوێی پێوە دەکەن، ئەی ئەگەر خۆێ خۆی بۆن بکات چی بکەین؟»، بەاڵم لێرەدا قسەکە ئەوەیە کە بڕیاروایە هێزەکانی ئاسایشو پۆلیس گیانی هاوڵاتیان بپارێزن، ئەی ئەگەر خۆیان بەر هێرش کەوتن، کێ پارێزگاریی لەوان بکاتو کێ هاوڵاتیان دەپارێزێت؟

لە هیچ کونجو کەلەبەرێکی ئەم دنیایەدا مۆدێلێکی لەو جۆرەت دەست ناکەوێت کە خۆت هەڵبکوتیتە سەر حکومەتەکەی خۆت

مجلس القضاء
رئاسة محكمة أستئناف منطقة السليمانية
محكمة بداءة السليمانية/ الرابعة
العدد: ١١٤/كشف مستعجل/٢٠٠٩
اعلان
طالبة الكشف المستعجل/ نيشتمان فريق حمه فرج
الى/ المطلوب أجراء الكشف المستعجل ضده/ احمد منير طاهر
أقامت طالبة الكشف المستعجل الدعوى المرقمة (١١٤/كشف مستعجل/٢٠٠٩) عليك لدى هذة المحكمة طالبة فيها أجراء الكشف المستعجل و تثبيت الحالة الراهنة للدار المرقمة (١٦٣/٤١ م٨ أبلاخ) الواقعة في محلة (٤١٢/ رزكارى) و محتوياتها تلك الدار التى قمت بأستأجارها من طالبة الكشف المستعجل منذ تأريخ (٢٠٠٩/٢/٢٤) ببدل أيجار شهرى قدره (٣٢٥٠٠٠) ثلاثمائة و خمسة و عشرون دينار عراقى و بعد مدة من أسكانها تركتها مغلقة دون علم و أذن المؤجرة ولم تدفع لها ايجار شهرى (حزيران و تموز/٢٠٠٩). عليه و لجهولية محل أقامتك في الوقت الحاضر قررت المحكمة تبليغك عن طريق صحفيتين يوميتين محليتين لحضورك أمام هذة المحكمة في يوم (٢٠٠٩/٨/٥ الساعة ١٠,٣٠)و بعكسه تجرى المرافعة غيابيا بحقك وفق القانون.
القاضى
سالار رؤوف محمود

خاوەنی ئیمتیاز: کۆمپانیای وشە
سەرنووسەر: عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com
بەڕێوەبەری نووسین: ئاودێر شێخ عومەر awder.sh.omer@gmail.com
کارگێڕیو ریکالامو ئاگاداری: ٠٧٤٨٠١٢١١٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info.rozhnama@gmail.com
riklam.rozhnama@gmail.com
دەستەی نووسەران:
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدوڵڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com
ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩
دابەشکردن: کۆمپانیای نیوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠
ئۆفیسی سەرەکیی: سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی
ئۆفیسی هەولێر: شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

نەوەی نوێ..

فەرهاد مستەفا

ئەگەر هەموو دەسەڵاتێک پێویستی بە ڕووپۆشێک بێت بۆ جوانکردنی سیمای، ئەوا سەیرترین جوانکاری گوتاری دەسەڵاتی کوردی، ئیشکردنە لەسەر پەناگرتن و گەڕاندنەوەیەتی بۆ رابردوو، بە واتە ئاشناکردنەوەی ڕۆحی تاکی کوردی بە خەباتو قوربانیدانی رابردوو، تەنانەت لەم کایەیەدا هێندەی قوربانییەکان مۆرکی حیزبایەتی وەردەگرێت، ئەوەندە مۆرکێکی نەتەوایەتی هەڵناگرێت، بە واتە کەسی قوربانی، سەروەرییەکە بۆ دەسەڵات، وەک چۆن دەبێتە ئاماژەیەکی وریاکەرەوەو هەڕەشە ئامێزیش بۆ هەموو ئەوانەی کە دەیانەوێت بەشێک بن لە دەسەڵات، یان نوێنەرایەتی دەسەڵات بکەن، خۆ ئەگەر سەرگورشتەی قوربانیانی جەنگی ناوخۆش لە پرسیارێکی تراژیدا خۆی بەیانبکات، بێ هیچ شەنوکەوێک تۆمەتی ناحەزو ئیرەیی بە ئاشتەوایی دەسەڵاتی کوردی، لە قەبەڵی تاکی پرسیارکەر دەخرێت.

دروست، هەر کاتێک دەسەڵات کەوتە تەنگەژەو قەیرانی قەوارەو چەندێتییەکەی، ڕاستەوخۆ ئیش لەسەر ختوکەدانی سۆزی جەماوەر بەگشتیو ئەندامانی حیزب (کـە ئەوانیش بەشێکن لە پێکهاتەکانی جڤات)بەتایبەتی دەکەن،

مانشێتی: ئێمە هەبووین بۆیە ئێوە ماون، گەمەیەکە هەمیشە ئامادەیی هەیە.

هەڵبەت دەسەڵاتی کوردی لە مێژە درکی بەو ڕاستییەکردووە کە کەسایەتی تاکی کوردی لەڕووی سۆزداریی‌یەوە هەمیشە لە لوتکەدایەو لەباری نۆرمەڵ سەر چیغدەکات، بۆیە سەیر نابێت تەواوی ڕووبەری ئەدەبیاتی دەسەڵات، تەرخانبکرێت بۆ جوینەوەو ناساندنەوەی چەند بارەی رابردوو. ئەو رابردووەی ئەگەر بە هەڵەیەکی کوشندەشدا گـوزەری کردبێت، هێشتا جوانترین کـاڵا، بە باڵایدا دەبرێت. بەو مانایەی ڕەواییەک بە قۆرخو زەوتکردنەکانی ئەمرۆ دەبەخشێت، بەو پێیەی لە رابردووی دووردا ماندووبووەو ڕەنجی کێشاوە. بێئاگا لەوەی نەوەیەک ئێستا ئامادەیی هەیە، کار لەسەر ئێستابوون دەکات. نەوەیەک ڕێز لە رابردوو دەنێت، بەڵام بەتوندی بەگژ هەڵەکانیاندا دێتەوەو شەرم لە پەڵە ڕەشەکانی مێژوو ناکات، ڕێگرە لە دووبارەبوونەوەی نەوەیەک موتەحەمیسەو دەستخۆشی لە جوانکۆژ ناکات کە تاڵانی سامانی نیشتمانو قووتی ڕۆژانەیکرد بیدەنگ نابێت. نەوەیەکە نایانەوێت لە باتی ئەوان بیربکەنەوەو بڕیاربدەن.

بێگومانیش ئەو کاتەی خواستی گۆڕان دەبێتە خواستێکی ریشەیی سەرجەم پێکهاتەکانی کۆمەڵ، نیگەرانی دەسەڵاتی تۆتالیتار لەو ساتەوەختەدا چڕدەبێتەوە کە ئەو حەقیقەتەی بۆ ئاشکرادەبێت، چیتر ناتوانێت بەکایەکانی دیماگۆژی، دەنگی ناڕەزایی و تووڕەبوونەکان تەفرەبدات.

پەلەقاژەی بەرگریکردن لەوەی کە ڕوودەدات، لەوکاتەوە ئاشکرادەبێت کە بە مەدحو سەنای خۆیو هەجووی گروپی نەیار ڕەنگەدەداتەوە. تەنانەت دادەبەزێتە ئاستێک حەقیقەت بەوەهەمو وەهم بەحەقیقەت دەبینێت. ئامانج لای ئەو بە تاڵکردنەوەی خواستی گۆڕانە، ئیدی چەندێک کۆمەڵگە ئەمەی لێدەسەلمێنێت، ئەمە جێگەی خالی سەرنجی ئەو نییە، کەواتە پەرچەکرداری پارێزەرانو داکۆکیکەرانی دۆخی چەقبەستوو چۆن خۆی بەیانبکات، ناشێت بە کارێکی نەشازو سەرسوڕماو لە قەڵەمبدرێت کە ئەمەش بەهەمیشەیی لە گوتاری چینی سوودمەندو هەلپەرستو گەندەڵ ڕەنگەدەداتەوە، بەو مانایەی ڕۆڵـی کارەکتەرێک وێنادەکەن کە لە مەلیک مەلیکترین. ئاشکراشە هەموو دەربارێک خالی نابێت لە شایەڕەکانی کە زۆرجار لەلای نەوەی نوێ زۆر بە تووڕەیی بەرپەرج دەدرێنەوە.

نەوەی نوێ لەلای ڕوونە دەسەلاتی بیرۆکراسییە، ئـەرکو واجباتەکانی خۆشی بە بەخشندەیی.. ئازادییەکی ڕێژەیی بە بەخشین لە قەڵەمدەدەن، لێرەوە بێ متمانەیی لەنێوان دەسەلاتو ئەندامەکانی، دەسەلاتو جڤات سەرهەلدەدات، وەک ئەو دۆخەی ئێستا کە کۆمەڵگەی کوردی پێدا تێپەڕدەبێت.

دەسەلاتی تۆتالیتار بۆ شاردنەوەی دەنگی تووڕەو کپکردنی ناڕازییەکان ئەگەر لە سەرەتاوە لەڕێگەی کڕینەوە، چ بە نهێنی چ بە ئاشکرا، لە شێوەی ئیمتیازاتو مەکرەمەدا هەوڵدەدەن متیانبکەن، وەختێک بەرژەوەندییە تایبەتیەکانیشیان کەوتە دۆخی مەترسییەوە، هەڕەشەو ترساندن گوتاریانەو لە خستنەڕووشی بێباکن کە درکیشیان بـەوەکـرد سـەرەتـایـی قۆناغێکی نـوێ دژ بە خواستەکانیان دەنووسرێتەوە، گریمانەی تۆقاندنو ڕاوەدوونان، دوا قۆناغی گوتارە، بەڵام ئاخۆ نەوەی نوێ ئەوەی لێدەسەلمێنێت؟ هەڵبەت ئایندەی نزیک وەڵامدەرەوەی هەموو پرسیارەکانی ئێستایە.

تەزویرکردنی ئەزموونی دیموکراسی



ئیسماعیل عوسمان

چەمکی دیموکراسی یەکێکە لەو چەمکانەی کە بێلایەنە، بەڵام بەردەوام حکومەتو دەسەڵات مانای پێدەبەخشن. دەسەڵات دەتوانێت بەهەر دوو لایەنی نێگەتیڤو پۆزەتیڤ کار بەم چەمکە بکات، دەتوانێت کار بکات لەسەر بنەماکانی ناشیرینکردنی ئـەم چەمکە، بەڵام لەهەمانکاتدا ناوی دیموکراسی لێبنێت. هەر دەسەڵاتە دەتوانێت ڕوخسارێکی جوانو بەرگێگی نوێ بکات بە بەر ئەم چەمکەداو پیشانی دەرەوەی خۆی بدات.

ئەوەی لەم ناوەندەدا ڕوڵدەبینێتو هەڵسەنگاندن بۆ ئەم چەمکە دەکات بکەرە سیاسییەکانو هەڵسوڕاوانی ناو ناوەندەکانی پرۆسەی سیاسی نین، بەڵکو هەموو ئەو کەسانە بە چاوێکی بوێرو هەڵسەنگاندێکی ئەخلاقیانەوە ئەم چەمکە هەڵدەسەنگێنن، ئەویش ئەو سیاسییە بێلایەنو ڕۆشبیرو ڕۆژنامەنووسو یاساناسانەن کە هـەردەم قەڵەمو وتەکانیان لە خزمەت بەرەو پێشچوونی ئەزموونی دیموکراسیدایە.

چەندچرکەساتێک هەیە کەلەمێژووی نەتەوەییدا ئەزموونی دیموکراسی پێدا تێدەپەڕێت، ئەو تێپەڕاندنەش وەک فلتەرێک وایە بۆئەوەی چەمکی دیموکراسی تێدا تاقیبکرێتەوە (کە بەردەوام لەلایەن دەسەلاتەوە بانگەشەی بۆ دەکرێت)، یەکێک لەو چرکەساتە مێژوویییانە هـەڵـبـژاردنـە، چونکە پابەندبوون بە چەمکی دیموکراسییەوە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا سەرەتاترین کارە بۆ بونیادنانی چەمکی دیموکراسی.

ئەوەی کە لەپێش هەڵبژاردنەکانی کوردستان لێرەو لەوێ لە ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی کوردیدا، بەتایبەتی لە هی هەردوو حیزبی باڵادەست بەدیدەکرا، بەردەوام بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە پرۆسەی ئەمجارەی هەڵبژاردنەکانی کوردستان جیاوازە لە هەڵبژارنەکانی پـێـشـوو پێویستە بـەشـێـوازێـکـی دیموکراسییانە ئەنجام بدرێت، چونکە ئەم دۆخەی گەلی کوردی تێیدا دەگوزەرێت دۆخێکە پێویستە بە شێوازێکی زۆر وردو مامەلەی لەگەڵ بکرێت.

ئەوەی کە هەر لە ئەنجامەبەراییەکانی هەڵبژاردنەوە بینراو لەلایەن چاودێرانی لیستو قەوارە سیاسییەکانی دەرەوەی دەسەلاتەوە باسیلێکرا کە لەدوا چرکە ساتەکانی پرۆسەی هەلبژاردندا، دووپارتە سیاسییە هاوپەیمانەکەی دەسـەڵات کەوتوونەتە کارکردن پۆ پێشلکردنی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆنی بـاڵای هەلبژاردن، بەڵام لەهەمانکاتدا کۆمسیۆن بێدەسەلات بووە بەرامبەر ئەو کارانەی کە دەسەلات ئەنجامیداوە.

ئـەو کـارەی دەســـەڵات دەیکات لـەلایـەک شێواندنی ئـەو ئەزموونە دیموکراسییەبوو کە دەسەلاتی سیاسی لە پێش پرۆسەی هەڵبژاردنەوە بانگەشەی بۆ دەکرد، لەلایەکی دیکەوە ونکردنو تەزویردکردنی ئیرادەی گشتیی خەڵکی کوردستانە، چونکە بەشێک لەو خەڵکەی کە دەسەلاتی سیاسی ئەو کارەی پێ ئەنجامدابوون هێزەکانی ناوخۆبوون کە پێشتر ئەوان دەنگیاندابوو، یاخود ئەو کەسانەن کە لە پێناو لەدەستچوونی مووچەکانیان ئـەو کـارانـەیـان پێ ئەنجامدراوە، بەشێکی دیکەیان کەسانێکی مەبدەئی بوونو لەپێناو لە دەستدانی ئەو بەرژەوەندییانەی کە هەیانبووە ئەو کارەیان کردووە.

بـەم کـارەش دەســـەڵات جارێکی دیکە پێیوتین کە بەهەر جۆرێک بووە نایانەوێت دەستبەرداری کورسییە سیاسیو حکومییەکانی ئەم هەرێمە بن، ئەوەش تەزویرکردنی ئەو ئەزموونەیە کە ئەوان ناویدەنێن دیموکراسی.

دەبێت ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە لە هەڵبژاردنەکانی پێشووی عێراقدا، هەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان خرانە لیستی ڕەشەوە! لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە ئەم جارە پرۆسەی دیموکراسی چەندین ڕێکخراوو ڕۆژنامەنووسانی نـێـودەوڵـەتـیو جیهانی چاودێریی پرۆسەکەیان کردووە، ئەوەش وادەکات کە ئەگەر لە ئیعلانکردنی پرۆسەکەدا بەشێوازێکی ڕاستگۆیانە هەموو ئەو خروقاتانە بخرێنەڕوو کە ئەنجام دراون، ئەوا دووبارە ئەزموونی دیموکراسیی کوردی دەکەوێتە بەر ڕەخنەی تووندی نێودەوڵەتیو لەمەشدا هەموو ئەو لایەنانە بەرپرسن کـە خروقاتیان ئەنجامداوە، تۆمارکردنی ئەم چرکەساتە مێژووییە بەشێوازێکی خراپ، دەسەلاتی کوردی بەگشتیو لایەنە جیاوازەکان کە ئەو کارەیان کردووە لێیبەرپرسن!

لە هەموو ئەو شتانەی ئاماژەمان پـێـدا گرنگتر ئـەوەیـە کـە پێویستە دەرئەنجامەکانی پرۆسەی هەلبژاردن لەلایەن هەموو ئـەو لایـەنـو قـەوارە سیاسییانەوە قبوڵبکرێت، ئەگەر چی ئەم هەلبژاردنە بە سەرجەم لایەنە خرابەکانو ئەو تەزویراتەشی کە تێیدا ڕوویداوە، ئەزموونێک بووە کە پێویستی بەوە هەیە ئیستێکبکرێت لەسەرەیو ئەزموونی کوردیش بخرێتە بەردەم نەشتەرگەری ورد، بەڵام هەرچۆنێک بوو تەکانێک بوو بە ئەزموونی دیموکراسیی کوردیو هێزە سیاسییەکان،ئەوەش دەبێتە زەمینەسازی بۆ گۆڕانی دەسەلاتی سیاسی لە چوار ساڵی ئایندەدا، ئەگەر هاتوو نەتوانێت نوێگەری لە کارەکانی خۆیدا بکاتو بە ئەزموونی هەژدەساڵی خۆیدا نەچێتەوە، ئەوا بـەرەو سەرەولێژبوونەوەیەکی خراپ هەنگاودەنێت.

esmailhuramani@yaoo.com

جیاوازی بیروڕا، جیاوازی بەرژەوەندی دروست ناکات



نەجات ئەسپێندارەیی

لە وڵاتە دیموکراسییەکان هەروەها لەو وڵاتانەی کە تازە بەرەو دنیای دیموکراسی دەچن نابێت جیاوازی بیروڕاو جیاوازی چینایەتیو جیاوازی حیزبایەتی ببێتە بنچینەی ناکۆکیەکانو کۆمەڵگە بـەرەو لێکترازان ببەن، جیاوازی بەرژەوەندی دروست بکەن، بەڵکو دەبێت ململانێی حیزبایەتی لەسەر ئەوەبێت کە کامەیان ئاسوێەکی ڕوونـتـرو ئایندەیەکی گەشترو ژیانێکی بەختەوەرتر بۆ کۆمەڵگە دابین دەکـەن، لەم ڕۆژگـارەدا هیچ میللەتێک بەقەد میللەتی کورد باجی ململانێی حیزبایەتی نـەداوە، هەموو ململانێکانیش لەپێناو بەرژەوەندی سەرکردەو بەرپرسەکان بووە، ئاکامی هەموو ململانێکان بەزەرەری میللەتو بە قازانجی سەرکردەکان تەواو بووەو خێرو بێرەکەی ڕژاوەتە نێو گیرفانی سەرکردەکانو خەمو پەژارەکەشی بۆ میللەتی قوربەسەر ماوەتەوە، ئەندامو لایەنگرانی حیزبەسیاسییەکان بەهەموو ئاراستەکانیانەوە ئەگەر لە ئەنجامی تێگەیشتنو پێگەیشتنێکی هۆشیاریی‌یەوە بە پلەوپایەی بەرپرسیارێتی نەگەن ئـەوە هەرگیز ناتوانن کۆمەڵگە بەختەوەربکەنو ژیانێکی ئاسودە بۆ خەڵک دابین بکەن، لەو چەند ساڵەی ئەزموونی کوردیدا بۆمان دەرکەوت کە حیزبایەتی خزمەتی خەڵک ناکات، بەڵکو دژایەتی ئەو خەڵکە دەکات کە لەگەڵ حیزبدا هاوبیروڕا نینو سەمەو تاعەیان بۆحیزب نییە، حیزبێک چۆن دەتوانێت ئەو بەڵێنانەی کە بەخەڵکی داوە جێبەجێی بکات لەکاتێکدا کە کاری سەرەکی ئەوحیزبە حیزبایەتیکردنو ڕاکێشانی خەڵک بێت بۆ ناو حیزبەکەی، لە قۆناغی ئێستامانداە ئەو حیزبەی یاخود ئەو لیستەی کە دەردەچێت دەبێت پاریزەری بەرژەوەندییەکانی گـەڵ بـێـت، لـە چـارەسـەرکـردنـی گەندەڵیو سرینەوەی ئاسەواری ململانێی حیزبایەتی بەوڵاوە نابێت بیر لە هیچ شتێکی دیکە بکاتەوە، لە قۆناغی ئایندەماندا حکومەت دەبێت حکومەتێکی پرۆفیشنانڵ بێت مرۆڤی شیاو لەجێگەی شیاو دابنێت بۆ ئـەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی ڕێکوپێکو هاوچەرخانە خزمەتی خەڵک بکەن، حکومەتی ئایندە دەبێت لە ناخی خۆیدا پەیامی ئاشتیو برایەتی بۆ ئەم خەڵکە هەڵگرتبێتو خەڵک بـەرەو داهێنانو ڕێکخستنی ژیانێکی پڕ لە کامەرانیو سەرفرازی ئاراستە بکات، ئەم خەڵکە ڕەشو ڕووتە لە مافی خۆی زیاتر شتێکی دیکەی لە حکومەت ناوێت، نایەوێت حکومەت پـاروو‌ی نانپان بۆ بکاتو بیخاتە دەمیانەوە، بەڵکو دەیەوێت حکومەت دەرفەتی کاری بۆ بڕەخسێنێت ئەمنو ئاسایشی بۆ بەرقەرار بکات دادگەڕی کۆمەڵایەتی بۆ بچەسپێنێت، ئەو خەڵکە دەیەوێت بە ئازادی بژیو بە ئازادی کارو فەرمانەکانی خۆی ڕاپەڕێنێت، کەس تەنگی پێ هەڵنەچنێت، حکومەتی داهـاتـوو دەبـێـت خـۆی لـەم جۆرە بیرکردنەوانە بپارێزێت کە تەنیا فەرمان لە یەک حیزب وەربگرێت، لەبن چەترەی یەک حیزبدا فەرمان وەربگرێتو فەرمان بداتو خەڵکی دیکەش بخاتە پـەراوێـزەوە، چونکە ئەو شۆڕشو ڕاپەڕینانەی کە کورد کردوویەتی لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ هەموو ئەو خەڵکانە تێیدا بەشداربوونەو قوربانیانداون کە ئێستا لەژێر چەترەی ئـەوان نـەمـاونو بـەئـازادی خۆیان بـیـروبـاوڕی حیزبەکانی دیکەیان پەسندکردووە، بەسەر حیزبەکانی دیکەدا دابەشبوونەو لەنێو حیزبەکانی دیـکـەدا دڕێـژە بە خەباتی خۆیان دەدەن، جا پێویستە لەسەر حکومەتو پەرلەمانی داهاتوو ئەو جیاوازیە قوبوڵ نەهێڵن کە ئێستا لەنێوان ئەندامو لایەنگرانی حیزبە گەورەو بچووکەکاندا هەستی پێدەکرێت، پێویستە ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە لە فەرهەنگی خۆیاندا بسڕنەوەو کلتووری خۆیان لەمجۆرە بۆچوونانە پاک بکەنەوە، هەروەها پێویستە لەسەر حکومەتو پەرلەمانی داهاتوو ڕابردووی تاڵو تفت لەبیری خۆیانو خەڵکی ستەمدیدە بەرنەوەو ئەو فاکتەرو خاڵە لاوازانەش بەجوانی شی بکەنەوە کە بوونە هۆی لێکترازانو ئاشوب خستنە نێومااڵی کورد، مللانێی حیزبایەتی کە لە قالبی هەموو داب‌و نەریتو عورفێکی سیاسی چووەتە دەرەوە میژوویەکی ڕەشەو پێویستە لەبیر خۆمانی بەرینەوە، تەنیا ئەوەمان لە زەیندا بمێنێت کە ئەو ئەزموونە تاڵە چ زامێکی گەورەی خستە ناخمانەوەو چ گورزێکی گەورەی لێداین بۆ ئەوەی ببێتە پەندو عیبرەت بۆ داهاتوومان.

قۆناغی داهاتوومان ئەوە دەخوازێت کە حکومەتو پەرلەمان بە زمانی دیالۆگو بە فیکرێکی قوبوڵ هەستێکی بەرپرسیاری گەورەوە بێنە نێو خەڵکو دڵی ئەو خەڵکە ڕابگرن، بۆ ئەوەی تاکی کوردیش وەکو هەموو خەڵکی سەر ئەم زەمینە بە ئـازادی نەفەس بدات، لەنێو دنیای ئازاددا سەرفرازو بەختەوەربێتو هەست بکات کە هێلانەو هەوارگەیەکی هەیە، تاکی کوردی هێشتا هەر بە خەیاڵ گەشتێکی ڕۆحی بەنێو دنیای ئـازاددا دەکات، بەڵام کە دێتە سەر ئەرزی واقیع هێشتا هەر قسەیەو بە کردەوە هیچی نەدیوە، لەم سەردەمە ئاڵۆزو پڕ لە قەیرانەدا کە ناوچەکەی پێدا تێدەپەڕێت پێویستە چەمکی حیزبایەتیو بەحیزب بوون بخرێتە پەراوێزەوەو بەرژەوەندییە گشتییەکان ببنە بنچینەو ئەولەویاتی کاری حکومەت، بێگومان لە هەموو وڵاتێکدا فرەحیزبی هەیە، بەڵام فرەحیزبی بەو مانایە نییە کە لەبەر ململانێو بـەرژەوەنـدی حیزبایەتی ئاگایان لە کۆمەڵگە نەبێتو هەر سەرقاڵی خۆقایمکردنو خۆ فراوانکردن بـن، بەڵکو حیزبایەتی بـەرلـەوەی بەرژەوەندخوازی بێت بەرپرسیارێتییە، ئومێدەخوازین لە حکومەتو پەرلەمانی داهاتوودا پەیوەندی نێوان حکومەتو خەڵک یان پەیوەندی نێوان خەڵکو دەسەلات لەسەر بنەمای هاوکاریو بەرپرسیارێتیولێکترنزیکبوونەوە بێت، نەک پەیوەندییەک وەک ئێستا لەسەر بنەمای ترسو گومانو دڵەڕاوکێو درۆکـــردن لـەگـەڵ یەکتری بێت، پەیوەندییەک کە بتوانێت ببێتە چەترێکی یاسایی‌و ئەخلاقی بۆ فەرمانڕەواو فـەرمـانـبـەران بـۆ کـاربـەدەسـتـو کارمەندان بۆ هـــەژارو دەوڵەمەند بۆ هەموو کەسێک بەبێ جیاوازی، دروستکردنی ئـەو پەیوەندییەش دەگـەڕیـتـەوە سـەر نیاز پاکی ئەم خەڵکە بەتایبەتی چینی سیاسەتمەدارو ڕۆژنامەنووسو ئەدیبو ڕۆشنبیران، بـــەڵام ئـــەدیـــبو ڕۆشـنـبـیـری مرۆڤپەروەرو نیشتمانپەروەر نەک ئەوانەی لەبن سێبەری حیزبدا هەر خەریکی ورگ پـڕکـردنـو گیرفان پرکردنن، ململانێی حیزبی ئەگەر کێبڕکێ نەبێت لەسەر ئـەوەی کە کامەیان باشتر خزمەتی گەلو وڵات دەکات ئەوا ئەو ململانێیە ئەزموونێکی هەرەسهێنراو دەبێتو خەڵکیش لە بوونیان دەکەوێتە گومانەوە، ململانێی حیزبی لە کوردستاندا پێویستی بەدیدو بۆچوونو ڕوانگەیەکی نوێیە بۆ سیاسەت وەک سوهرابی سپهریگو وتەنی (بـا چاوەکانمان بشۆینو بەشێوەیەکی دیکە بڕوانین).







چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩